

**محەممەد سلێمانی**

## وتاری ١

# دکتۆر قاسملوو هێمای ڕێبەرێکی نەتەوەیی و مێژووی کوردە!

لە بیرەوەری ٢٥ ساڵەی تیرۆرکردنی سکرتێری گشتی حیزبی دیێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دکتۆر قسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی پیاوکوژانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لە وڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش لە سەر مێزی وتووێژ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ هەتاوی) دا . پێم باشتربوو ئەمساڵ بە شێوەیەکی ئەو تۆڕێز لە گەورەی و شکۆی بەرزی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد، شەهید دکتۆر قاسملووی نەمر بگرین کە شایانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو خەباتگێڕەی شۆڕشی نوێی کوردستان بێت. ئەو ٢٥ وتارە وەك وفایەک پێشکەش بەگیانی بەرزی دکتۆر قاسملووی نەمر دەکەم و بەو هیوای هەموو لایەک کار بۆ ئەوەی بکەن کە بکوژانی بدرێنە دادگاو سزای گەورەیان وەربگرن و سیماشارەوەکانی ڕێژیمی ئاخوندیش لە دۆخی ئێستادا بۆ جارێکی تر روی ڕاستەقینەیان ئاشکرابکرێ.

ورد بوونەوە بە نێو لاپەڕەکانی ژیان و خەباتی تێکۆشەرێکی ناسراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕاستیدا گرینگی و بایخی سیاسی و مێژووی هەیە و ڕۆڵی ئەو مرۆڤە ئەوەندە دیار و بەرچاوە کە جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سی دەیەی ڕابردوودا بە سیمای ئەو دەناسرێتەوە. ئەو مرۆڤە گرینگەی مێژووی هاوچەرخی ئێران شەهید د.قسملوویە. ئەمساڵ بەمەبەستی دەربڕینی ڕێزو وەفای بەرز بۆ گەورەیی و نەمری ڕێبازەکەی، بە پێشکەشکردنی چەند "کۆمەڵە وتارێکدا" تیشکە بخەینە سەر ژیانی پڕ لەبەرهەم و نیەتی تۆخکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. کۆی ئەو بابەتانەش پێشکەش بە هاوڕێیان و ڕێبواران و هاوبیرانی بەوەفای لە نێو بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و هیوای بەردەوامی و گەشەساندنی زیاتری خەباتی سیاسی کورد دەخوازین .

ئەوەندەی لەسەر ژیان و خەباتی ئەو مرۆڤە گەورەیە بنووسرێ و بگووترێ و تیشک بخینە سەر تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێشتا هەر کەمە و ناکرێت لە گەڵ فیداکاری و لەخۆبردووی ئەو

پیاوە لە پێناوی ئازادی نەتەوەکەیدا مقایسە بکرێ و دڵی ئەویندارانی ڕێگا و ڕێبازەکەی ئاسودە بکات.
ژیان و خەباتی پڕبەرهەم و بێوچانی سکرتێری گشتی حیزب وانە و ئەزموونی گەلێک بەنرخی لەخۆیگرتووە و ئەگەر بێت و بەشێوەی سادقانە و دوور لە دەمارگرژی و هەستی تۆڵە ئەستاندوە بە قوڵی بڕۆیە نێو لاپەڕەکانی تێکۆشانی سیاسی قاسملوویەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی لەسەربکرێ، بێگوومان سوودی زۆر بە نەوەی نوێ و داهاتوو دەگەیەنێت و وانەی ئەتۆمان فێردەکات کە بە چ ڕێگایەکی گونجاودا گەلی کورد بتوانێ بەرگری لە خاك و بەهانیشتیمانیەکانی بکات و هێڵە گشتیەکانی تابیەت بە قۆناخی سەربەخۆی سیاسی کوردستان گەشەی پێبدرێ و بیری دەوڵەت سازی بەهێز و تۆکمەتر بەکەین و کەڵکی تەواو لە قۆناخانەی خەبات وەربگرین کە لە بەرژەوەندی کورد دا دێنە ئاراوە.
قاسملوو یەکێکە لەو سەرکردەدیار و ناودارانەی کورد کە بۆ کورد ژیاو و هەر لە پێناوی بەختەوەری و سەربەستی کوردستانیشدا ژیانی بەنرخی خۆی فیدای ئامانجی سیاسی و نەتەوایەتی گەلەکەی کرد. بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکراویە کە دکتۆر قسملوو وازی لە ژیانی تایبەتی هێناو هەتا پلەوپایەی بەرزی خوێند و ناو و ناوبانگیشی وەلانا و گرینگی بە خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستاندا و لە ئاکامیشدا هەر ئەو ڕێگایەی هەڵبژراد. ئەو وەك مرۆڤێکی داکۆکیکاری مافی سیاسی نەتەوەکەی، دەستی لە هەموو دەسکەوتێکی شەخسی و بنەماڵەی کە زۆریش بەلایەوە پڕبایەخبوون وەلابنێ، لە پێناو ئامانجی سیاسی گەورەتردا.
قاسملوو وەك مرۆڤێکی خاکی و خەڵکی ژیانی تایبەتی خۆی بەژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی گۆڕینەوە و، هاوکات ژیانێکی زۆر سادە لە گەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە شاخەکانی کوردستان دەژیا و بەشێکی زێڕینی ژیانی خۆی تەرخانی ئازادی نەتەوە بندەستەکەی کرد و هەر لەو ڕێگایەشدا بەسەربەرزی سەری نایەوە.
دکتۆر قاسملوو لە داوێنی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر و نیشتیمانپەروەر لە گۆندی قاسملووی سەر بەپارێزگای ورمێ لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ هەتاوی چاو بە دونیای پڕ لە نابەرانبەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەڵێناوە.
خوێندنی باڵا کە تا ئاستی دکتۆرە لە بەشی زانستی ئابووری و سیاسی لە پڕاگ (چیکۆسلاڤاکی پێشوو) وەردەگرێ و پاشان لە یەکێک لە زانستگاکانی پڕاگ لە زانکۆ دەرس دەڵێتەوە.
ئەو پیاوە بەرز و دەگمەنەی مێژوو توانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای، بکاتەوە بەو هێزە گەورە و بە دەسەڵاتە، نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە ئاستی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا و خەڵکی کوردستان بە چاوی ئومێد و شانازییەوە پشتیووانی لێبکەن و هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی بە دەستپێکردنی سەرفەسڵی قۆناخێکی نوێ لە مێژووی سیاسی کوردستان سەیربکەن و هەرلەوکاتەیشدا بە جیگای هیوا و ئومێدی گەلی کورد لە سەر نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا دەرکەوت(کوردستان).

ئەو بەبەهەق ژیانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانبوو. دیتمان پاش شەهیدبوونی چ کارەساتێک بەگشتی بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانی ڕێکخراوەییدا هات لە کوردستان.

هێزە سیاسیە ئێرانی و کوردستانیەکان دەبینین بە چ شکلێکی لاواز تێدەکۆشن و، بەداخەوە دەورێکی ئەتۆیان لەسەر هەلومەرجی سیاسی وڵات بە شێوەی ڕابردوو نەماوە و هەست بەدوورکەوتنەوەیەیان دەکرێت.

دەوری مرۆڤی کارێزما و هەڵسوڕاوی سیاسی و نیشتیمانی لە سەر ڕەوتی خەبات ناکرێ بە هێندوەرنەگیرێ. ئەوەی دکتۆر قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیەکی گەلێک کورتدا ئەنجامیدا و گۆڕانی قولێ بەسەر کەشو هەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەدا هێنا و لێک تێگەیشتنی لەسەر مافی سیاسی کورد کردە بناخەی ئەو شۆڕشە نوێیە کە سەری هەڵدا لە پاش شکەستی حیزب و تێکچوونی کۆماری کوردستاندا.



محەممەد سلێمانی

## وتاری٢

### دکتۆر قاسملوو بەهەق وەك" زانكۆی ڕۆشنبیری بزووتنەوەی کورد وایە"!

ڕۆلی قاسملووی لە سەر جووڵانەوەی نیشتیمانی کوردستان بۆوەتە بەشێکی گرینگ لە خەباتی سیاسی گەلی کورد و کۆمەڵگای کوردستانیش زۆر بەسانای ناتوانێت تێکۆشانی پڕلە شانازی و بەنرخی دکتۆر قامسلوو لە بیربکات و وانەو ئامۆژگاریەکانی لە سەر شکڵ و فۆرمی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو نەگرێ بەمەبەستی بە هێزترکردنی خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی کە بنەماکانی لەسەر بەرژەوەندی گشتی داڕێژراوە.

کاتێک لە وڵاتێکدا جووڵانەوەیەکی بەهێزی سیاسی ڕێبەرێکی بوێر و بلیمەت کە شارەزای وردی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی گێتی و ئەو ناوچەیەبێ، کە ڕێبەرایەتی خەباتی تێدا دەکا و پشت بە هێزی لەبڕاننەهاتووی گەل ببەستێت و پشتیوانی گەلی خۆی لە پشت بێ. محاڵە شۆڕش لەو هەرێمەدا بەرەوکاڵبوونەوە و لاوازی هەنگاو بەرەوداوە بهاوێژێت و خەڵکی وڵاتەکەی تۆشی نائومێدی بکا یان بەپێچەوانە گەل لە ڕەوتی تێکۆشانی سیاسیدا، لە هاوکاری و پشتگیری بێبەشیبکات.

دکتۆر قاسملوو بەهەق وەك" زانکۆی ڕۆشنبیری بزووتنەوەی کورد لە مێژوودا دەرکەوت" و هەوڵیدەدا لە ڕێگای ئەو تێکۆشانە نوێ و تەشکیلاتیەی بە پشتیووانی خەڵکی کوردستان دەستی پێکردەوە خەباتی کورد بە ئاکامی خۆی بگەیەنێت. بنەمای فیکری دکتۆر قاسملوو ئەوەبوو کە مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی گەلی کورد بە شێوەی گشتی لە دەستووری ئێراندا ڕەنگبداتەوە و بۆ هیچ لایەک قبوڵ ناکرێ مافمان لەبەرچاونەگیری و وەك هاوولاتی پلە دووهەم سەیر بکرێین. دێمۆکڕاسی سیاسی و دەدپەروەری کۆمەڵایەتی و پشتیووانیکردن لە فیکری مودیریەتی بەکۆمەڵ لە نێو حیزب و ئۆرگانەکانی تری حیزبیدا، بەگرینگترین لە پایە فیکریەکانی دکتۆر قاسملوو دەژمێردرێن لە نێو بزووتنەوەی نوێی گەلی کورد دا. بەڕاستی ڕێبەرێکی بێهاوتا و بلیمەتی سەردەمیخۆیبوو. ڕیشەی بیروباوەڕە دیمۆکراتیکەکانی بەباشی بە نێو خەڵک و چین و تووێژە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو بۆتەوە و ڕێژەی بەرچاوی خەڵک ئێستایش پشتیووانی لە ڕێبازی سیاسی ئەو مرۆڤە تێکۆشەری کورد دەکەن و وەك ئەستێری پڕشەنگدار لە مێژوودا دەدرەوشێتەوە و خەباتەکەی تابەدی هاتنی ئامانجە کانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی لە کوردستاندا درێژەی دەبێ. ئەو ڕێچکە فیکرییە نوێیە کە قاسملوو لە کوردستان دایهێناوە،

بەردەوامی هەیە و هیچ کەندوکۆسپێک ناتوانێ پێشی ڕەورەوەی خەبات خەڵکی کوردستان لە پێناو ئامانجی سیاسیدا بگرێ و کۆمەڵانی خەڵک بەرەو نائومێدی بەرێ.

قاسملوو شارەزای دەگمەنی لە پەیوەندییە سیاسی و دیپڵۆماسیە نێونەتەوەیەکاندا هەبوو و لەو ئاستەشدا کێشەی کوردی باش بەرەو پێشبرد و کاری چەندین ساڵەی کە پێشتر هەلومەرجی بۆ نەڕەخسێندرابوو، بە ڕێگای کوردتردا بەئاکام گەیاند و دۆستی زۆر ناوداری لەو پەویەندیەدا بۆ کورد و کێشەڕەواکەی پەیداکردن. ئەو کەسایەتیانەی جیهان ئەو دۆستە بەنرخانەی کوردن کە ئێستاش بە پەرۆشەوە چاوەدێری بەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان دەکەن و لایەنگری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی پرسی کورد دەکەن لە چێوار چێوەی ئەو ولاتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردوە. لایەنگری و پشتیووانی دۆستەکانی دکتۆر قاسملوو لە گەلی کورد ئێستا هەتا سنووری سەربەخۆی کوردستان گەشەیکردوە.قاسملوو مرۆڤێکی بیرمەندی فەلسەفی و تێکۆشەرێکی ڕاستە قینەی ڕێگا و ڕێبازی خەباتی نەتەوەییبوو و چەمکە فیکریەکانی ئەعبیر بوون لەو شۆڕشەی کە لە کوردستان دەستی پێکرابوو لە پێناو ئەستاندنی مافی سیاسی کورددا.

لە دەستدانی ڕێبەرێکی ئەو تۆ، بێگوومان برینێکی گەلێک قوڵی خستە سەر جەستەی جووڵانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. دەورو گاریگەری دکتۆر قاسملوو لەسەر شۆڕش ئەو هەلومەرجەی پێک هێنا کە بە شێوەی ئاکادیمی و زانستیانە "سیاسەتی نەوژەنکردنەوەی بزووتنەوەیی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستپێکرد و هەموو هێما تەقلیدیەکانی ژیانی ڕێکخراوەی گۆڕی و دەرگایەکی نوێی بەروی کاری حیزبیدا کردەوە " .

دکتۆر قاسملوو ئەو تێکۆشەری کوردە کە شیاوی هێمای ڕێبەرێکی نەتەوەیی و مۆدێرنی مێژووی سیاسی کوردستانە و بە هۆی بوونی زۆر تایبەتمەندی دیارو بەهێزی ،وەک تێکۆشەری ماندونەناسی ڕێبازی ئازادی و سەربەستی کوردی بناسێنین و هەرلەو پەیوەندیەشدا پێشنیاری سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبری بە نێوی" قاسلمووی هەمیشە لە ڕێبازدا زیندوو بکەینەوە و" وانە و باسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی بخرێنەوە بەرچاوی نەسڵی نوێ کە ئێستا بە وشیاریەکی زۆرترەوە بەشداری لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە کوردستان دەکەن.

کوردستان ئەو شوێنەبوو کە لە ئێراندا بە سەنگەری بەرگری و دێمۆکراسی سەرانسەری ناوبانگی ڕۆیشت و زۆر بەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران چاوی هیوایان بڕیبۆوەسەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان کە بەدژی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران حدکا دەستی پێکردبوو و هەتا دەهات شەپۆلەکانی بەرفراونتر و بەهێزتر دەردەکەوتن. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بەهۆی دانای و بیرمەندی ڕێبەرەکەیەوە(د.قاسملوو) توانی زۆر لێبڕاوانە بەرگری لە خاکی کوردستان بکا و گەلی کورد لە مەترسی لە نێوچوون بپارێزێت و کۆمەڵانی هەروای کوردستان بەرەوئامانجی گەورەی سیاسی لە دەوری بەرنامەی حیزب کۆبکاتەوە.



محەممەد سلێمانی

## وتاری ٣

### بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دکتۆر قاسملوویەوە دەناسرێتەوە.

ئەگەر حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی دکتۆر قاسملوو نەیتوانی شۆڕشی کوردستان بە ئاکامی خۆی بەگەیەنێت وەك ئەوەی گەلی کورد چاوەڕوانیاندەکر و خەونی هەمیشەیانبوو. بەڵام ئاکامی ئەو شۆڕشە لە کوردستان ئەوەبوو کە ئومێدی لای هەموو لایەك دورستکردەوە کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد تاوەدی هاتنی ئامانجەکان درێژەی دەبێ و مل بۆ ئاخوندەکان نەوی ناکرێ و گەلی کورد بەردەوام دەبێ لە شۆڕشکردن و بەربەرەکانی کردنی حکوومەتی ئاخوندی ئێران.

بێگومان ئەو پەیامەیش کە خەڵکی کوردستان بەردەوامدەبێت لەسەر خەبات تا سەلماندنی سەرجەمی ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ، بەگوێی ئاخوندەکان گەیشت و دڵنیابوون لە خۆڕاگەری گەلی کورد. دواجار بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرشیانبۆسەرکوردستان دەستپێکرد و ژمارەیەکی زۆر لە زەحمەتکێشانی شارو لادێیان شەهید کرد و گوندی زۆریش سوتێندران یان کاولکران و خەڵکەکەیش بەزۆر بۆ شوێنی تر ڕایانکرد یان ڕاگوێزران.

خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژینەی خۆی ڕۆڵەی زۆر بەنرخی پێشکەش بە بارەگای ڕزگاری کوردستان کردوە و خوێنی زۆری لێچۆڕاوەتەوە و هەر زامەیش بێگومان قوڵیخۆی لەسەر جەستەی نیشتیمانی داگیرکراودا، بە جێهێشتووە و بۆماوەیەکی درێژ ئاسەواری نالەباری لە سەر پاشەڕۆژی خەبات دیاربووە.

بەڵام گەلی کورد هەرگیز دەست بەرداری مافی سیاسی نەبووە و بەخێرای خەبات لە ناوچەیەکی تری کوردستاندا بەدژی داگیرکەرانی سەری هەڵداوەتەوە و شەپۆلەکانی شۆڕش دوژمنی زۆر هەراسان و نیگەرانکردۆتەوە.

کاتێک باس لە" وشەی ڕێبەر" لە مێدای کوردیدا بەرگوێمان دەکەوێت، هەستێکی بەرزی نیشتیمانی و مێژووی سەرەتاپای جەستەمان دادەگرێ و دەپرسین ئاخۆ کام لەو تێکۆشەرانەی کورد دەگرێتەوە یان لەسەر ئەساسی چ پێوانە و میکانیزمێک ئەو نازناوە بۆ کەسایەتیەکی سیاسی و مێژووی کورد بەکاردەهێنرێ و ئەو کردارە چ ڕەنگدانەوەیەکی لە نێو خەڵکدا لێدەکەوێتەوە و بەچ شێوەیەک هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ.

دکتۆر قاسملوو بە" ڕێبەری فەلسەفی  و کرداری "کورد ناوبانگی بەهەموو کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و  کە بۆ گەل ژیا و لە پێناو خەڵکەکەیدا ژیانی پێشکەش بە ڕێگای ئازادی کوردستانکرد و ئێستا وەك ڕەمزی روناکبیری سیاسی و خەباتگێڕێکی دەگمەن لە مێژوودا سەیردەکرێ و کەمکەس هەیە گەورەی ئەو ڕێبەرەی نیشتیمانیەی هەست پێنەکردبێت و تاڕادەیەك ئاشنای کارو خەباتی نەبووبێت. ئێستاش زۆر کەسایەتی ناوداری دونیا هەن کە" بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دکتۆر قاسملوویەوە دەناسنەوە و شۆڕشکەیش بە بەرهەمی ئەو دەزانن". وەختێک باس لە گەشەکردنی شۆڕش دەکرێ و چاوبەدەسکەوتەکانی ئەو خەباتەدا دەگێڕی، بێگومان کەسایەتی دکتۆر قاسملوو بەدرەوشاوەی دەکەوێتە بەرچاو و ئەو شۆڕشە بەهێز و بەربڵاوەمان دێتەوە بیر کە بەدژی حکوومەتی کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران لە کوردستان  ڕێکخراوە  بۆ ئەوەی کێشەی کورد بەرەو چارەسەرکردن بەرێت و لەلایتریشەوە  بەجیهانی بکرێت.
هێزی پێشمەرگەی دێمۆکرات ئەوەندە بەربڵاو  و بە هێز بەدژی سیاسەتی ڕێژیمی ناوەندی چالاکی سیاسی و نیزامی ئەنجامدەدا، زۆر جاران دەسەڵاتی تارانی دەهێنایە کوردستان بۆ ئەوەی لەسەر پرسی سیاسی کورد لە گەل نوێنەرانی کورد و حیزبی دێمۆکرات کە بەداینەمۆی ئەو شۆڕشە نوێیە ناسرابوو، گفتووگۆی  سیاسی ئەنجامدەدرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەک بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەبدۆزنەوە و پێش بەو شەڕەداسەپاوەبگرن کە ڕێژیمی ئاخوندی بە دژی گەلی کوردی ڕاگەیاندبوو. ئەو کات ڕێژیم کاتی بەفێڕۆدەدا و بەرنامەی پڕچەکردن و ڕێکسختنەوەی هێزەکانی کردبوو بەکرداری بنچینەی هەتا لە دواڕۆژدا بەگژی کوردیدا بکات و، کوردستان بگرێتەوە.
هەرچەندە دانیشتنەکان ئەو کات  ئاکامێکی ئەوتۆیان لێنەکەوتەوە  و ڕێژیم بەئاشکرا مەسەلەی نەتەوایەتی لە دەستووری وڵاتدا خەت بەسەردا هێنابوو. دکتۆر قاسملوو زۆرجار بەروونی لە بارەی  وتووێژەوە دەیگووت: "کاتێک بەهێزی، دەتوانی لەو ڕێگایەوە دژمنەکەت ناچار بکەی گوێت لێبگرێ، ئەگەر داواکانیشت جێبەجێنەکات و هاوکات  دەتوانی دەسەڵاتی مەرکەزی لە داواکانی خۆت ئاگادار بکەیەوە و تێیان بگەیەنی کە مافی تۆ چیە".
دکتۆر قاسملوو بەو شێوەیە شۆڕشی لە کوردستان دەستپێکردو، هەتا لە ژیاندامابوو ئەو خەباتە بە شکڵێکی زۆر دیار و چالاك دەچۆوەپێش و لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستان خەبات پەرەی ئەستاندبوو.
وشەی ڕێبەری نەتەوەی  وەك تایبەتمەندییەکی بەرزی ژیانی شۆڕشگێڕانە ، ئاوێتەی کەسایەتی دکتۆر قاسملووی نەمر بووە و خەڵکی کوردستان زۆر بەشانازییەوە، بەشایستەی  ڕێبەری نەتەوەی دادەنێن. دکتۆر قاسملوو ئەو کەسایەتیە نیشتیمانیە بوو کە ڕێڕەوی  بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی "ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کوردی تێدا بەرجەستەکرد و هەنگاوەکانی بەوئاڕاستەیەدا خێراترکرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا " و زۆر بە لێهاتووی  ڕێبەری ئەو شۆڕشە نوێیەی کرد کە لەسەر دەستی ئەو سەری هەڵدابوو، بەدوای تێکچوونی حکوومەتی کوردستان  و بڵاوەلێکردنی ڕێکخراوەکانی حیزب پاش داگیرکرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی شای ئێرانەوە.



محەممەد سلێمانی

**وتاری٤**

## دکتۆر قاسملوو چەمکی" فرەنەتەوەی بوونی ئێرانی" هێنایە گۆڕێ!

دکتۆر قاسملوو لە مێژووی سیاسی ئێراندا ئەو راستیەی بۆ هەموو لایەک سەلماند کە لە ئێراندا جگە لە نەتەوەی فەرمانڕەوای فارس پینج نەتەوەی تر دەژین و زۆر ئازایانە و شۆڕشگێرانە چەمکی" فرەنەتەوەی بوونی ئێرانی" هێنایە گۆڕێ و مێدیای ئەو سەردەمی وڵاتی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد. ئەو فیکرە گەلێک تازە بوو و زۆر لایەنی ئێرانی تۆشی شۆک کردن و بەزەحمەت دەچوونەژێربارى ئەوەی کە بڵێین لە ئێراندا کورد و نەتەوەی تریش دەژین و دەبێ مافی سیاسی و نەتەوایەتیان پێبدرێ.

لەئێستادا گەلی کورد زۆر ئازایانە و بە شێوە و فۆرمی جیاجیا پشتیووانی لە خەباتی خۆیان لە کوردستان دەکەن و بەکردەوە داوای گۆڕانکاری لە نێو جومگەکانی دەسەڵات لە ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانیان وەك پرسێکی گرینگ هێناوەتە گۆڕێ و بەو پەڕی ژیریەوە باس لە مافی سیاسی دەکەن و بەئاڕاستەی خەباتی پارلمانیداپشتیووانی گۆڕانکاری نوێ دەکەن لە ئێراندا. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وەک سالانی ڕابردوو شۆڕشی کوردستان بەبارگرانی و قورسای، بەسەرشانی خۆیانەوە سەیر ناکەن و بەڵکو بە بەرهەمی زۆر گرینگی خۆیانی دادەنێن و هاوکاری و پشتیووانی لێدەکەن.

وشیاری سیاسی و نەتەوەی لە کورستاندا، مێژوویەکی زۆر کورتی هەیە و لە دوو دەیە تێپەر نابێت، خەڵکی کوردستان هیچ کاتێک بە ڕادەی ئێستا پشتیووانی خەباتیان لە پێناو ڕزگاری نەتەوەییدا نەبینراوە.

ئاستی خواستە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی کورد زۆر بەرزبۆتەوە و هەمووی خۆی لەوخاڵەدا دەبینێتەوە کە ئێرانی داهاتوو دەبێت هی هەموو لایەک و نەتەوەکانی وڵات بەگشتی بێ و بێئەوەی هیچ کام لە نەتەوەپێک هێنەرەکانی وڵات لە پرۆسەی سیاسی نوێدا هەست بە سیاسەتی پەراوێزخستن بەکەن. زەرەورەتی ئێران ئەوەی دەخوازێت حکوومەتی پاش داڕمانی ڕێژیمی ئێران لەسەر تەوافوق و هاوبەشی سیاسی بێ و حکوومەتێکی بنکەفراوانی نیشتیمانی دابمەزرێ و دەستووری وڵات مافی بەرانبەر بدات بە هەموو ئەو گەلانەی کە لە مێژساڵە لە سنوور و سەراوردە جوگڕافیاکانیدا دەژین کە بە نیشتیمانیان ناسراوە و وڵاتی ئێرانیش پێکهاتەیەکی فرەنەتەی هەیەو ناکرێ ئەو مەسەلەیە لە بیر بکرێت.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی سیاسی و مێژوویە و ئەگەر بێت و نەتەوەیەک حاشالە چەمکی فرەنەتەوی وڵات بکات، بێگومان ناتوانێت لەڕێگایەوە لایەنگری سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات بەدەست بخات، بەڵکوو وڵات بەرەو قەیرانی نوێ دەبات و هیچ لایەک ئەو جار ناتوانێ چاوپۆشی لەو مەسەلەیە بکا. لە ئێرانی فیدراڵ و دێمۆکراتیک دا هێزێک قبووڵ ناکرێت بە سیاسەتی هەڵاواردن و پەراوێزخستن بیهەوێت وڵات بەڕێوەبەرێت و "بە شعاری ئێمە هەموومان مسوڵمانین و ئێرانین یان لە ژێرناوی ئێمە لە پاشماوەی بابە گەورەی ئارییاین " بیروڕای گەلانی وڵات لەسەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکان بەلاڕێدابەرێت و کێشەی نەتەوایەتی پشتگوێ بخەرێتەوە.
چوونکی ئاستی وشیاری سیاسی کۆمەلانی میلیونی خەڵکی وڵات ئەو جارەیان ئەو دەرفەتە بە هیچ هێزو لایەنێک نادەت کە بەپێچەوانەی ئیرادەیان گەمەی سیاسی بە چارەنووسی هاووڵاتیان بکا و ویست و ئامانجی لایەنەکان لەبەرچاونەگرێت و حکوومەتی تاکڕەوی فاشیستی کە نوێنەرایەتی کەمایەتیەکی زۆر بچووک لە ئێراندا بکا، حکوومەت دابمەزرێتەوە.
نەخشەی سیاسی و ئیداری ئێران دەبێت بە ئیشتیای گەلانی وڵات بێ ، بۆ ئەوەی جارێکی تر دەستە و تاقمێکی دیکتاتۆر و پشکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاست خۆیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئیراندا فەرزنەکەن و حکوومەتێکی دێمۆکراتیکی بنکەفراوانی نیشتیمانی دابمەزرێت کە هەموو ڕەنگەکان هەست بەبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بکەن لە حکوومەتی نوێ دا و مافە سیاسی و نەتەوایەتیەکان کە هەتا سنووری سەربەخۆی سیاسی بڕوات لە دەستووری ئێراندا وەك مافی سیاسی و نەتەوەی جێبگرێت.
دەستووری وڵات لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن و لەبەرچاوگرتنی مافی یەکتری دابڕێژرێ و دەسەڵاتی حوکمڕانی کە دەسەڵاتی فیدراڵ بڕیاری لەسەر بدات، دەسەڵاتی هەرێمی بە بەشەکانی ئێران بدات کە نەتەوەی وەک کورد و ئازەری و عەرەب و بەلوچ و... تێدا دەژین.
ئەو بەرنامەی کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی پاشایەتیدا، دکتۆر قاسملوو وەك بیروباوەڕی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، پێداگری لەسەر دەکرد و زۆر لێبڕاوانە لە ئاستی ئیراندا تێدەکۆشا بۆ ئەوەی کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی بەمەبەستی بەدی هێنانی بەدەست بێنی ، بەڵام بە هۆی لاوازی و کزی هەستی نەتەوایەتی لە بەشەکانی تری وڵاتدا بێ نەتیجە بوو.
خاڵی جێگای سەرنج و گرینگی ئەو بەرنامەیە دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر ناوچە خودموخیاریەکاندابوو(هەرێمەکان) و هەروەها سیستمی سیاسی و ئیداری بەجۆرێک ڕێکبخرێ کە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەموو گەلانی تێدالەبەرچاوگیرابێ و لە روی جوگرافیەوە سنووری هەرێمە سیاسیەکان دیاری بکرێ.
بەڵام بەداخەوە زۆر دژوار بوو لە بەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فرە ڕەهەندی و ئیدئۆلۆژی فیکری سیاسی لە نێوان هێز و لایەنەکاندا، کاربۆخاڵی هاوبەش بکرێ و بەڵکوو هەرلایەنێکی سیاسی بەجۆریک خۆی بە میعوەری چارەسەرکردنی کێشەکان دادەنا و بەرنامەی خۆی پێشیاوتربوو لەوەی تریان.

لە ڕەوشی ئەوسای ئێراندا، ڕێبەری گەورەی سیاسی و مێژووی کورد دکتۆر قاسملوو خەمی ئەوەی هەڵگرتبوو کە بەهەر ڕێگایەکی مومکیندابێ، بیروڕای هێزە سیاسیە سەرانسەری و کوردستانیەکان بۆ لای خاڵی هاوبەشی تیکۆشان و ڕاوەستان لە بەرانبەر ڕێژیمدا بە دەست بێنی و بەهەماهەنگیەوە لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا وتوویژ دەست پێبکەن یان لە ئەگەری پەلاماردانەوەی ڕێژیمدا بەرگری لە دێمۆکڕاسی سیاسی و مافە نەتەوایەتیەکان بکرێ.



**محەممەد سلێمانی**

**وتاری٥**

## دکتۆر قاسملوو مەرجەکانی نەتەوەبوونی لە ئێراندا سەلماند!

دکتۆر قاسملوو بە دانای خۆی توانی زۆر شارەزایانە بەرنامە و ستراتیژی سیاسی حیزب دابڕێژێ و فەزایەکی ئەوتۆی لە کوردستان پێک هێنا کە گەلی کورد بۆ جارێکتر نەکەوێتەوە ژێر تەوژموو و کاریگەری ئەو فیکرو ئیدۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کە بەو هۆیەوە زیان بە دەسکەوتەکانی بگەیەنێت و لە جیاتی پارێزگاریکردنی لە مافی سیاسی خۆی، بەشێوەی تر بسوتێ و خەبات بکات.

بەڵام بە هۆی دابەش بوونی هێزەکان بەسەر بیرو ئیدئۆلۆژی جیاوازدا کە خۆیان لە دەستە چەپ و میللی و دێمۆکڕات و مەزهەبی دا دەبینیەوە زەمینەی لێک کۆبوونەوەیان نەڕەخسا و هەتا بۆ دژایەتی لە گەڵ حکوومەتی ناوەندیشدا لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەتایەبەت شەخسی دکتۆر قاسملوو ڕێکنەکەوتن و هەتا هێندێک لە حیزبەکان پشتیووانی سیاسەتی حکوومەتی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانیان دەکرد و ئەو بڕیارەیان بە هەڵبژاردنێکی گونجاو دەزانی.

حیزبی توودە یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانەی خۆی بەلایەنگری خومێینی دادەناو بەدەلیلی ئەوەی ڕێژیمی ئێران شیعاری مەرگ بەر ئەمریکای بەرزکردۆتەوە و دژی بەرەی سەرمایەداری دەوەستێتەوە. ئەوان لایەنگری لە حکوومەتی نوێ دەکەن و ئامادەن بەرگری لە وڵات بکەن لە بەرانبەر ئەو مەترسیانەی روبەرووی ئێران بکرێتەوە، کە خومێینی و داروودەستەکەی بەخراپترین شێوە فەرمانی حوکمڕانی بەسەردا دەرکردبوو.

ڕووداوەکانی ئێران لە پاشان ئاکامەکەی بینرا و کۆمەڵێک بەدرەنگەوە لێی تێگەیشتن و، توودەیەکان لەبنەڕەتدا هەڵوێستیکی بەتەواوی نابەرپرسیارانەیان گرتبوویەوە بەر و پاشان لە هەڵویستی هەڵیان گەیشتن سەبارەت بە رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئیران. کاتێک ڕێژیم لە ئێراندا جێ پێیخۆی قایمکرد و بەرەو بەهێزی هەنگاوەکانی دەچۆوەپێش ،توانی بەباشی مشووری موخالیفانی و بەتایبەت توودەیەکان بخوات و بەڵای زۆر گەورەی بەسەرداهێنان کە تائێستایش لە ژێرقورسایەکەیدا نەیانتوانی پشتیان ڕاست بکەنەوە.

دیارە ئەو هێزە و دەستانەیش کە وەك حیزبی توودە بیریان دەکردەوە و لەو زاویەوە سەیری بارودۆخی وڵاتیان دەکرد، بە تێپەڕ بوونی زەمان بەسەر رووداوەکانی وڵاتدا، لە ڕاستی و دروستی

هەڵسەنگاندن و هەڵویستی سیاسی حیزب تێگەیشتن و دەرکیان بە تێڕوانین و خوێندنەوەی دروستی حدکا و لێکدانەوەی هەڵەیخۆیانکرد. کە تاڕادەیەک پشتیووانیان لە سیاسەتی حکوومەتی خومێنی کردبوو، وەک نموونە لێرەدا باسی حیزبی توودەی ئێران کراوە و ئەوەندەش کافییە وەک هێزێکی گەورەی ئێران و جێگای نیە بەدرێژی باسی ئەو بابەتەبکرێ.

حیزبی دێموکڕات پێیوابوو گەلانی ئێران ئەگەر لە نێوخۆیاندا یەکگرتوو و هاوبەشبن لە بڕیاردانی سیاسی لە پەیوەندی لە گەڵ بارودۆخی ئێراندا، لەلایەک لەرووی هێزەوە پانتای گەورە و بەرینتر دەکەن بە شوێنی تێکۆشانی خۆیان و ئەوکات حکوومەتی ناوەندیش باشتر گوێ بۆ داواکاریەکان دەگرێت.

لەلایتریشەوە دەرفەتێکی باش دێتە پێش کە خۆیان لەسەر مەسەلە ئەساسیەکان بڕیاڕبدەن و چارەنووسی وڵات بەو دەستەیە نەسپێرن کە لە چاخی بەردیندا بیردەکەنە و بڕوایان بە ئێرانی فرەنەتەوەی و فرە ڕەنگی سیاسی نیە و بەردەوامن لەسەر سیاسەتی فاشیانەیان و مەسەلەی نەتەوایەتی گەلانی وڵات و ماف و ئازادیە سیاسی و نیشتیمانیەکنیان پاشتگوێ بخەن و بە هێندی وەرنەگرن.

ئەو کات ڕۆژانە بە بەردەوامی ئینکاری ئێرانی فرەنەتەوەییان دەکرد و کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم لە کۆبوونە و خوتبەی هەینیاندا، بەرروونی سیاسەتی خۆیان سەبارەت بە کیشەی نەتەوەی دەخستەڕو و دەیانگووت لە ئێراندا تەنیا" فارسەکان لە رووی پێک هاتەو و مێژوویەوە شانازی و مەرجەکانی نەتەوەبوونیان بەتەواوی تێدا هەیە".

بەقسەی دەسەڵاتدارانی ئێران ، یانی کورد و ئازەری و تورکەمەن ... ئەو ئەسڵەیان تێدا نیەو ناکرێ وەك نەتەوەی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و بکرێنە هاوبەشی سیاسی لە بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی ئێراندا. بەداخەوە ئێستایش ئەو بیرە فاشیستیە لەلای زۆر لە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی فارس زمنادا هەیە کە چاویان لە ئاستی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا بنوقێن و ئەو مەسەلەیە نە سەلمێنن.

دکتۆر قاسملوو لە ڕەوشی ئەوکاتی وڵاتدا هەوڵی چڕوپڕی دەستپێکرد بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ خەڵکی کوردستان و گەلانی تری وڵات ڕوونبکاتەوە کە بێجگە لە فارس پێنج نەتەوەی دیکە لە ئێرندا بوونیان هەیە وەک ئازەری و کورد و تورکەمەن و عەڕەب و بەلۆچ. خومێینی زۆر بەوە تووڕە و بێزاردەبوو کە حدکا و دکتۆر قاسملوو دەستیان بە تیکۆشانی سیاسی کردوە،بۆئەوەی بەرچاوروونی زۆربخەنەپێشچاو لەسەر ئەو مەسەلەیە( ئێرانی فرەنەتەوە) و لە نێو خەڵکدا ئەو فیکرە بڵاوکردۆتەوە. کاربەدەستانی تاران بە ناو هێنانی چەمکی فرەنەتەوەی ئێران زۆر تووڕەو بێزارن و هەتا ئێستاش باس لەو پرسە ناکەن و ئەگەر لایەنێک یان دەستەیەک باسی بکات بە توندی وڵامی پێدەدرێتەوە و حاشا لە پرسی نەتەوەی دەکەن.

بەڵام بەداخەوە زۆر کەس و هەتا هێزە چەپەکانیش کەوتنە ژێر کاریگەری سیاسەتی فریودەرانەی کاربەدەستانی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی تاران و ئەوەندە زەحمەتی بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی وڵاتیان بە خۆیانەدا هەتا لە نێوەرۆکە مەسەلەکەی تێبگەن و بە سانای شوینپێی ڕووداوەکان کەوتن و لەو نێوەدا سەری خۆیاشیان بێکڵاو مایەوە.

پــاش تێپەڕبــوونی کـــات هەمـــوو ئەو هێــزانە هەســـتیان بە هەڵوێســـتی هەڵەی سیاســـی و ڕێکخراوەیانکرد و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەو تاقیکردنەوەیەشدا بە هۆی بیریاری قاسملوو سەربەرزدەکەت و حیزب بەدرێژای مێژووی دامەزراندنیەوە بە شکڵێکی زۆر شێلگیرانە لەســەر هەڵوێســتی سیاســی و نەتەوەی خـۆی کە حکــوومەتێکی دێمۆکراتیــک کە تێیــدا مــاف و ئـازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی گەلی کورد لە ئێران دابین بکات ، پشتیوانی لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕە نوێیەکانی وڵات دەکرد.

سیاسەتی حیزب زۆر روون وئاشکراو بەرچاوبوو لە بەرانبەر ڕێژیمی ئاخوندی ئێراندا و دکتۆر قاسملوو بە ڕاشکاوی ئەو پەیامە سیاسی و نیشتیمانیەی بڵاوکردبۆوە، وەك بیرو باوەڕی حیزب کە ئـێمە کاتێک پشتیووانی لە رەوتـی رووداو و ئـاڵوگۆڕە بنەڕەتیەکـانی وڵات دەکەیـن کە کـورد بە مــافی سیاســی و نەتەوەی گەیشــتبێ و لە دەســتووری وڵاتــدا بەفەرمــی مــافی سیاســی کــورد جێگیربکرێ و ئەو بابەتە سلمێنرابێت.

ئەگەر نا ئێمە هەڵوێستی سیاسی و نیشتیمانی خۆمـان لە سەر ئەساسی بەرژەوەندی نەتەوەی دەبێت و تاوەدی هێنانی مافی سیاسی لە چوار چێوەی ئێراندا ، خەبات دەکەین و بەردەوامیش لایەنگری ئاشتیانەی کێشەی سیاسی کوردین.

قاسملوو بە خێرای لە نیازخراپی حکوومەتی ناوەندی ئێران تێگەیشت کە دەسەڵاتدارانی تازەی ئێـران بە هـیچ شـکڵێك باوەڕیـان بەمەســەلەی نەتەوەی و دابینکردنــی مـافی سیاســی گەلانــی ئێرانـدانیە و بەڵکوو بەرنـامەی ئەوەیـان هەیە تـاکڕەوانە و بە حیزبـی ئیسلامی وڵاتـی گەورە و فـرەنەتەوەی ئێـران بەرێـوەبەرن و حیسـاب بـۆ پـێگە و نفـوزی لایەنەکـانی تـری وڵات نەکەن.

بەداخەوە لە کۆتاییدا سەرانی ڕێژیم هەر ئەو بڕیارەیاندا و شەڕیان بەسەر گەلی کورد و گەلانی تر دا سەپاند کە تائەمڕۆیش ئەو خەباتە درێژەی هەیە لە کوردستاندا.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەدرێژای مێژووی ڕۆڵی گرینگی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا گێڕاوە و بەردەوام حیزب ڕایگەیاندوە کە ئەوان لایەنگری ئاشتیانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی سیاسی کـوردن لە چـوار چێـوەی ئێرانـدا و دکتـۆر قاسـملوو وەك سیاسـیەکی دیـار هەوڵیـدەدا لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی بە ڕێگای ئاشتیدا ئەو پرسە یەک لاییکاتەوە.

بەمەر جێک حکوومەتی مەرکەزی ئێران وێڕای گۆڕنکاری سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی مافی سیاسی گەلی کورد دابین بکات و دەستوور وەك ناوەندێکی شەرعی مافی سیاسی هەموولایەکی تێدا ڕەنگبداتەوە و لەسەر بناخەی هاوبەشی سیاسی و ئیداری، پێک هاتنی گشتی بکرێ و دەسەڵاتی سیاسی لە مەرکەزدا کۆنەکرێتەوە و سەڵاحیەتی بەڕێوەبردنی وڵات دابەشبکرێ بەسەر هەرێمەکانی تردا.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری٦</u>**

## دکتۆر قاسملوو بەکردەوە شۆڕشی  ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەهێزکرد.

دیارە ڕێبەری نەتەوەی دکتۆر قاسملوو پاڵەپەستۆی باشی خستبوویەوە سەر ڕێژیمی خومێینی  لە ڕێگای ئەو بزووتنەوە بەرین و بەربڵاوی کە هەموو کوردستانی گرتبۆوە و خومێینی نەیدەتوانی بە ڕێگای سیاسی و لێک تێگەیشتنەوە ئەو پرسە چارەسەربکا. هەربۆیە بەخێرای بڕیاری بەهێزەکانیدا پەلاماری کوردستان بدەن و داگیری بکەنەوە و لە دەستی هێزی پێشمەرگەی دەربێنن. داگیرکردنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات  بۆ  ڕێژیمی ئەوسای خومێینی بەنرخێکی گرانتەواوبوو و چاوەڕوانی ئەوەنەبوون کە خەڵکی کوردستان بەو شێوە ئازایەتیەوە پارێزگاری لە خاکی خۆی دەکات. دکتۆر قاسملوو لە مەیدانی سیاسی و دیپلۆماسی دا تەنگی بە حکوومەتی ئاخوندی ئێران هەڵچنیبوو و سیمای ئەو ڕێژیمەی وەک خۆی بە بیروڕای گشتی دونیا ناساند کە ڕێژیمیکی دیکتاتۆرە کە هەموو پێوەر و بەهامرۆڤیەکانی پێشێلکردەو و نیزامێکی بەتەواوی ناتەبایە لە گەڵ روحی دێمۆکڕاسی سیاسی و حوکمڕانی ڕەها. خومێینی و هاوبیرانی لەسەر ئەوەی کۆک و یەک دەنگبووون کە دژایەتی  فرە ڕەهەندی سیاسی و نەتەوەی لە ئێراندا بکەن و، پرسی نەتەوەی بە هێند وەرنەگرن و بەلایانەوە بابەتێکی نێو خۆی و زۆر پچووک و کەمڕەنگە لە ئێراندا تەماشای بکەن.

 بەهۆی وشیاری سیاسی و خوێندنەوەی دروستی دکتۆر قاسملوو لەسەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران ، بەخێرای لەو ڕاستیە گەیشت کە کاربەدەستانی ئێران لایەنی تاکتیکیان لە ناردنی وەڤدی دانوسانکار بۆ کوردستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی کورد دیاری کردوە و نێوبەنێوە  دەنێرنەکوردستان بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆبدەن و کات بەدەست بێنن بۆ ئەوەی خۆیان بەهێز بکەن ئەوجا پەلاماری کوردستان بدەنەوە. دیارە بەکردەوەش ڕێژیم هەر ئەو کارەیکردو شەڕی بەدژی کورد ڕاگەیاند.  دواجاریش خومێینی بڕیاری جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و خوێنی ڕۆڵەکانی کوردیان بە حەڵاڵ بۆ خۆیان دانا و لە ڕێگایەوە زیانی زۆر گەورەیان بە خەڵکی کوردستان گەیاند.

بەکـــردەوەش حیـــزب و ڕێـــبەری شـــەهید ئەو ڕێگـــای هەڵبـــژارد کە پارێزگـــاری بە شـــێوەیەکی مرۆڤدۆستانە لە خەڵک و نیشتیمانەکەی دەکات و بەهەق هێزی پێشمەرگە تا کۆتای خەباتی چەکـداری، کوردســتانی کەردە گۆڕســتان بــۆ نەیــاران و دوژمنــانی گەل و حیزبــی دێمــۆکراتی کوردستانی ئیران. . دکتۆر قاسملوو زۆر وشیارانە تێڕوانینی خۆی لەسەر ڕێژیمی تازەبەدەسەڵات گەیشتووی وڵات خستبوو پێش چاو و ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد و مەلەسە بنەڕەتیەکانی تری بەلێلی پێشبینی کردبوون و لەو بڕوایەدابوو کاربەدەستانی تاران نیازی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانەکانی وڵاتیانیە.

ڕەنگە زۆر کەس ئەوە بپرسێت کە بۆچی ئێمە تیشکەمان خستۆتە سەر لاپەڕەکانی ژیانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان د.قاسملوو. دیارە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لە پێناو ڕزگاری کوردستاندا فیداکاریانکردوە و تێکۆشاون جێگای ڕێزو شکۆی بەرزن ، چ ئەوانەی لە ژایندامـاون یان گیانیخۆیان فیدای ئاوات و ئامانجی سیاسی گەلی کورد کردوە.

مـن بەشەخسـی خـۆم لەو بـڕوایەدام کە ئـێمە کەمـان لەسـەر ڕۆڵـی دکتـۆر قاسـملوو گووتـووە و نووسیوە و وەك تاکێک کە شانازی ئەوەم هەبووە لە ژێر ڕێبەری دکتۆر قاسملوو لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران دا "فێری ئالف و بێی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی بم. کۆمەڵێک لە بیرو فیکری وەبیربخەینەوە.

قاسملوو بە هێمای خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی لە کوردستان ناوبانگی دەرکرد . دەبینین پاش ئاوابوونی ئەستێرەی گەشی تەمەنی ، جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن وەک" هەتیوانی بەسەر هاتووە و کەس حیساب بۆ هێز و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکا و ناخرێنە نێو حیساباتی سیاسیەوە".

"بینیمـان ئەو کۆبـوونەوە و دانیشـتنەنانەی سـەبارەت بە گـۆنگرەی نەتەوەی پێـک دەهـاتن لە کوردستان، چەندەیان حیساب بۆ ئەو هێزەسیاسیانەی ڕۆژهەڵات کراو وەك ئەوەی لە دابەشکردنی دەسەڵات و کۆرسیەکاندا، خێریان لە بەشی خۆیان پێ ببەخشن".

دکتۆر قاسملوو بەکردەوە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجۆرێکی ئەوتۆ بەهێزکردبوو ، کەس نەبوو حیسابی لەسەر ناکا و بەهەوڵە سیاسی و دیپڵۆماسیەکانیەوە توانی مەسەلەی کورد بە دونیا بناسێنێ و هێزە گەورە و بەنفوزەکانی گێتیش بە چاوی ڕێزەوە خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردستان بکەن، کە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بەڕێبەری دکتۆر قاسملوو کردبووی بە سەنگەری خۆڕاگری و دێمۆکڕاسیخوازی. دکتۆر قاسملوو بناخەی خەباتە سیاسی لە کوردستان لەسەر فیکری بەرژەوەندی نەتەوەیی داڕشت و گەلی کوردی بە مووستە هەقی بەڕێوەبردنی چارەنووسی سیاسی و بەشیاوی حوکمڕانی و ئیداری کوردستانی ناساند و لە ئاستی دەرەوەشدا ئەو بەرچاو روونیەی دروستکرد کە ئێستا کێشەی سیاسی کورد پێناوەتە قۆناخێکی زۆر هەستیار وچارەنووساز.

ئەو زلهێزانەی تادوێنی بەهۆی بوونی سامانی سروشتی بەنرخ لە کوردستاندا و بەتایبەت شکبەردنی نەوت، کوردستانیان بەسەر قەڵەمڕەوی سیاسییاندابەش دەکرد، ئەمڕۆ پشتیووانی لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ بەندەرەکانی جێهانی و هەتا وەك ڕابردوو

سەبارەت بە مەسەلەی کورد بیرناکەنەوە و ئەمڕۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانیان وائیجابدەکات پشتیووانی لە خواستی گەلی کورد بکەن. دیارە ئەو پشتیووانیە سیاسی و ئابوورییە بەتەواوی سنووری ولآتانی نەبڕیوە کە کوردستانیان داگیر کردوە و ڕێژیمی ئاخوندی ئێران پاش ڕووداوەکانی ئەو دوایانەی عێراق بەتەواوی توشی سەخڵەتی بووە و نیگەرانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانن و بەئاشکراش ئەوەیان دەربڕێوە کە ئەوان نەیاری دەوڵەتی کوردی دەکەن لە ناوچەکەدا.



**محەممەد سێمانی**

**وتاری٧**

## دەگووترێ دکتۆر قاسملوو بەبێ ئیزنی ڕێبەری وتووێژی ڕێکخستووە!

بەداخەوە ئێستایش زۆر کەس هەیە ئارەزوو ناکەن، هەتا گوێ لەو باس و وتارەنە بگرن کە پەیوەندیان بە دکتۆر قاسملوو هەیە و یان نووسراوەکانی ئەو پیاوە بخوێنەوە. نازانم بۆچی هێندێک کەس کە ڕەنگە ژمارەیان یەکجار زۆر کەم بێت هەڵویستێکی هاو شێوەیان هەبێ لە کوردستان و هەتا چاویان لێکۆڵینەوە زانستی و سیاسی و مێژوویەکانی نەبین و بەشتی سادە و بەسەرچوویان دابنێن. ئەو دەستەیە هەتا بۆیان بکرێ هەوڵدەدەن لە گەورەی ڕۆڵی دکتۆر قاسملوو کەمبکەنەوە و بڵێن کە ڕێبەرێکی کارێزمای سیاسی و شۆڕشگێری کورد نەبووە کە حیزبی دێمۆکرات پێدا هەڵدەدات.

دیارە ئەو کەسانەی بە چاوی ڕەخنەوە دەروانە خەباتی سیاسی حیزب و ژیان و تێکۆشانی دکتۆر قاسملوو ، جێگای خۆییەتی سپاسیان بکرێ و لە خوێندنەوە و لێکۆلێنەوەکانیان ورد بینەوە.

بەلام بەمەرجێک کە هەڵسەنگاندنەکە بێلایەنانە بێ و هەستی دەمارگیری پێوە دیار نەبێت و بە چاویلکەی ڕەشەوە سەیری ڕابردووی سیاسی هیچکام لە تێکۆشەرانی گەلی کورد نەکرێ.

ڕووداوەکان وەک خۆیان جووڵەیان پێبکرێ و کارێک نەکەین خۆمان شەرمەزاری مێژووی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەین. تازە مەحاڵە لە کوردستان دکتۆر قاسملوو دروست بێتەوە و توانای ئەو ڕۆڵگێڕینەی هەبێ و بزووتنەوەی کورد گەشەپێبدات و کۆدەنگی نێونەتەوەی بۆ بەدەست بێنێت.

زۆر کەس بە چاوی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕەوتی دیالۆگی ڕێبەری و بەتایبەت دکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی ئێران دێنە گۆڕێ و لەو بڕوایەدان کە ئەو ئەزموونە سیاسی و مێژوویەی دکتۆر قاسملوو لە سەر جوولانەوەی سیاسی کوردی هەبووە و، ئەو ئاشنایەتیەی لەسەر فرت و فێڵی دوژمنانی کورد بەدەستی هێنابوو، نەدەبوو بەو شێوە ساکاریەوە لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتووگۆی سیاسی. بەشداری خۆی لە دانیشتنەکانی لە گەڵ وەفدی بەناو دانوسانکاری ڕێژیم، کاری دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئیرانی ئاسانتر لەوەی کرد، کە کاربەدەستانی پشتی ئەو پیلان گێڕیە خۆشیان چاوەڕوانی نەبوون.

بێگومان ئەوە گلەی هەموو دڵسۆزانی حیزب و جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەو پەیوەنیەدا دەکرێ.

زۆر جار ئەوە بیستراوە کە گوایە دکتۆر قاسملوو بەبێ ئیزنی ڕێبەری ئەو وتووێژی ڕێکخستووە یان لەو پەیوەندیەدا سەرنج و بیروڕای ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە هێند وەرنەگرتووە کاتیک ئەو باسە هاتۆتەگۆڕێ.

کەس بەوشتە باوەڕناکات کە دکتۆر قاسملووی دێمۆکڕات و دێمۆکڕاسیخواز ، بیروڕای هاوڕێیانی لەبەر چاونەگرتبێت لەسەر مەسەلەیەکی ئەو تۆ گرینگ و هەستیار.

بەڵکوو ئەندامانی ڕێبەری ویناچێت لە سەر یەک خاڵ و نووختەش نەزەری مووخالیفیان لەوبارەوە هەبووبێت و، یان بە شکڵێک ناڕەزایەتیان نیشاندابێ و بە جێگای دکتۆر قاسملوو ئەندامێکی تری ڕێبەری لە جیاتی سکرتیرێ گشتی حیزب بۆ گفتوو گۆی سیاسی پێشنیارکرابێ لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی حدکاوە و د.قاسملوو بەتەنیا ڕەدی کردبێتەوە و پشتیکردبێتە ئیرادەی گشتیەوە.

ئەو جار وتووێژ لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەسڵێک بوو لە تێکۆشانی سیاسی حیزب بۆ گەیشتن بەمافی ڕەوای گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراند.

کاتێک دوژمن لات لێدەکاتەوە و داوای وتووێژ دەکات، هۆکارێکنیە کە ڕەدبکرێتەوە، بەڵام حیزب دەبوو باشتر بیری لە مەسەلەی ئەمنیەتی کردبایەوە و لانی کەم دکتۆر قاسملوو خۆی لە وەڤدەکەدا نەبوایە.

ئەوەی ڕاستی بێت تا ئێستایش کەس دەنگی سەبارەت بە بەشداری دکتۆر قاسملوو لە وتووێژی ئاشتی لە گەڵ نوێنەرە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لێوە ناهاتووە و کەس سەرەداوی ئەو باسە بۆ بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستانی نەکردۆتەوە و ئەو بابەتە هەروا بەشاراوەی ماوەتەوە. بەڵام ئەوەی سەرنجی بژاردە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نیشتیمانی خەڵکی کوردستانی بە درێژای مێژووی شەهید کردنی ڕێبەری جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لایخۆیدا ڕاکێشاوە. باسی هۆکار و بەدوادانەچوونی کەیسەکەیەتی؟ ، یان دەگووترێ بۆچی دکتۆر قاسملوو خۆی چوو بەشداری کۆبوونەوە بکات لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیمدا، بێئەوەی داموودەزگای ئەمنیەتی ئوتریش لەو بارەوە ئاگاداربکرێنەوە و دڵنیایی ئەمنیەتی هەبێت؟.

ئەو کات کەمکەس هەبووە بەوێری ئەوەبکات قسە لە قسەی دکتۆر قاسملوو بکات، ئەویش بەوهۆیەوە نەبووە کە دیکتاتۆرانە هەڵسوکەوتی کردبێ و مەجالی ڕادەربڕین نەبووبێ.

بەڵکوو لەبەر ئەوەی کاتی وتووێژ و شیکردنەوەی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، قامسلوو توانایەکی بێوێنەی ڕازیکردنی لایەنی بەرانبەری خۆی هەبووە و، هەتا ئەگەر ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبیش بووبن، ئەو زۆر بەوردی دەچۆناخی مەسەلەکان و خەڵک بەباشی لێی تێدەگەیشتن و زمانی ڕازیکردنی گەڵیک پاراو و بەهێز لە زانست و سیاسەتبوو.

بەداخەوە ئەو کات ئەو کولتوورە سیاسیە زاڵببوو بەسەر جوومگەکانی بڕیاردانی حیزبدا کە بوێری ڕادەربڕین زۆر لاوازبووە، "ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەندامانی حیزب و ئ ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە".

بەئاشکرا دیارە کە جیاوازی وشیاری سیاسی گەڵێک زۆربووە لە نێوان ڕێبەری حیزب و دکتۆر قاسملووی نەمردا. کاتێکیش پرسی وتووێژ لە گەڵ ڕێژیم هاتۆتەگۆڕێ هەموو لایەک پشتیووانی

هەڵوێستی سیاسی سکرتێریانکردوە و هیچ کەس نەبووە باسی مەترسی ئەو دانیشتنە لە گەڵ وەفدی دانووستانکاری کاربەدەستانی ڕێژیم بکات، بە شەخسی دکتۆر قاسملوویشەوە.
چوونکی ئەو کات خوێندنەوە و تێڕوانینی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەیەکی تر لایەنی ڕێژیمی هەڵسەنگاندبوو و، هەنگاوی ئاشتانەی ڕێژیمی بەوجۆرە نەدەبینی کە ئامانجیان لە نێوبردنی دکتۆر قاسملوو بێ.
دیارە زۆر بەی سیاسیەکانی کوردستان و ئێران پێیان وابوو حکوومەتی ئێران پاش شەڕی ٨ ساڵەی لە گەڵ ئێراقدا و مردنی خومێینی، بەرنامەی هێوەرکردنی بارودۆخی سیاسی وڵاتیان هەبێ و لە شەڕو کاولکاری بێزاربوونە و دیان هەوێت ئاڵوگۆڕ بەسەر وڵاتدابێ و مافی سیاسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بسەلمێنن.
بەداخەوە ئەوەی ڕێبەرانی نیزام لە پشتی پەردەدا خۆیان بۆ مەڵاسدابوو، پیلانی تیرۆری سیاسی لەنێوبردنی گرینگترین پیاوی مێژووی کوردستان قاسملوویان دارشتبوو کە تێدا سەرکوتن و لە سەر ڕێگای خۆیان لایاندا و بە جۆرە گەورەترین زەربەیان بە حیزب و شۆڕشی خەڵکی کوردستان گەیاند.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری٨</u>**

## دکتۆر قاسملووی بە مرۆڤێکی پتەو و قایم لە بڕیاردەرکردن ناسرابوو.

ئەو کات دکتۆر قاسملوو ئەرکی گرینگی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی لەسەرشان بوو و بەکردەوە شۆڕشی بەرەوگەشەکردن دەبردەپێش، کاربەدەستانی ئێران بە گەورەترین مەترسی سیاسی و ئەمنی لە سەر مانەوەی حکوومەتەکەیان دەزانی و هەربۆیە ئاخوندەکان دەستیان بە جێبەجێکردنی تیرۆری سیاسی بەدژی موخالیفانیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشێوەی بەربڵاو خستە دەستووری کاریان. بەو جۆرە کەسە گرینگ و مێژوویەکانیان کردە ئامانجی تیرۆرکردن. دکتۆر قاسملووش بێگومان بەگرینگترین لە مرۆڤە تێکۆشەر و هەلەوکاتەشدا نیاری ڕێژیم لە قەڵەمدەدرا لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا.

زۆربەی هێزو لایەنە ڕەکەبەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران لەسەر ئەوڕایە کۆکبوون و ، دکتۆر قاسملوویان بە کەسێکی پتەو و قایم لە بڕیاردان و دیاریکردنی ستڕاتیژی و تاکتیکی بەرەنگاربوونەوە، بەدژی حکوومەتی ناوەندی تاران ناودەبرد و بە هەستیاریەوە چاوەڕوانی هەنگاوەکانیان دەکرد.

بەڵام ئەوەی دەگەڕیتەوە بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی حیزب ، پەیڕەوی لە چەمکی دێمۆکراسی کردوە و هەرگیز ڕێگای نەداوە دەستە و تاقمێک لەبەرژەوەندی تایبەتییاندا بزووتنەوەی سیاسی کورد بەرێچکەی ناروونیدا بەرن و هەڵویستی پێچەوانەیان هەبێ و سیاسەتی دژی کورد و بزووتنەوەی نیشتیمانی لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بگرنەبەر.

چۆن بۆ هیندیەکان "ماتماگاندی " بە هێمای ڕزگاری گەلی هیندوستان دەژمێردرێ و شوێنی بەرچاوی لەسەر مێژووی سیاسی و سەربەخۆی ئەو وڵاتە بەجێهێشتووە و هەروەها" نیلسۆن ماندیلایش" بەنموونەی کۆتای هێنان بە سیاسەتی نژادپەرستی و دابینکردنی ژیانی شارستانی و جێگیرکردنی بناماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاشتی نیشتیمانی و دابینکردنی دێمۆکراسی سەیر دەکرێ و هەموو لایەک بەرێزەوە ئاوڕ لە مێژووی سیاسیان دەدەنەوە و وەك مرۆڤی بلیمەت و گرینگی وڵات دەناسرێن.

کوردیش ئەو مرۆڤە جوامێر و گەورانەی زۆرن کە مێژوو بەشانازیەوە ناوی تۆمارکردوون و قاسملووش یەکێکە لەو ڕێبەرانەی کوردە کە ناونیشانی بەگەشاوی دەمێنێتەوە.

دکتۆر قاسملوو بەبڕوای زۆر بەی دانیشتووانی کوردستان هیچی لە ناودارانی گەورەی گێتی کەمتر نیە و ئەویش شایانی ڕێزی زۆر بەرزە و بێگوومان ئەو پیاوە مێژوویەکی گرینگ و پڕشەنگداری سیاسی لە ژیان و خەباتی خۆیدا تۆمارکردوە و خەڵکی کوردستان بە شکۆوە هەڵسەنگاندنی ژیانی سیاسی و چەمکە فیکریەکانی دەکەن و هزرەکانی بوونە بە هەوێنی خەباتێکی نوێ و درێژخایەن لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

ئەوەی لە نێوکورد دا تائێرە بە هەژاری ماوەتە بابەتی ڕێبەری نەتەوەییە لە نێو گەلی کورد دا."لەوپەیوەندییەدا وەک پێویست لێکۆڵینەوە وبەدواداچوونی ئەو بابەتە نەکراوە و زۆر لایەنی ئەو مەسەلەیە لێکدانەوەی لەسەر ئەنجامنەدراوە لە کوردستاندا".

کورد لە داوێنی جوولانەوەی سیاسییەکەیدا زۆر ڕێبەری کارێزمای پێگەیاندوە کە بەگوێرەی قۆناخی سیاسی و کۆمەڵایەتی شۆڕش، شوێنیان لەسەر خەڵکی کوردستان داناوە وبەشێوەی گشتی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی بەدوایخۆیدا هێناوە.

ئایا هەموو ئەو تێکۆشەرانەی خەباتیان کردوە و ئەرکی ڕێبەری شۆڕشیان لەسەر شان بووە، دەکرێ وەك ڕێبەری نەتەوەیی بناسرین یان پێویستە ئەو باسە پێناسە بکرێت"؟ زۆر گرینگە ئێمەی کورد بەرلەهەر شتێک و بە شێوەی زانستی لەسەر وشەی ڕێبەر، لێکدانەوە ئەنجامبدەین و لە ئاکامی ئەو هەڵسەنگاندنەدا، بزانین بە چ کەسێک دەگۆترێ ڕێبەر لە نێو کورددا.

لەوبارەوە هیچ میعیارو پێوانەیەک دیاری نەکراوە و "یاسایەکی زانستی نابینی کە هاوسەنگی ئەو مەسەلەیە لە سەر سیاسیەکانی کورد" بسەلمێنێت.

ڕێبەر بەو مرۆڤە سیاسی و تێکۆشەرە دەگۆترێت کە لە ئاستە جیا جیاکانی ژیان دا ڕۆڵی بینیووە و بەردەوام هەوڵیداوە ڕۆشبنیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێو چین و توێژەگەلیەکانی کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی بیروڕاو سەرنجیان بە لای خەباتدا ڕابکێشێ.

ئەوەی پەیوەندی بە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، دەبێت ڕێبەر شارەزی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری وڵاتەکەی بێ و زۆر بەرچاوروونانە بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبەکەی بڵاوبکاتەوە و لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکەکەی تێبگات و ئامانجەکانی شۆڕش ڕەنگدانەوەی داخوازی گەل بێت و بەردەوام هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی پتەو بە هێزدابێت لە نێوان ڕیکخراوەی سیاسی و خەڵکدا .

دەمێکە گوێ بیسی وشەی ڕێبەر یان بەواتایەکی تر" ڕێبەری نەتەوەیی" یان ڕەمزی نەتەوین لە سەر کەسایەتیە وڵات پارێزو نیشتیمانپەروەرانی کورد کە هەر یەکەو لە قۆناخی مێژووی دیاریکراودا خەباتی کردوە و ڕۆڵی گرینگی لە سەر بووژانەوە و بە هێزکردنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بینیوە.

ئەوەی لە سەر کورد نووسراوە و بناخەی مێژووی لەسەر بیناکراوە لە مێژووی کۆندا، زۆر بەکەمی کورد لەسەرخۆی نووسیووە بەهۆی ستەمی سیاسی و هەژاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گەلی کوردەوە.

ئەو دەست نووس و پەرتوکانەنەیش کە دۆستانی بێگانەی کورد یان دوژمنانی گەلی کورد تۆماریانکردوە، وەک بناخەی مێژووی و هێندێک جاریش وەك سەرچاوەی مێژووی ئاوڕیان لێدەدرێتەوە و کاریان پێدەکرێ لە کوردستاندا.

زۆر بەی مێژوونووسان تیشکیان خستۆتەسەر ئەو بابەتەی کە هەلۆێستی میرنشینێک یان سەرۆکی راپەرینێک ئەوەندەی خزمەتی بە داگیرکەرانی کورد گەیاندوە، بەداخەوە ئەو خزمەتەی بە کێشەی سیاسی کورد نەکردەوە.

هەربۆیە ناکرێت هەموو "سەرچاوە میژوویەکان بە ملکی نیشتیمانی دابنرێن و ئەو ڕووداوەکانەش کە ڕوویانداوە لەڕاستیەوە نیزیک بن و کورد بە ملکی خۆیان بزانێت".

زۆرجاران بەئاشکرا ڕووداوە سیاسی و مێژوویەکان بە قازانجی نەیارانی کورد شوێنراون و بەئانقەست نێوەرۆکی مەسەلەکان گۆڕدراوە بۆ ئەوەی سیمای کورد و ڕاپەرینەکانی ناشیرین نیشانبدەن.

دیارە وەك هێز ، هەموو لایەنێکی کورد مافی بێ ئەملاو ئەولاییەتی کە بە ئارەزوی ڕێکخراوەکەی وەسفی کەسی یەکەمیبکات و بەرزی بکاتە و بەرەولوتکەی بەرێت.

هەر وەك چۆن لە هەموو گۆشەو کەنارێکی گێتیدا زۆر کەس هەولیداوە و هەولدەدات ئەو ڕێگایە تاقیبکاتەوە و خۆی وەك مرۆڤێکی ناودار نیشانبدا، بەلام مێژوو نووسان ئەو ڕۆلەیان پێڕەوا نەبینیووە و نەبووە بە ناوداری ولاتەکەی.

بەداخەوە لە بارودۆخی ئێستادا دەبینین مێژووی سیاسی و ڕابردووی ڕۆژهەلاتی کوردستان خەریکە دەخرێتە پەراوێز و هەتا حیساب بۆ حیزب و هێزە سیاسی و تێکۆشەرەکانیشی ناکرێ.

گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەردەوام لە شۆڕش و بەرخۆداندا پێشەنگ و داهێنەری بزووتنەوە و چەمکی نوێی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیبووە و ڕێبەرانی وەك و پێشەوا و دکتۆر قاسملوو توانیان فیکری سیاسی و نەتەوەی بخەنە سەر ئەو ڕێچکە مۆدێرن و دێمۆکراتیکە کە کورد ئێستایش شانازی بەو داهێنانە دەکات و جەوهەری داخوازییە سیا سی و نەتەوەیەکانی خەلکی کوردستان بۆ ئەو سەردەمانە دەگەرێنەوە.

هەرچەندە هەموو جوولانەوەکان بەرین و گەورە نەبوون، بەلام بێگوومان شوێنییان لەسەر ئاستی وشیاری سیاسی خەلک هەبووە و گرینگیان هەیە و هەر بەگرینگیش لە مێژوودا دەمێنەوە و قسە لە سەر گەورەیی و بچووکی جوولانەوەکە نیە، بەلکو مەسەلەکە پەیوەندی بە بیریاری و فیکری ڕێبەرەی شۆڕشەکەوە هەیە.

هێندێک لە شۆڕشەکان لەڕووی تەرکیبی کۆمەلایەتیەوە کرچووکالییان لە ڕووی پێک هاتە و بەڕێوەبردنەوە پێوەدیاربووە و لەلایەن سەرۆك خێل یان ڕێبەرێکی سیاسی و ئاینییەوە سەرۆکایەتی کراون ژیانی ڕێکخراوەی لە کوردستان ئەوەندە ، ڕێکخراو تۆکمە و ڕێکخراو نەکرابوو. پێش لە دایکبوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا و کۆمەلێک تێکۆشەرو ڕوناکبیری شاری مەهاباد لە ٢٥ی گەلاوێژی سالی ١٣٢٤ی هەتاوی.

هەربۆیەش دکتۆر قاسملوو لە پێشەکی چل سال خەبات لە پێناو ئازادیدا لەسەر حیزب و دامەزرانی بەزەرورەتێکی سیاسی و مێژووی دادەنێت و دەلێت: دامەزراندنی حیزبی دێمۆکرات لە

٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی بە سەرەتای نوختە گۆڕانێکی گرینگ و مێژووی لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەی ئەژمار دەکا و هەروەها لە درێژەی لێکدانەوەکەیدا دەڵێت: لە مێژوودا ئەوە یەکەمجارە خەڵکی کوردستان خاوەنی حیزبێکی مۆدێڕن و پێشڕەوی سیاسی وەك حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.

قاسملوو شوێنی دیار و قوڵی لەسەر خەڵک و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خێهێشتووە و لە ماوەی تیکۆشانی سیاسیدا توانی پشتیووانی بەربڵاوی خەڵک بۆ لای خەباتی ئازادیخوازی ڕابکێشێ و بەو جۆرە وەرچەرخانی گەورەی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا پێک هێنا.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری٩</u>**

## قاسملوو لـە داهێنانی چەمکە فیکرییەکاندا زۆر چالاکبووە!

مێژووی سیاسی گەلانی پێشکەتووی دونیا ئەو ڕێبەر و بیریارانەیان بەلاوە گرینگ و گەورەن کە هاوشێوەی دکتۆر قاسملوو لە قۆناخە جیا جیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خزمەتی بەربڵاویان بە خاك و وڵاتەکەیانکردوە و توانا ڕۆشنبیریەکانیان تەرخانی ئەو ڕێچکە نەتەوەیە کردوە و هۆکار بوون بۆ وشیاری سیایسی.

لە مەیدانی داهێنانی چەمکە فیکرییەکاندا زۆر چالاکانە تێکۆشاون و هیچ هێزێک کە دژی بیری ئازادی و دادپەروەری کۆمەلایەتی وەستاونەتەوە ، توانەی ئەوەیاننەبووە لە کردە سیاسی و ڕۆشنبیریەکانیان ساردیانبکەنەوە ولە ژێر فشاردا پشتیان پێبکەنە هزری نوێ کە باوەڕیان پێهێناوە،لە پێناو گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەروەها گۆڕینی بنماکانی بەڕێوەبرن و ڕیفۆرمی گشتگیردا.

بێگومان دکتۆر قاسملوویش هەروەك ئەوان ژیا و لە پێناوی ئازادی گەلەکەییدا گیانی فیداکرد و بیرمەندێکی مەزن لە قۆناخێکی گرینگی مێژووی جووڵانەوەی گەلی کورد بە تەنیای سەری لە کوردستان هەڵدا و، بەو پەڕی سەداقەتەوە خەباتی کردو هەموو تواناکانی خۆی و حیزبی دیموکراتی خستبۆوەگڕ بۆئەوەی گەلەکەی بە ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی بگەیەنێت. هەرلەوکاتەیشدا بە سەربەرزی ڕەوتی ژیانی سیاسی خۆی تێپەڕاند و ئێستایش بیروباوەڕەکانی وەك هێزێکی گەورە سێبەریان بەسەر هەلومەرجی سیاسی وڵاتدا ماوە و بووە بەنموونەی مرۆڤێکی ئاشتیخواز و دیمۆکرات لە ئاستی گێتیدا.

کاتێک مرۆڤ سەیری توێژینەوەی زانستی و مێژووی لە نێو گەلانی دونیادا دەکات کە لە بارەی بیرمەندان و ڕێبەرانی فیکری فەلسەفەی سیاسی لە قۆناخی ڕۆشنگەری و، لە دەورانی شۆڕشی ڕێنسانسدا لە سەری ئەنجامدراوە و هزرو فیکریان وەك خۆی و ئەو ڕۆڵە ڕۆشنبیریەی کەبویانە باسکراوە و بە خەیاڵ سیمای سیاسی لە هیچ کەسێک دروست نەکراوە و وەك خۆی لە مێژووی سیاسی وڵاتەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. ڕەنگە جارێ هێشتا زۆر زووبێ کورد کە لەسەر ئەو پێوەرە توێژینەوەی مێژووی ئەنجامبدات و لایەنی کۆمەڵایەتی و حزوری زەینی لەسەر ڕووداوەکان بە گوێرەی ئیمکان بکاتە هەوێنی لێکۆڵینەوەکانی.

هەر لەوپەیوەندییەشدا باس لەو زەمانە دیرۆکیەکراوە کە ناوداران ڕۆڵیان بینیووە لە نێو گەل و ئەو شوێنەوارەی کە لە پاشخۆیان بەجێیان هێشتووە. لەسەردەمیکۆندا فیلیسوفان بەهۆی فیکرو باوەڕی قوڵیانەوە، دەسەلاتی کلیسا و مسیحیەتیان بەتەواوی خستەبۆوە مەترسیەوە و ئەو بەرچاو روونیەیان لە لای خەڵک دورستکردبوو بەرێگای هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لەسەر شێوەی ئیدارەکردن و دامەزراندنی نەوحێک سیستم کە هەموو کۆمەڵگا و دانیشتووانی ولات مافیان تێدا ڕەچاو نەکرابوو.
بەشێک لە سەرکردە ناودارەکانی گێتی لە پێناو بیروباوەڕەکانیادا وەك "سووقەرات" ژەهرخۆرکران. بەلام بۆپاراستنی گیانیخۆی هەرگیز ئامادەنەبوو ، پشت بکاتە بیرو هزری فەلسەی سیاسی و کۆمەلایەتیەکەی کە تێیدا پەیامی ڕیفۆرمی لەسەر شێوەی حوکمڕانی لە نێو لاوان و خوێندکارانی ولاتەکەییدا (یۆنانی کۆن) دا بلاودەکردەوە و بێگوومان کاریگەری باشی لەسەر ڕەوتی ژیان دەنا و ڕێوشوێنی خەباتێکی مەدەنیانەی هێنا ئاراوە.
بەلام لە کردەوە فیکریەکانی پەشیمان نەبوو و هەتا گیانی سپارد، پارێزگاری بیرکردنەوە و تێڕوانی خۆی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی "یونانی کۆن" ی بە ئاڕاستەی گۆڕانکاریداکرد.
"ڕێبەری ڕاستە قینە دەبێت لە ژیانی سیاسی دا بە جۆرێک هەڵسوکەتی کردبێ، بە هۆی کردەوەیەکی سیاسی و بڕیارێکی ناشیاو دەسکەوتە فیکری و ئامانجە کانی خۆی نە کردبێتە پاشکۆی ڕووداوەکان و بەردەوام پاڵنەرو هێزی بزوێنەری خۆی نیشاندابێ".
ئەو سیفەتە بەرزە بەتەواوی ئاوێتەی ژیانی دکتۆر قاسملوو ببوو، ئەو مرۆڤە گەورەیە دژی هەلپەرستی و خۆبەزلزانین بوو لە نێو حیزب و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی نیزیک لە حیزب. ئەو پێیوابوو گەورەی ئەو و ئەندامانی ڕێبەری حیزب، هەر بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە و لەرووی کەسایەتیەوە قەرزداری حیزبن. بەڕاستی دکتۆر قاسملوو بە فیکر و هزری شیاوی، حیزبی دێمۆکراتی گەشەپێدا و خستیە سەر ڕێچکەی دروستیخۆی و ئەو حیزبەی بە جۆریکی ئەوتۆبەهێزکرد کەلە ماوەیەکی زۆرکورتدا،توانی شوێنی گرینگی سیاسی و کۆمەلایەتی لە سەر ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان دابنێت.
دکتۆر قاسملوو نموونەی ڕێبەرێکی نیشتیمانی گەورە لە کوردستان بوو کە لە هەموو "ڕوویەکەوە خزمەتی بە دۆخی سیاسی کورد دەکرد و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی لە سەر بنەمای دروستی خۆی هەڵدەسەنگاند و، بەهەڵە فیکری کۆمەڵگای دانەڕشت و لە زۆر بواری جیا جیای ژیاندا، ڕێچکەی دروستی ژیانی شارستانی و سەردەمیانەی داهێنا و باوەڕی بەداد پەروەری سیاسی و کۆمەلایەتی لە تەواویەتی خۆیدا هەبوو و دژی هەموو جۆرە هەلاواردنێکی فیکری و کۆمەلایەتی دەوەستایەوە.
بەدرێژای ژیانی هەوڵیدەدا بەرنامەی سیاسی ئەوتۆ بێنێتە نێو دەسەلاتی ولات کە هەموو چین و توێژێکی کۆمەلایەتی قازانجی پێبگات و هەروەها هەست بە هەبوون و پێگەی خۆیبکا و کەس نەخرێتە پەراوێزەوە و لایەنگری یەکڕیزی گەلی کوردی بۆ ئازادی دەکرد.

دکتۆر قسملوو لەسەردەمی شۆڕش بەدژی ڕێژیمی ئێران، بژاردە و ڕۆشنبیرانی ئازادیخوازی کوردی هاندەدا بۆ ئەوەی بایخی بارچاوتر بە وشیاری سیاسی و هزری نەتەوەیی لە کوردستان بدەن و ڕێوشوێنی گونجاو نیشانی خەڵک بدەن.
ڕێبەری نەتەوەی لە مێژووی سیاسی گەلاندا بە مرۆڤێک دەگوترێت کە خزمەتی سیاسی و نەتەوەیی بە وڵاتەکەی گەیاندبێت و هەرگیز پشتی لە خەڵکی وڵاتەکەی نەکردبێت و بەردەوام تێکۆشابێ بۆ ئەوەی گەلەکەی بە ئازادی بگەیەنێت و هەر لەو کاتەیشدا خەیانەتی سیاسی و نیشتیمانی لە سەر ژیانی تۆمارنەکرابێ و، بە هۆی کەمترخەمیەوە زیانی بەجووڵانەوەیە نەگەیاندبێ کە ئەرکی ڕێبەری لەسەر شانبووە.
لە ئێستادا بارودۆخی سیاسی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەجۆرێکی ئەتۆ گۆڕانکاری بەخۆیەوەبینیوە کە لە بەرژەوەندی کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورددایە و، کاتێک مەسعود بارزانی سەردانی وڵاتانی دەرەوەیی هەرێمی کوردستان دەکات وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەلەی لەگەڵدادەکرێ و لە ئاستی بەرزدا دیدارو گفتوگۆی سیاسی لە گەڵدا دەکرێ.



**محەممەد سلیمانی**

**وتاری ١٠**

## ڕێبەری نەتەوەی دەڵێت ماف نادرێ، دەبێت بیستێنی!

ئەو قۆناخە سیاسی و مێژوویە تەقلیدی و سوننتیە بەسەر چوو کە سۆڤێتیەکان لە هەشتاکاندا و لەسەردەمی دونیای دووجەمسەریداهەوڵیاندەدا بە شێوەیەک چاویان بە دکتۆر قاسملوو بکەوی و، وەك ڕێبەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵدا کۆببنەوە وتاوتوێی بارودۆخی سیاسی ئێران و کوردستان بکەن.

بەڵام دۆستە سۆڤێتیەکان پشتیووانی سەردانێکی تەواو نهێنی و نەخشەبۆکێشراویان دەکرد و ڕازینەبوون لە گەڵ ڕێبەری گەورەترین هێزی سیاسی و نیشتیمانی کورد بەئاشکرا لە مسکۆداکۆببنەوە. ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەی کە لە گەڵ حکوومەتی ئاخوندی ئێران لەسەر حیسابی گەلانی بندەستی وڵات دایانمەزراندبوو.

نەخشەی سۆڤیەت بۆ سەردانی سکرتێری گشتی حدکا بۆ مسکۆ ئەوەدەبێت کە سەردانی ئەو بەمەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی دێتە ئەو وڵاتە و لەپەراویزی ئەو نەخۆشکەوتنەیدا دیداری لە گەڵدا ڕێکبخەن.

بەڵام ڕێبەری نیشتیمانی کورد دکتۆر قاسملوو ئەو پێشنیارەی سۆڤێتیەکان ڕەد دەکاتەوە و دەڵێت ئەگەر ئێوە بەدزی بتانهەوێت لە گەڵ نوێنەری کورد دابنیشن وسەبارەت بە هێندێک پرسی گرینگ ئاڵوگۆری بیروڕابکەین ، من لە گەڵ ئەو پێشنیارەدانیم و بەسەردانی فەرمی دێم و هەرگیز لە ژێرناوی چارەسەرکردنی نەخۆشیدا نامهەوێت سەردانی مسکۆ بکەم.

چوونکی باری تەندروستیم زۆر باشە و نیازم بە هیچ جۆرە چارەسەریکی تایبەتی خۆم نیە، جگە لە پرسی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد نەبێت.

ئەوە ئێوەن دەدتان هەوەێت لە گەل کورد گفتووگۆ سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی ناوچە و ئێران ئەنجامبدەن، کەوابوو بۆ نابێ بە سەردانێکی فەرمی و ڕەسمی بێم بۆ وڵاتی ئێوە. خۆ ئێوە وڵاتی گەورە و بەهێزی دونیان و دەبێت نیگەرانیتان لەسەر چی بێ کە بتان هەوێت بە دزی سەردانی وڵاتەکەتان بکەین.

ئەو خاڵانە کە دەخرێنەوە بیر، بۆئەوەیە هەمووماان لەو ڕاستیەبگەین حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەدرێژای سنووری کوردستان هێزی پێشمەرگەی جێگیرکردبوو و وەك تاقانە

هێزی سیاسی و بێ ڕاکەبەری کوردستان بەدژی ڕێژیم خەباتی دەکرد و مسکۆێش ئەو مەسەلەیەن دەزانی و ڕەنگە هەوڵیاندابێ لە ڕێگای حیزبەوە، حیزبی توودەی ئێران پیخباتەوە نێو وڵات و چاوپۆشی هەڵەی سیاسیەکەیان بکرێ کە پشتیووانی سیاسی حکوومەتی ئاخوندیاندەکرد.
دواتر ئەوانیش لە ئێراندا جێگایەك نەمابوو لێی بحاوێنەوە و بەناچاری وڵاتیان بەرەو مسکۆ بەجێهێشتبوو.
ئەو وڵاتانەیش کە بەدرێژای خەبات و دەست پێکردنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد لە بەشەکانی کوردستان، هاوکاری کوردیان کردوە، ئەو چوار ولاتەن کە خاکی نیشتیمانی کوردیان بە زۆر خستۆتە سەر نەخشەی وڵاتەکەیان و بەوجۆرە کێشەی سیاسی و خەکی لە گەڵ ئەو وڵاتانەدا سەری هەڵداوە.
کورد بەردەوام هەر دوژمنەکەی وەک پشتی جبهەی شۆڕش بەکار هێناوە و ئەو وڵاتانەیش بەردەوام لە نێوخۆیاندا کێشەو ململانەی سیاسی و جوگرافایان لە گەڵ یەکتریدا هەبووە و ڕەکەبەری یەکتریان لەسەر زۆر مەسەلەی گرینگ کردوە و کوردیان وەک هێزێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لە لای خۆیان پەناداوە و هاوکاری شۆڕشی خەڵکی کوردستانیان بەوڕادەیەکردوە کە نەبەن بەمەترسی لەسەر دەسەڵاتی وڵاتەکەیان.
وشیاری سیاسی و تێگەیشتنی سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان بەڕادەیەك چۆوەتە پێش کە کورد توانیویەتی هێندێکجار دژمنی خۆی بۆ قازانجی سیاسی و ئابووری کوردستان بەکاربێنیت و لە بەرژەوەندی کێشەی ڕەوای کورددا هەڵوێست وەربگرن و بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە کایەی نێوان داگیرکەرانی کوردستاندا، ڕۆڵی ئەرینی خۆیان بگێڕن و بەهەستیاریەوە تاوتوێی هەلومەرجی گێتی بکەن.
نموونەکەیش لەسەر هەرێمی کوردستان و هەوڵی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتە بەسە بۆ سەلماندنی ئەو چەند دێرەی سەرەوە.
"پشتی جبهەی شۆڕشی کورد هەر دوژمنی خوێن و وڵاتیە کەی بوونە"، و بە هۆی بەش بەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیە و و سوریە و ئێراق دا هێزی سیاسی و مرۆی کوردی لێک بڵاو کردوە و کورد کە یەک کێشەی سیاسی و نەتەوەیی هەیە. کەچی بە هۆی جوگرافیای سیاسی کوردستان،گەلی کورد بەدرێژای مێژووی سەرهەڵدانیەوە روبەروی ئەو چوار وڵاتە بۆتەوە کە وڵاتی بەهێزو دیاری ناوچەکەبوونە و ڕۆڵی بەرچاویان لەسەر ئاستی دونیا و ناوچەکەدا گێڕاوە.
دکتۆر قاسملوو زۆر جار دەیگووت "ماف نادری، بەڵکوو دەبێ بە هێزی خۆت بیستێنی، کورد لە مافی خۆی زیاتر دوای شتێکی زیاتری نەکردوە کە مەترسی بخاتەسەر ماف و ئازادی خەڵکی تر."
بەڵام دەسەڵاتی مەرکەزی تاران سەبارەت بە پرسی کورد نیازیان خراپە و هەتائێرەش حکوومەتی دیکتاتۆر و تیرۆریستی ئێران هەوڵنادات بە شێوەی ئاشتیانە هەنگاوی چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد بە ڕێگای گفتوگۆی سیاسیدا بنێت و ئێستایش پەیڕەوی سیاسەتی ستەمکارانە و حاشاکردنە لە دابینکردنی مافی سیاسی گەلانی وڵات.

ئیستا لە ئاستی نێونەتەوەیشدا گۆڕانکاری زۆر بەرچاو لە بەرژەوەندی گەلانی بندەستی دونیادا هاتۆتە پێش و دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان وەك ڕابردوو ناتوانن حاشا لە بوونی ئەو نەتەوانە بکەن کە بوونی خۆی لە هەموو روویەکەوە سەلماندوە و نەتەوەیەکی بەتەواوی جیاواز و سەربەخۆیە لە باری سیاسی و مێژووییەوە.

"زۆرمان بەرگوێکەوت و بیستمان کە کورد کێوەیە و خاکی نیەو دەبێ وەک میوانی خانەخوێ هەڵسووکەوت بکات و میوانیش یاسا و مافی سنووردارە لە چوار چێوەی خانەخوێدا".

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین زۆر جیاوازە و ئەو وڵاتانەی کە پێیان شەرمبوو وشەی کوردی بەسەر زمانیاندا بێت، ئەمڕۆ بە شانازیەوە لە کۆڕو کۆبوونەوەی سیاسی و ئیداریدا لە گەڵ سەرکردایەتی سیاسی و سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا، بە شانازییەوە یەك دوو وشەی کوردی دەردەبڕن و قسەی پێدەکەن.

د. قاسملوو لە قۆناخە سەختەکانی خەباتدا ئەو بەر چاو روونیەی لە لادروست ببوو کە ئەو ڕۆژەدێت دوژمنانی کوردیش بیسەلمێنن کە کورد "نەتەوەیە و خاوەنی مێژوو و کولتوور و بەهانیشتیمانیەکانییەتی و گەلێکی تەواو جیاوازە لە تورک و عەرەب و فارس و ناکرێت هەتاسەر ئەو سیاسەتەیان درێژەپێبدەن و مافی سیاسی کورد پشتگوێ بخەن ".

قاسملوو وەک ڕێبەریکی کارێزمای کورد نەخشی گەورە و گرینگی سیاسی و مێژووی گێڕاوە و سێبەری بوێری و خۆنەویستی کێشایە سەر هەلومەرجی خەبات و بە داهێنانی فیکری سیاسی تازە و داڕشنەوەی سەرلەنوێی ژیانی سیاسی و ڕیکخراوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران. ڕێچکەی شۆڕشێکی نوێی سیاسی داهێناو ڕزگاری نیشتیمانی وەك نەخشەڕەگایەکی شیاوخستە نێوبەرنامەی کارو خەباتی حیزبی دێمۆکرات.

ئامانجی ڕزگاری و سەربەستی کوردستان، بەیەکێک لە گەورەترین هیوای ژیانی دکتۆر قاسملوو دادەنرێ و ئەگەر جووڵانەوەکەیشی نەگەیاندبێتە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵام شۆڕش بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە کوردستان گەشەیکرد و خەڵکی کوردستان شانازی بە بەهانەتەوەی و نیشتیمانیەکانی خۆیانەوەدەکەن.

بێگومان شۆڕشی خەڵکی کوردستان دەسکەوتی زۆری بەدەست هێناوە و هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاکامی ئەو خەباتەن کە لە کوردستان بەردەوامیان هەبووە و بۆ ساتێکیش بێت گەلی کورد لە شۆڕش و تێکۆشان دوور نەکەوتۆتەوە و لەباری سیاسییەوە ژیانی ڕێکخراوەی ئالۆگۆڕی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری ١١</u>**

## دکتۆر قاسملوو سەرچاوی سەربەخۆی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبە.

هزری دکتۆر قاسملوو حیزبی دێموکراتی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و بڵاوەلێکردنی تەشکیلاتی حدک ـی بەتەواوی بووژاندەوە و خستیە سەر ڕێچکەی ڕاست و دروستی خۆی و بە دانانی بەرنامە و سیاسیەتی گونجاو توانی پشتیووانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بۆ لای حیزب ڕابکێشێتەوە.

لەلایتریشەوە توانی زۆر زانستیانە لەباری سیاسی و تەشکیلاتیەوە سەربەخۆی ڕێکخراوەی بۆ حیزب گەراندەوە و لە بەستراوەی تەشکیلاتی بەحیزبی توودە پاراستی و سیاسەتی حەکیمانەی کردە بەردی بناخەی پەیوەندیە دیپلۆماسیەکانی.

جووڵانەوەی سیاسی لە ئێران و کوردستاندا پێی نابووە قۆناخی گەش و پەرەگرتنی حدکا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بۆوە بە جێگای سەرنجی دەرەوە و نێو خۆی کوردستان.

حیزبی دێمۆکرات بەهێزی جەماوەری و کاروهەڵسورانی کادر و پێشمەرگەکانی بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران و کاریگەری هێزی پێشمەرگە، چەند جارێک نوێنەرانی تارانی هێنایە سەر مێزی دیالۆگی سیاسی بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە لە سەر مەسەلە ئەساسی و بنەڕەتیەکان بە ڕێگا چارەیەک بگەن و گەلی کورد بەمافی خۆی بگەیەنێت.

دکتۆر قاسملوو وەک ڕیبەرێکی وشیارو تێکۆشەری کورد زۆر مایەی لە خۆی دانا بۆ ئەوەی گەلی کورد سەری بەرزبێت لە نێوگەلاندا و شۆڕشەکەی بەهێزتر دەربکەوێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوەی مومکین ئاوڕپلێبدرێتەوە.

ئەو تەنیا وەک سکرتیری گشتی حیزب، هاوکێشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرژەوەندی کورددا نەگۆڕی، بەڵکوو بەسەردەمی سەرهەڵدانی بیری ئازادیخوازی و مافپەروەریش بە حیسابدێ. ئەو پیاوە گرینگەی مێژووی هاوچەرخی نوێی ئێران بە جۆرێک ڕێبەری شۆڕشی دەکرد کە ناسینێکی گونجاوی سیاسی و مێژووی لە سەر قۆناخەکانی خەبات هەبووە و ئەو جیهان بینیەی سەبارەت بە هەلومەرجی گێتی بوویەتی کەڵکی وەرگرتووە و "جووڵانەوەکەی بە جۆرێک ڕێکخستووە کە بتوانێت پشتیووانی بەربڵاوی خەڵک بۆ لای شۆڕش ڕابکێشێت و هەرلەوکاتەیشدا شوناسێکی بەرچاوروونانە لە سەر ماف و ئازادیە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی خەڵک وەك بیروباوەڕی سیاسی لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بڵاو بکاتەوە "و تۆوی هیوا و سەربەرزی لە نێو خەڵکدا بچێنێت و بە ڕەشبینیەوە سەیری داهاتووی سیاسی خەباتی گەلی کوردی نەکردوە.

ئەو وەك مرۆڤێكی گرینگ، بەرچاوڕوونانە تیشكی خستۆتە سەر نێوەرۆكی ماف و ئازادییە دێمۆكڕاتیكەكانی خەڵك و بۆ ئەو مەبەستەش كۆدەنگی ئەو تۆ بەهێزی گەلی كوردی لە پشتبووە كە خەڵكی كوردستان متمانەی نیشتیمانیان لە سەر پرسە سیاسی و نەتەوەیەكان خستە سەرشان.

حیزبی دێمۆكرات لە كوردستان و ئێراندا ئەو هێزە گرینگە بوو كە نەخشەی گۆڕینی بناخەكانی حوكمڕانی وڵاتی داڕشتبوو و قاسملوو لە دەیەی یەكەمی پاش بەلاڕیدابرانی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕێبەریكردنی بزووتنەوەی نیشتیمانی كورددا مەترسی زۆری لە نێو حكوومەتی ناوەندی دروستكرد و كاربەدەستانی تاران بەنیگەرانیەوە سەیری ڕۆڵی دكتۆر قاسملوویان دەكرد.

لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، ئەوەی گواستنەوەیەكی ئەزموونی لە سەر چەمكە فیكریەكانی دونیای پێشكەوتووی كردبێت و تێكەڵ كێشیكردبێ لە گەڵ قۆناخەكانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتی خۆی ، حیزبی دێمۆكڕاتی كوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی كورد دكتۆر قاسملووی نەمر بووە.

ئەو توانی بەتەنیا لە مێژووی سیاسی ئێراندا ،پاش سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەلاڕیدابرانی دەسكەوتەكانی شۆڕش بە هۆی كۆمەڵێك ئاخوندی پاشكەوتوو و كە ڕێشەی فیكریان بۆ سەدەكانی نێوەراست دەگەڕایەوە، ڕێبەری بزووتنەوەیەكی گەورەی سیاسی و نیشتیمانی بكا و ڕۆژهەڵاتی كوردستان بكات بەسەنگەری خۆڕاگری و دێمۆكڕاسخوازی و هەر لەوێشەوە بیروباوەڕی سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی بڵاو بكاتەوە و حیزب بكات بەهێزێكی ئەوەندە گەورەو بەهێز كە ڕێشەی حكوومەتی نیزامی ئاخوندەكان بخاتە مەترسیەوە.

قاسملوو توانی مێژووی كورد و ئەو خەباتەی كە ئەو دەستی پێكردبوو زۆر بە باشی بە دۆست و دوژمن بناسێنی و گەلی كورد بكا بە نموونەی گەلێكی ئاشتیخواز و دێمۆكڕات لە ئاستی جیهاندا.

ئەو كەس و هێزانەیش كە شارەزای هەلومەرجی سیاسی و مێژووی كوردستانن، زۆر باش لەو ڕاستیە تێگەیشتبوون كە لە هەموو قۆناخەكانی شۆڕشدا، حیزبێ دێمۆكڕاتی كوردستانی ئێران چەخماخەی جووڵانەوەی نوێی لێداوە و هەرئەویش بوو، بە ڕێبەری دكتۆر قاسملوو، لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا خەباتی خۆی لەسەر مەسەلەیی نەتەوایەتی چڕكردەوە.

بەدرێژایی خەباتی نەپساوەی گەلی كورد حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران تێكۆشاوە بناماكانی ژیانی نوێ لەسەر ئەساسی میكانیزمێك كە لە گەڵ هەلومەرجی كوردستان بگوونجێ ئاوێتەی خەبات بكات و مافی سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی هەموو چین و توێژێكی كۆمەڵایەتی تێیدا بەزەقی ڕەنگبداتەوە و كرێكاران و زەحمەتكێشانی كوردستان لەبەر چاوبگرین.

دكتۆر قاسملوو زۆر بەجیدی تێدەكۆشا بۆ ئەوەی ڕیفۆرمی گشتی كە بناخەكانی ژیان بەهێز بكات لە كوردستان پیادەبكرێ و لەو ڕیگایەوە ئیرادەی خواستە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی خەڵك بەداخوازیەكانیان پتەو تربكا. دیارە ئەو هەنگاوە گرینگەی بەرەوپێشەوە ناو لەسەر دەستی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئیران كە وەك هیزێكی چەپی میللی دێمۆكراتیك ناسراوە،میتۆدی ڕیفۆرمی كۆمەڵایەتی لە ماوەی كورتی حوكمڕانی لە كوردستان دەستپێكرد و

بنەمای ژێرخانێکی نوێی یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری داڕشت و حیزبی وەك پارێزگاری لە ماف و ئازادی خەڵکی کوردستان پێناسەکرد.
ئەو دەمی هەموو هێزەکان وەک یەک لایەنگری چارەسەری کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد نەبوون لە کوردستان و بگرە هێندێکیان بە زۆر هۆکاری جیا جیا دژی مەسەلەکەیش دەوەستانەوە ، لەبەر ئەوەی سەربەخۆی سیاسی و بڕیاردان لەسەر مەسەلە ئەساسیەکان کە بەقازانجی کورد دەشکایەوە بەدەستیخۆیان نەبوو و، بە هۆی بەستراوەیان بە هێزە چەپە سەرانسەریەکانی ئێرانەوە.
زۆر جار ناوناتۆری ناشیاویان لەسەر حدکا و ڕێبەرایەتیەکەی بڵاو دەکردەوە و لەو پەیوەندیەدا هێرشی تۆندیان دەکردە سەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو، بەتایبەت کرابوو بە نووکی ئەو چەواشاکاریانە و دیان ویست لەو ڕێگایەوە بارودۆخی خۆیان بەرەو باشی بەرن و درز بخەنە نێو ماڵەگەورەکەی دێمۆکرات و جووڵانەوەی نیشتیمانی کورد.
زۆر بەڕاشکاوی و شانازیەوە دەتوانین بڵێین دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو ڕێبەرانەی کوردە کە بەمانای وشە تایبەت مەندی ڕێبەری نەتەوەی هەڵگرتووە و بە کردەوە و هەڵوێستە سیاسیەکانی گەورەی و سیاسی بوونی خۆی بە هەموو لایەک سەلماندوە.
بەکورتی " دکتۆر قاسملوو وەك زانکۆی پڕلەزانست و شارستانیەتی نوێ توانی لە ڕێگای بیرکردنەوە و داڕشتنی بەرنامە و ستراتیژی درێژخایەن ، جەوهەری خەباتی سیاسی گەلی کورد بگۆڕێ و حیزبی دێمۆکرات بکا بە هێزێکی گەورەو و خاوەن بڕیاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا".



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری ١٢</u>**

## قاسملوو بزووتنەوەیەکی مۆدێڕنی خستە سەرپێ!

بەدوای دارمانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران (ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی) و هاتنەکایەی گۆڕانکاری نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی وڵاتدا، خەڵکی کوردستان بەکردەوە داوای مافی سیاسی و نەتەوەیەتی خۆی هێناگۆڕێ و بۆ ئەو بەمەستەش گەلی کورد شوێن بڕیارو هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کەوتن و گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو لەووەختەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێراو بەرچاوورونی باش خرایە پێشچاوی گەلی کورد سەبارەت بە ئەرک سیاسی و نەتەوایەتیەکان. دکتۆر قاسملوو بەهۆی شارەزای سیاسی و ناسینی کەسایەتیە ئاینیە شیعەکانی ئێران و لەسەرەوەی هەمووی ئەوانەشدا خومێینی ، بەو نەتیجەیە گەیشتبوو کە وڵات بەرەو بارگرژی دەڕوا و دەسەڵاتدارانی تاران مایەی چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان تێدا بەدی ناکرێ. هەر بۆیە گەلانی ئێران دەبێ ئەرکی گرینگی خۆیان لەو چوارچێوەیەدا بەرێوەبەرن و بەگشتی گەلانی وڵات پشتیووانی لە سیستمی سیاسی و حوکمڕانی کە بناخەکانی لەسەر بنچینەکانی حکوومەتێکی دێمۆکراتیک دابمەزرێ لایەنگری بکەن و ڕێگا بەداروەدەستەی خومێینی نەدرێ دەسکەوتە گەورەکانی شۆڕش لە بەرژەوەندی تاقمێک ئاخوند کە نوێنەرایەتی تەنیا یەك نەتەوە دەکات لە بەرێوەبردنی وڵاتدا باڵادەست بکرێن.

دکتۆر قاسملوو لەو بڕوایەدا بوولە ئێرانی تازەدا دەبێت سیستمێکی نوێی حوکمڕانی دابمەزرێ و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو گەلانی وڵات پێویستە بەشداری پرۆسەی سیاسی و نووسینەوەی دەستوور بکەن و بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ماف و ئازادیە دێمۆکڕاتیکەکانی نەتەوەکانی ئێران لە دەستووری وڵاتدا ڕەنگبداتەوە و بەو شێوەیە حکوومەتێکی بنکە فراوان لە سەر ئەساسی شەراکەتی هاوبەش بێتە ئاراوە. دیارە ئەو کات بە شکڵێکی گشتگیر ڕێکخراوە سیاسیەکان لە بەشەکانی تری ئێران کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلیان لە پشت بێت بەتەواوی خۆی نەگرتبوو و ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانیان وەک ئەمڕۆ ڕادیکاڵو تۆخ دەرنەکەوتبوو.

لە ڕەوشی سیاسی ئەوکاتی ئێراندا ئەو مرۆڤەی کە شیاوی پشتگیری و پێبەخشینی متمانەی سیاسی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانبوو دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دیاری کراو گەلی کورد وەك نوێنەری ڕاستەقینەی ناساندی.

ڕێژیمی ئێران و بەتایبەت خومێنی کە شارەزای هەڵوێستە سیاسی و نەتەوەیەکانی دکتۆر قاسملوو بووە حەزینەکردوە رووبەروو لە گەڵیدا بکەوێتە گفتۆگۆی سیاسی و دڵنیابووە کە ئەو زۆر شارەزایانە دەتوانێت باسی ئەو مەسەلانەبکات کە پەیوەندیان بە کێشەی سیاسی گەلی کورد و گالانی تری وڵاتەوە هەیە و لە داهاتوودا ئێران بەرەو گۆڕانکاری قوڵ ڕێبەری و ڕینوێنی دەکات.
ڕێبەرانی ڕێژیم بەردەوام حاشایان لە چەمکی فرەنەتەوەی بوونی ئێران کردوەو و هەتا ئێستایش ئەو ڕاستیە ناسەلمێنن و بەردەوام لای لەوە دەکەن کە لە واقعیەتە سیاسی و مێژوویەی ئێران تێبگەن و بابەتی فرەنەتەوی قبوول بکرێت.
ئێران ئەو ولاتەیە کە دکتۆر قاسملوو توانی بەهەولو خەباتی بەربڵاوی خۆی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا، پایەکانی بخاتە مەترسییەوە و بیروڕای خەڵکی وڵات لەسەر بەرنامەی دژی گەلییەکانی بۆ هەموو لایەک و گەلانی وڵات روونبکاتەوە و فرەنەتەوەی بوونی ئێران بسەلمێنێ و هەموو لایەک لەسەر ئەو بابەتە وشیار بکاتەوە و یەکڕیزی فیکری سەبارەت بەو مەسەلەیە بەدەسەت بێنێت.
ڕێژیمی تیرۆریست و پیاوکۆژی ئێران مەترسی ئەوەیان لەلای دروست ببوو کە دکتۆر قاسملوو لە ڕێگای خەباتی بەربڵاویەوە پایەکانی حکوومەتی ئاخوندی خستۆتە مەترسی لە نێوبردن و هەربۆیەش پاش مەرگی "خومێینی" خوێنمژ پلانی شەهیدکردنی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لە دەرەوەی وڵات داڕشت و بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتن و کەوتنە لێدانی سەری جوولانەوەی سیاسی کورد.
هەر چەندە ئەو تیرۆرکردنە بەنرخی ڕیسوای سیاسی و دیپلۆماسی حکوومەتی ئاخوندی کۆتای پێهات و ئێستا ئێران ئەو وڵاتەیە کە بە ڕێژیمێکی ترسەناک دەناسرێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا و بەردەوام پشتیووانی لە سیاسەتی ئاژاوەگێڕێ و بارگرژی نێونەتەوەی دەکا.
ئەوەی بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە خەڵکی کوردستان دکتۆر قاسملوویان وەک نوێنەرو ڕێبەری خۆیان دیاریکردبوو بۆ ئەوەی لە ئاستی ئێراندا نوێنەرایەتی کورد بکات بەمەبەستی چەسپاندنی داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لە چوار چێوەی وڵاتدا.
ئەو لە ڕێگای دەنگدانی گشتیەوە شەرعیەتی پێدرا و بەشانازیەوە ڕێبەری خەباتی سیاسی گەلی کوردی گرتە ئەستۆ و پاشان دکتۆر قاسملوو بەهەق ڕۆڵی گرینگ و لە بیر نەکراوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێڕا و لە نێوخۆی حیزبدا هەرگیز ڕێگای ئەوەی نەدا هیچ کەس و دەستەیەک بەو ئامانجەیان بگەن کە حیزب لە سەر ڕێبازی سیاسی و نیشتیمانی خۆیدا بە لاڕێدابەرێ و ئەو بزووتنەوەیە بکرێت بە پاشکۆی هێز و لایەنی تر کە لە ئێران دا نفوزو پێگەی بەهێزیان هەبووە لەو سەردەمەدا .
نموونەکەیش دەکرێ ئامازە بە پەیڕەوانی کۆنگرەی ٤ بکەن کە خۆیان کردبۆوە بە پاشکۆی حیزبی توودەی ئێران و بەو ئاوازە بە سەمادەکەوتن کە دەنگی لە مسکۆوە هاتبا. بەڵام حیزبی دێمۆکڕات بە هۆی بیرمەندی و لێوەشاوەی دکتۆر قاسملوو توانی ئەو رێگا سەختانەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر کەوتووی بەرەولوتکەی سەرکەوتن ببڕێ. لەو قۆناخە سەخت و دژوارەی

کوردستاندا، ڕێبەرایەتی شۆڕشی خەڵکی کوردستانی بە ئەرکی گرینگ و نیشتیمانی دادەنا و بە سەربەرزیەوە شۆڕشی بەرەوپێشەوە ڕێبەری دەکرد.
تێکۆشانی بەردەوامی حیزبی دێمۆکرات لە نێو خەڵکی کوردستان، توانی پردی پتەوەی متمانەی سیاسی دروست بکا و گەلی کورد بەشێوەی گشتی پشتیووانی لە بەرنامەی سیاسی حیزب کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی سیاسیان بوو بکەن بە هەوێنی دەست پێکی خەباتێکی نوێ. دکتۆر قاسملوو توانایەکی بێوێنەی هەڵسەنگاندن و خۆگنجاندنی سیاسی و ستراتیژی دارشتن و دیاریکردنی بەرنامەی رووبەرووبوونەوەی هەبوو و زۆر لێزان و شارەزایانە خوێندنەوەی میتۆد و میکانیزمی خەباتی دەکرد و نەیارانی بەباشی دەناسی.
خەباتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ڕووبەرێکی بەرینی بۆخۆی گرتبۆووە و ئێستاش ئەو شۆڕشە بەردەوامیهەیە و، کە تێدا زۆر شێلگیرانە جوولانەوەیەکی مۆدێرنی نەتەوەیی ڕێبەری دەکا و گەلی کوردی وشیار کردەوە لەسەر ئاستی سیاسی ماف و ئازادییە دێمۆکڕاتیکەکانیان.
لەو سەردەمەدا حیزب و ڕێبەری حیزب بەتەنیا لە کوردستاندا جووڵانەوەی نەتەوەیان بەڕێوە دەبرد و بەداخەوە کۆمەڵە بەتەواوی پشتی لە مەسەلەی نەتەوایەتی کردبوو و زۆر "شەرمێونانە" باسی ئەو بابەتەی دەکرد و هەتا لەو پەیوەندیەدا ناکۆکی لە گەڵ حیزبی دێمۆکڕات پەرەپێدا و بەداخەوە شەڕی نێوخۆیشی لێکەوتەوە.
بەڵام ئێستا بە خۆشیەوە کۆمەڵەکان لە رووی نەتەوایەتیەوە بەو ڕێچکەیەدا دەڕۆن کە حیزبی دێمۆکرات ڕێبەریکردوە و ڕێچکە فیکریەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دارشتووە و فیکری نەتەوەی بە قۆناخی ئێستا گەیاندوە کە بیری سەربەخۆی لەلای زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد سەری هەڵداوە.



**محەممەد سلێمانی**

**وتاری١٣**

## دکتۆر قاسملوو لایەنگری ئاشتانەی پرسی کوردی کردوە.

دکتۆر قاسملووی وەك ڕێبەرە گەورە و ناودارەکانی دونیا خاوەنی داهێنان و داڕشتنی فیکری سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ و بەرچاو بووە و هەتا لە مێژووی ئێرانیشدا وەك پیاوێکی بێ وێنە و دەگمەنی ژیر کە خاوەنی هەڵوێست و خوێندنەوەی سیاسی و مێژووی سەردەمیخۆی دەناسرێ و بە زانکۆی بزووتنەوەیەکی مۆدێڕنی نەتەوەی و دێمۆکڕاسیخوازی لە کوردستان دەژمێردرێ.

چەمکە فیکریەکانی بەدڵنیایەوە کۆمەڵگای کوردستانی بەرەوگۆڕانکاری فراونبرد و، کاتێک باسی دێمۆکڕاسی و مافی سیاسی و ئازادیە دێمۆکڕاتیکەکان دێتە بەرباس و چاوبە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگێڕێت، بە خێرای خەیاڵ و چاوەکان دەچنە سەر تێزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دکتۆر قاسملووی.

ئەو وەك ڕێبەرێکی بلیمەت زۆر فەلسەفیانە بناخە فیکرییەکانی چەمکی دێمۆکڕاسی و سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیکی هێناوەتە نێو کولتووری سیاسی کوردستان و شیکردنەوە وردی لەسەر کردوە و بەجۆرێکی ئەوتۆ ڕیکیخستۆتەوە کە لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بگونجێ. دکتۆر قاسملوو سۆسیالیزیمی وەک سیستمێکی دادپەروەری ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شیاوترین چەمکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەنا بۆ ئەوەی لە کوردستاندا لە ڕێگای جێگیرکردنیەوە یەکسانی باڵ بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستاندا بکێشێ و لەو ڕێگایەوە کۆتایی بە شوێنەوارە نالەبارەکانی هەژاری و جیاوازی چینایەتی بێت.

لەو ساڵانەی دوایدا چەند کەسێک کە وێناچێت شارەزای تەوایان لەسەر فیکرو ڕێبازی دکتۆر قاسملوو هەبووبێت، زۆر ساوێلکانە و بێبنەما هێرشیان بۆ سەر خەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەستپێکرد و هەوڵیاندا روخساری سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتێک و داهێنانەکانی تری بشێوین و ئالۆزی بیرورا لەو پەیوەندیەدا لە نێو ئەندامان و دۆستانی حدکا دا پەرەپێبدەن.

ئەو پیاوە مەزنەی مێژوو ئاستی خواستە نەتەوایەتیەکانی زۆر قوڵو ڕادیکاڵانە هێنایە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان پاش داڕمانی حکوومەتی شاو باڵادەستبوونی ئاخوندەکان لە مێژووی سیاسی ئێراندا.

حیزب بە هیچ جۆرێک پشتینەکردە خواستە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد و مەرجی بۆ دیالۆگ و وتوویژ لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا، ئەوەبوو کە مافی سیاسی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بسەلمێن و کورد وەك نەتەوە قبوڵبکرێ و هەر لەوکاتەشدا سنووروسەراوردە جوگرافیەکان

دەست نیشان بکرێن. هەر لەسەرەتاوە دکتۆر قاسملوو شکڵی فیدراڵی بە باشترین ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ گەلانی ئێران پێشنیار دەکا، بەڵام بەهۆی لاوازی هەستی نەتەوەی و نەبوونی هێزی سیاسی کە شوێنیان لەسەر ڕووداوەکانی وڵات هەبێ و وەك نوێنەری نەتەوەکەیان بناسرێن، دروشمی ستراتیژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە خۆی لە خودموختاریدا دۆزیەوە دیاری کرا.
سیاسەتی حدکا لە سەر بنچینەی بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەی نراوە و دکتۆر قاسملوو بەڕاشکاوی داوای ماف و ئازادی تەواوی بۆ گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیم و حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ئێران دەهێنایە گۆڕ و شەرمێونانە ئەو داوای پێشکەش نەکردوە. دژی هەموو جۆرە هەڵاواردنێکی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینیی هەڵوێستی گرتووە و لایەنگری لە داخراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەکردوە و زۆر بە روونی ئەو بابەتەی ڕەدکردۆتەوە و هەمیشە تێدەکۆشا ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە ئێران و کوردستاندا بەشێوەی بەربڵاو پەرەبستێنن.
قاسملوو باوەڕی بە یەکسانی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان هەبوو هەتا لەو بڕوایەدا بوو کە حێزب کاتێک دەتوانێت بە هەموو ئامانجەکانی بگات کە بەرنامەی دادپەروەرانەی بۆ دانیشتووانی کوردستان هەبێ و مافی هەموو تاکێکی لەبارچاوبێت و لایەنگری مافی زەحمەتکێشان و کرێکارانی کوردستان بێ.
دکتۆر قاسملوو باوەڕی قوڵی بەمافی بەرابنەری ژن و پیاو لە خێزان و کۆمەڵدا هەبوو و لەسەر ئەو نەزەریەبوو کە ، ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا نابێت بە هیچ جۆرێک پشتگووێ بخرێن و ئەو دەرفەتەیان بۆ پێک بێ هەتا شان بەشانی پیاوان لە کوردستاندا بەشداری کارو تێکۆشانی سیاسی و ژیانی ڕێکخراوەی بکەن.
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز لەسەر بنەمای دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە و، دژی هەڵاوارن و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤە و، بەچاوی یەکسانی سەیری پێک هاتەی کۆمەڵگای کوردستانی کردوە.
قاسملوو ئەو پیاوە گرینگەی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو کە توانی "چەمکی فرەنەتەوەی" بوونی ئێران بسەلمێنێ و بە خۆشیەوە ئەو بابەتە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی لە نێو ئەدەبیاتی سیاسی گەلانی وڵاتدا ڕەنگیداوەتەوە و ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیە بەربڵاوتر لە سالانی ڕابردوو خۆی دەرخستووە. دیارە ئێستاش زۆر لە شۆڤێنیستەئێرانیەکان دەماریان بە بیستنی وشەی ئێرانی فرەنەتەوەی دەگیردرێت کە دەگۆترێ: "ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و بێجگە لە نەتەوەی فەرمانڕەوای فارس، ئازەری و کورد ..... هتد دەژین"
حیزبی دێمۆکرات لە سایەی هەڵوێستی سیاسی و بەشەردۆستانەی ڕێبەرەکەیدا بە خێرای لە کوردستان پەرەیگرت و بوو بەو هێزە گەورەو کاریگەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چاوەڕوانی گۆڕینی نەخشەی سیاسی ئێرانی لێدەکرا. ئەو چ وەك سکرتێری گشتی حیزب و چ وەک سەرکردەیەکی سیاسی و دێمۆکرات و ڕێبەری جووڵانەوەی مێژووی نوێی گەلی کوردستان ، ڕێگای بەکەسێک و دەستەیەک نەدا ئاستی پەیوەندییە سیاسی و دیپڵۆماسیەکانی حیزب لە گەڵ حکوومەتی ئەوسای سەدام حوسێن دا، بەقازانجی خۆیان بەکاربێن و زیان بە بەرژەوەندی گشتیی

گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بگەیەنێت و دۆستایەتی سیاسی و دیپلۆماسی لە سەر حیسابی برا کوردەکانی دابمەزرێنێت.
بەڵکوو کاتێک کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمی بینیوە لە بەغدا، باسی لە هەڵوێستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کردوە و بەڕاشکاوی بە سەدام و حکوومەتی ئێراقی گووتبوو کە ئەوان نەتوانن بە ڕێگای توندو تیژیەوە بەسەر شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا سەربکەون، پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکوومەتی ناوەندی بە ڕێگای ئاشتیەوە ئەو کێشەیە لە نێوخۆیاندا چارەسەربکەن لەسەر ئەساسی ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسی و نەتەوەی دوولایەنە.
بەڵکوو ئەوە ئێوەن دەتوانن بە ڕێگای ئاشتیەوە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن و، لە ئاکامی ئەو بەرچاوروونیەدا بوو کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا لە نێوان یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و حکوومەتی ئێراقدا دیالۆگی ئاشتی دەستی پێکرا. دیارە ئەو کات بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و ئاستی ئاڵۆزی پەیوەندیەکان هەنگاوەکانی ئاشتی بەرەو ستی ڕۆیشت و شەر هەڵگریسایەوە لە کوردستاندا.



**محەممەد سلێمانی**

**وتاری١٤**

## ئەو ڕێبەرێک بوو بە هەڵوێستەکانی خزمەتی بە پرسی کورد کردوە.

دکتۆر قاسملوو لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیدا هەڵویستێکی ئەوتۆی نەبووە کە زیانی بە جوڵانەوەی گەلی کورد گەیاندبێت و لە ڕەوتی خەباتدا هەرگیز پشتی نەکردۆتە شۆڕش و لەلایتریشەوە بە دڵی دوژمنانی کورد بڕیاری سیاسی دەرکردبێ و سەربەخۆی سیاسی و ڕێکخراوەی فیدای بەرژەوەندی کاتی خۆی و حیزبایەتی کردبێ و داخوازی سیاسی و نەتەوەی کوردی وەلانابێت و بەپێچەوانەوە بڕیاری سیاسی دابێ کە شوێنەواری نالەباری لێکەوتبێتەوە.

ئەگەر ئێستا بەراوردێک بکەین سەبارەت بە ئاستی پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی حیزب لە گەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و، دۆستە ئۆروپایەکاندا ڕەنگە باشتر ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرادبێ و ئەو میکانیزمەی کە بۆ کاروباری پەیوەندیەکانی حیزب دکتۆر قاسملوو کاری پێدەکرد، گاریگەری شوێندانەری هەبووە.

دکتۆر قاسملوو کە بە پیاوی گرینگ و سیاسی لە نێو بزووتنەوەی کورد ناسرابوو ، بێگوومان دەوری ئەرێنی لە ئاستی پەیوەندیەکاندا گێراو ئەو بیانیانەی دڵیان بۆ پرسی سیاسی کورد لێیدەدا بە پەڕۆشەوە ئامادەیان پێشاندەدا بۆ ئەوەی بناخەی دۆستایەتی سیاسی و دیپڵۆماسی لە گەڵ دەبمەزرێنن و هاوکاری کورد بکەن. قاسملوو ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەی کورد بوو کە چەند جارێک کەسایەتی بەرزی سیاسی نێونەتەوەی هێنانە کوردستان هەتا لە نیزێکەوە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و شۆڕش ببینن. بەڵام ئێستا بەداخەوە ئەو ڕێچکەیە بەتەواوی بەرەو کاڵبوونەوە چووە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕەوشێکی لەبارتر لە ئاستی دەرەوەدا بۆ کورد هاتۆتە ئاراوە و ئەگەر حیزبی دێمۆکرات بەشی پەیوەندیە نێونەتەوەیەکانی کارو چالاک بکاتەوە و ئەزموونی ڕابردوو تاقی بکاتەوە، ئەو بوارەی بەرەو گەشەکردنی بەرچاوتر دڕوات.

دکتۆر قاسملوو خاوەنی کەسایەتیەکی بە هێزو پتەوی ڕۆشنبیری بوو ، بەدڵەوە کوردستانی خۆشدەویست و بە چاوی جیاوازی سەیری بەشەکانی کوردستانی نەکردوە و، هەر کاتێک هەلێکی گونجاوی سیاسی بۆڕەخسابا چ لە ئاستی نێو خۆی وڵاتەکاندا و یان لە ئاستی دەرەوەدا ، بە ئەرکی خۆی دەزانی هاوکاری و پشتیووانی پێشکەش بە جووڵانەوەی سیاسی ئەو بەشەی

کوردستان بکا، ئەگەر ئەو هاوکاری بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد بە ڕێگای ئاشتیدابووبێت.

دکتۆر قاسملوو لەوبڕوایەدا بوو، چارەسەری کێشەی لە مێژینەی گەلی کورد، تەنیا بەڕێگای ئاشتی و لێکتێگەیشتن ئەنجامیدەبێ و ئەو ولاتانەیش کە خاکی کوردستانیان بە پێچەوانەی ئیرادەی گەلی ئێمە بەسەرخۆیاندا لکاندوە، هەنگاوێکی نامرۆڤانە و دژ بەهەموو ڕێساویاسایەکی نێونەتەوەیان بەدژی کورد ناوە، بێگوومان هەتا سەر ئەو سیاسەتە درێژەی نابێ و بەردەوامبوون لەسەری مەترسی لە سەر ئاسایشی ئەو وڵاتانەش دروست دەکا.

قاسملوو کاتێک دەهاتە سەر چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەو چوار وڵاتەی نیشتیمانی کوردیان بەسەرخۆیاندابەشکردبوو بەوجۆرە باسی هێوەرکردنەوە و وتووێژی دەکرد و هەرگیز بەزمانی زبر قسەی نەدەکرد و بەنەزاکەتەوە باسی کێشەکانی دەکرد و دەیگووت: " ئەگەر ئەتۆ بێی و مافی کەسێکیتر پێشێل بکەی و تارادەی ئینکاری نەتەوەی بڕۆیەپیش لە سیاسەتی داگیرکردندا، بێگوومان زیانێکی گەورە بەئاشتی و پەیوەندیە دوو قۆڵیەکان دەگەیەنیت و ئومێدی پێکەوە دانیشتن بەرەولاوازی دەڕوات و باوەڕومتمانە لە نێوان گەلانی پێک هێنەری وڵاتانی وەك تورکیە و ئێران و سووریە و ئێراق نامێنێ و ڕقوقینە گەشەدەکات".

ئەو سیاسەتەی دوژمنانی کورد بە درێژای مێژوو لە بەرانبەر گەلی کورد پەیڕەویان لێکردوە، ئینکاری نەتەوەی کورد و لە نێوبردنی لەسەر خاکی خۆی بووە. دیارە بە هۆی سەرهەڵدان و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئەو ئاواتەیان بەدی ناهاتووە و نەیانتوانیوە بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا زاڵبن و بێ هیوای بکەن لە خەباتکردنی لە پێناو ئەستاندنی مافی سیاسیدا.

دکتۆر قاسملوو بەهۆی دانای و لێهاتووی لە دانیشتنی لە گەڵ کەسایەتی و هێزە دێمۆکڕاتیکەکاندا زۆر بە خێرای کاریتێکردوون و شوێنی بەرچاوی لەسەر داناون و بەجارێک چۆتەناودڵیان و زۆر بەکراوەی گوێیان بۆ تێڕوانینەکانی سەبارەت بە کێشەی سیاسی گەلی کورد گرتووە و مەسەلە کانیان لە سەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان و بارودۆخی سیاسی ئێران بە هێند وەرگرتووە.

ئەو وەك سیاسیەکی لێزان زۆر زانستیانە باسی کێشەی ڕەوای گەلی کوردهێناوەتە گۆڕ و کاتێکیش تیشکی خستۆتەسەر ماف و ئازادیە دێمۆکڕاتیکەکانی خەڵکی کوردستان ، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە گەلی کورد داوای مافی سیاسی خۆی دەکا و وەرگرتنی ئەو مافەیش نابێت لەسەر حیسابی پێشێلکردنی مافی سیاسی نەتەوەیەکی تر بێ، بەڵکوو بە شێوەی سیاسی و یەکسان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن بەسەر هەرێمەکانی ئێران دابەشبکرێ.

دکتۆر قاسملوو سەرێک بوو لە نێوسەراندا دیاربوو و هەتا ئەو ناوبانگەی کەوتبوو سەرزاری کۆمەڵگای سیاسی وڕۆشنبیری ئۆروپا و ئەمریکایش.

هەڵسەوکەتی زۆر نایەبوو و جێگای سەرنج و لیوەربوونەوەی دۆستان و نەیارانی حیزب بووە. کەمواهەبووە لە کاتی تەنگانێدا بشڵژێ و لە بڕیارداندا دەست و پێیخۆی بزربکات، بەڵکوو زۆر بەئارامی و هێمنی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و

ئێران و کوردستانی کردوە و بەردەوامیش ڕاپرسی لە نێو ئۆرگانیە حیزبیەکاندا بەڕێوەبردوە وەک نەریتێکی جوانی شارستانی، بۆ ئەوەی تەشکیلاتی حیزب بە گشتی لە بڕیاردانەدا بەشداری پێبکات و بەرپرسیارەتیەکە بۆ هەموو لایەک بێ.
بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو بابەتە بەتەواوی بەرەو کاڵبوونەوە چووە و وەك پێویست کاریگەری لە سەر ژیانی سیاسی ڕێکخراوەی نەماوە و هەتا ئەگەر ئەو ڕاپرسییەش ئەنجامبدرێ وەک پێویست کاری پێناکرێ. ئەو کاتەی کە شەری ماڵوێرانکەری ٨ ساڵەی نێوان ئێران و ئێراق کۆتای پێهات، دکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی سیاسی لیزانی کورد زۆر بەشێوەیەکی سیاسیانە هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کردو لەو بڕوایەدابوو ئەو دوو وڵاتە بەو ئاسانیە و بە خێرای ناتوانن لە سەر هەموو مەسەلە ئەساسیەکان بگەنە نەتیجە هەتا کورد نیگەرانی دووبارەبوونەوەی مێژوو بێ و، ڕووداوی ڕێککەوتنی جەزایری لێبکەوێتەوە کە لە ساڵی ١٩٧٥ لە نیوان سەدام حوسین و شای ئێراندا ڕوویدا و بۆ بزووتنەوەی سیاسی کورد لە کوردستانی ئێراق شکەستی گەورەی لێکەتەوە و شۆڕش بڵاوەی پێکرا.



محەممەد سلێمانی

وتاری١٥

# خەڵکی کورستان متمانەی ڕێبەری نەتەوەیان بە قاسملوودا!

دکتۆر قاسملوو لایەنگری ئاشتیانەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دەکرد و ئاشتی پێ باشترین ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستانبوو. ئەو شەڕەیش کە لە کوردستان بەدژی حکوومەتی ئاخوندی هەڵگیرسا سۆچی حیزبی تێدانەبوو، شەڕێکی داسەپاوبوو کە خومێینی و دارودەستەکەی بەسەر گەلی کوردیاندا سەپاند و کۆردیش بۆ ئەوەی بەرگری لە مانەوەی خۆی خۆیبکات، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری خەباتی چەکداری بەدژی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند. کاربەدەستانی تاران ئەو ڕاستەیان بۆ دەرکەوتبوو کە قاسملوو شەڕ بۆ شەڕ ناکات، بەڵکۆ ئەو شەڕی بەرگریە دەکا. هەڵویستی ئاشتیخوازانەی دکتۆر قاسملوو هانی کاربەدەستانی حکوومەتی تیرۆریستیدا کە پلانی لە نیوبردنی بۆ دابڕێژن.

یەکەم هۆکار ئەوەبوو کە دکتۆر قاسملوو حدکا بە جۆریکی ئەتۆ بەهێز و کاریگەرکردوە و بناخەکانی حکوومەتی مەرکەزی لە ڕێشەوە لەق کردوە و ئەگەر چاری ڕەوشی خۆیان نەکەن، حیزبی دێمۆکرات گۆڕانکاری گەورە لە ئێراندا بەدوایخۆیدا دێنێ وئەوکات ناتوانن بەسەر شەپۆلی ڕووداوەکاندا زاڵبن و خۆیان ژێر دەکەون. هەر بۆیە بیریان لەوەی کردەوە بە هەر ڕێگایەکدابێ قاسملوو لەسەر ڕێگای خۆیان لابدەن و کۆتای بەو نیگەرانیەیان بهێنن کە لەسەر حکوومەتەکەیان دروست ببوو.

بەداخەوە بەوجۆرە گرینگترین پیاوی سەردەم کە بە جووڵەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان دەستی پێکردەبوو، ڕیشەی نیزامی ئاخوندی وەلەرزە خستبوو و، لە ڕێگای بەرفراوانکردنی جۆمجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی، پیاوانی ڕێژیمی ئاخوندی بە تەواوی تۆشی شڵژان و ترسکردبوون. ئامانجیان لە تیرۆکردنی سیاسی دکتۆر قاسملوو ئەوەبوو نیزامی ئاخوندی لە مەترسی نێوخۆی بپارێزن و لەو ڕێگایەوە ئێران بەرەو سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرن. چوونکی کاربەدەستانی تاران زۆر باش لە هێز و نفوزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ترسیان ڕێنیشتبوو و بەتایبەت ئەو ڕۆڵە گرینگەی دکتۆر قاسملوو لە مێژووی

سیاسی ئێران و کوردستان لە شەستەکاندا لەبەرانبەر ڕێژیمی پیاوکوژی ئاخوندی ئێران دەیگێرا و زۆر ژیرانە و سەردەمەیانە ڕێبەری جووڵانەوەی کوردی بەئەستۆکرتبوو.

ڕۆڵی ئەو پیاوە گرینگەی مێژووی سیاسی ئێران و کوردستان کەم وێنە بوو و، ئێستایش شوێنەوارەکانی لەسەر خەبات ماون و ڕۆڵی بێوێنەی سێبەری کێشاوەتە سەر ڕووداوەکانی داهاتوو و، خەلکی کوردستان لەوڕاستیە گەیشتووە کە حیزبی دێموکرات تاکە هێزی سیاسی کوردە کە دەتوانێ چارەسەری دۆزی سیاسی گەلی کورد بکات لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. لە کوردستان هەر شوێنێک بۆی دەچی و ڕوویتێدەکەیت، هەست بە بوونی ئەو پیاوە گەورەیەدەکەی و کەس نیە بە ناو هێنای شانازی نەکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دیارە دەستەیەکی پچووک هەن کە بەناو هێنانی دکتۆر قاسملوو ئاراوقارەیان لێدەبڕێ و حەساسیەتیان بە ناوەکەیشی هەیە و هیچ دوور نیە بەشێکیان هەتا ئێستایش لەسەر سفرەی ئەو مرۆڤە گەورەیە نانبخۆن و خۆیان لە شێبەری ڕێبازەکەیدا حاشاردابێت و بەنابەدڵیەوە خۆیان بەدرێژەدەری ڕیگاو ڕیبازی دابنێن. هەتا ئەو دەستەیەی کە نەیاری حیزبی دێمۆکرات و دکتۆر قاسملوو بوون لە ڕۆژی تیرۆرکردنەکەیدا، بە تەقەی خۆشی و شایکردن خۆشحاڵی خۆیان دەربریبوو و خەبەری تیرۆری سیاسی دکتۆر قاسملوو بەشێکیان پێی سەرمەست ببوون.

ئێستا تێکۆشەرانی حیزب و ڕێبوارانی بەئەمەگی دکتۆر قاسملوو لە هەموو کاتیک زیاتر پێویستیان بە یەکڕیزی و تەبای سیاسی و تەشکیلاتی نێو خۆی هەیە و ئەگەر خۆیان لە نیوخۆیاندا کۆک و یەکدەنگ نەبن و خۆیان بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو سازو ئامادە نەکەن، خەریکە هێندێک هێز و ڕیکخراوی دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن بە جێگرەوەی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەلات و حیزبی دێمۆکرات. ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەمێکەبوونی خۆی سەلماندوە لە پەیوەندی سیاسی و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و، هەرگیز ئەو بابەتە نابێت بەومانایە لێکبدرێتەوە کە گەلی کورد ئومێدی خۆی لەدەستبدات سەبارەت بەپرسی هاوکاری و تەبای نێوان هێزە سیاسیەکانی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا.

بەڵکوو ئەوە سروشتی سیاسی و کولتووری نوێی ڕیکخراوەیە لە کوردستان سەری هەڵداوە و هەر ئەو خوێندنەوەیەش ئەو هەلەی ڕەخساندوە و، ئیتر بەسە چیتر ناکرێ بە شێوەی سوننەتی بیر لە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و ژیانی ڕێکخراوەی بکرێتەوە و هەنگاوەکان پێویستە بە ئاڕاستەی نوێدا بهاوێژرێن و بەرچاو روونی شیاوتر لە نێو خەڵکدا سەبارەت بە پرسی سیاسی کورد بڵاو بکرێتەوە. دکتۆر قاسملوو توانی لە سایەی ڕێبەری و ڕینوێنی بەرچاوروونەییدا ، بزووتنەوەی نیشتیمانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سەرەڕایی ئەو باروزروفەی بەسەر کەش و هەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا زاڵبوو، گەشەی بەرچاو بە خەباتی نەتەوایەتی بدات و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئامانجە سیاسی و کۆەمەڵایەتیەکانیان کە لە بەرنامەی سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا بە روونی ڕەنگیدابۆوە کۆبکاتەوە.

پەیامی قاسملوو ئەوە بوو تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد ئاشنا بکرێن لەسەر ستراتیژی سیاسی جووڵانەوە و گرینگی ئەو شۆڕشە نەتەوایەتیەی کە زۆر بە هێز دەرکەوتبوو وبەباشترین شێوەی مومکین شیبکرێتەوە بۆ کۆمەڵانی هەراوی کوردستان.



محەممەد سلێمانی

<u>وتاری١٦</u>

## د.قاسملوو روحی سەربەخۆی سیاسی و ئابووری حیزب بوو!

قاسملوو سەربەخۆی سیاسی و ئابووری حیزبی بەتەواوی دابینکردبوو و زۆر جاران بە ڕاشکاوی لەسەر مەسەلەی هاوکاری و پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی لە گەڵ حکوومەتی ئێراق و دۆستەکانی تریدا دەیگووت: " ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئامادەین دەست بەرداری دۆستایەتی بکەین لە گەڵ دۆستەکانمان، بەڵام هەرگیز سەربەخۆی بڕیاردانی سیاسی وەک هێزێکی دێمۆکرات و پێشکەوتنخواز فیدای دۆستایەتی ناکەین و وەك هیزێکی تەواو سەربەخۆ دەمێنیەوە و لەسەر ئەو ئەساسە دۆستایەتی دەکەین و پەرەی پێدەدەین".

بەهەق گەورە پیاوی مێژووی نویی شۆڕشی کوردستان لە ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی سیاسیدا، زۆر شارەزایانە و حەکیمانە خەباتی خەڵکی کوردستانی بەرەوپێشەوە ڕێبەری دەکرد و سادوسەودای لەسەر مەسەلە ئەساسیەکانی گەلی کوردی نەکردو تائاخرین هەناسەی ژیانی دەکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافی سیاسی کورد لە مەیدانی خەباتدا مایەوە.

لە هەموو ئەو کاناڵانەی کە لە کوردستان بەر دەست دابوونە قاسملوو کەڵکی لێوەرگرتوە بۆ ئەوەی بتوانێ کۆدەنگی سیاسی و نەتەوەی بەدەست بێنێ و سەرەتایەکی نوێی لێک تێگەیشتن و یەکتری قبوڵکردن هێناکایەوە. حیزبی دیمۆکراتی وەک وەسیلەی ڕزگاری نەتەوەی گەشاندوە و هەروەها دکتۆر قاسملوو تێدەکۆشا وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە و بزووتنەوەی کوردستان لەسەر بنەمای پشتیووانیکردن لە ماف و ئازادی سیاسی بەرەوپێشەوە بچێ. دکتۆر قاسملوو لە کوردستان پشتیووانی هەموو ئەو هێزو کەسایەتیانەی کوردی دەکرد کە مایەی خزمەت بە نیشتیمانیان تێدابەدی دەکرا و ئامادەیان هەبوو بەشداری شۆڕش بکەن.

دکتۆر قاسملوو مەیدانی تێکۆشانی سیاسی کوردستانی بە پاوانی هێزێک یان لایەنێکی لاوەکی سەیرنەدەکرد و بەڵکوو پێیوابوو هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان دەبێ ئەو شۆڕشەی بە ڕێبەرایەتی حیزب دەستی پێکردوە بە هی خۆیان بزانن و بەهاتنە نێو ڕیزی خەبات بەهێزو پتەوتری بکەن لە بەرانبەری ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی ئێراندا.

دکتۆر قاسملوو باوەڕی بەیەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بە پلۆڕالیزمی سیاسی لە کوردستان هەبوو و فرە ڕەهەندی و فرە حیزبی بە بنجینەی بنەماکانی دێمۆکراسی سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستان دادەنا و لایەنگری سەقامگریی ئەو فیکرە نوێەی دەکرد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

لەوبڕاویەدابوو کە هەبوونی سیستمی چەند حیزبی لە کوردستاندا زەمینەی ئەوتۆ دەخوڵقێنێت کە دەسکەوتی گەورەی وەك گەشەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدوایخۆیدا دێنێ و لە ڕێگای جیاوازی تێروانین و خوێندنەوەی جۆربەجۆر لە سەر شێوەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی هەرێمی کوردستان، قۆناخەکانی گەشەکردن خێراتر دەبڕێ و لەو وەختەدا بووژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات و ئاستی دیپڵۆماسی دەچێتە قۆناخی دیاریکراوی خۆی لەسەر ئەرزی واقعدا.

لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر حکوومەتی پاشایەتی و دواجار بەلاڕێدابردنی دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەرینە جەماوەریە بە هۆی کۆمەڵێک ئاخوندی "فێندەمێنتالیزمی ئیدئۆلۆژی" مەزهەبیەوە، لە جیاتی حکوومەتێکی گەلی دێمۆکڕاتیک دەسەڵاتی حوکمڕانی شیعە بەسەر ڕووداوەکانی وڵاتدا سەرکەوت و شوێنەواریک لە ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نەما و هەموو ئومێدەکان ڕەوینەوە. قوناخێکی نوێ و دژوار لە ژیانی سیاسی گەلانی ئازادیخواز و جودابیرانی ئێران هاتەئاراوە و دەرکەوت کە ڕێژیمی ئاخوندی لەبارانیدا نیە هیچکام لە داخوازە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی بندەستی وڵات لە چوار چێوەی ئێراندا بسەلمێنێ و خومێینی و داروەدەستەکەی خۆیان بۆ هێرش و پەلاماردانی کوردستان ئامادەکرد و لە ئاکامدا شەڕێکی سەخت و خوێناویان بەسەر گەلی کورد دا سەپێنرا. ئەو کاتی دەورانی گولکردنی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دکتۆر قاسملوو لە نێو شۆڕشدابوو. لە ڕەوشی سیاسی ئەو وەختەدا چاوی هیوا و هومێدی کەوتبوو سەر حیزب و دکتۆر قاسملوو کە بتوانێت دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئێران بپارێزێ و ڕێگا بە تاقمێک مەلای توندئاژۆنەدرێ بە پێچەوانەی ئارەزوەکانی پێک هاتە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی وڵات، حوکمڕانی بگرنەدەست و کۆمەڵگای پێشکەتووی ئێران بڕوخێنن.

لەوسەردەمە سیاسیەدا چەپەکانی کوردستان بەداخەدەوە وەك پێویست مەیلیان بەلایی مەسەلەی نەتەوایەتیدا نەبوو و هەتا زۆر جار خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوەدەبوون کە تەنگوچەڵەمەیشیان لە سەر ڕێگای شۆڕش دەنایەوە و بەتەواوی خۆیان بە ئیدۆلۆژی و بیروڕای تروە سەرقاڵ و سەرگەرمکردبوو و سەبارەت بە خەباتی نەتەوایەتی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەری بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا،بەردەوام تانەو تەشەریان لە حیزب و دکتۆر قاسملوو دەگرت و بە پاشکەوتوو و خۆپەرستیان سەیردەکردن و داخوازە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستانیان پێ شتی پووچ و بێ بنەمابوون.

دیارە بەهۆی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی هەڵەیان سەبارەت بەحیزب و ڕووداوەکانی کە لە ئێراندا هاتبوونە پێش زیانی زۆریان بە خەباتی کوردایەتی و سەقامگیری و ئاسایشی نەتەوەی گەیاند و کارێکیان کرد کە شەڕ بکەوێتە نێومالّی ڕۆڵەکانی کوردەوە، لە جیاتی هاوخەباتی و هەنگاوی هاوبەشی سیاسی و نیشتیمانی.

دکتۆر قاسملوو بەروونی تیشکی خستبوو سەر ئەو مەترسیانەی کە حکوومەتی مەرکەزی بەدژی گەلی کورد لە پشتی پەردەدا پیلانی لە نێو بردن و سەرکوتی شۆڕشی لە تاران داڕشتبوو و هاوکات پەیامی قاسملووی ئەوەبوو خەڵکی کوردستان سەرەڕاوی جیاوازی سیاسی و

دابەشبوونیان بەسەر لایەنەکاندا، حیزبەکان لە جیاتی دژایەتی نێوخۆی لە گەڵ یەکتریدا پەرەی پێبدن، خەباتی ئێمە پێویستی بە یەکڕیزی سیاسی و کۆدەنگی نیشتیمانی هەیە بەمەبەستی ڕۆبەڕوبوونەوەی مەترسیەکانی حکوومەتی مەرکەزی.
بەدوای لێک بڵاوبوونی بەرەی سۆڤیەت و کۆتای شەڕی سارد و دامرکاندنەوەی ڕاگەیاندنی دونیای دووجەمسەری، هێزە سیاسی و سیاسیەکانی کوردستان کەوتنە دەرەوەی بازنەی ئەفکاری ڕابردوویان و بێبازاری دیکتاتۆری پڕۆلیتاریە ئەو دەرفەتە فیکریەی لە کوردستان ڕخساند کە چەپەکان بە نابەدڵیەوە ئامانجی سیاسی خۆیان گۆڕی و بە لایی مەسەلەی نەتەوایەتیدا بایانداوەتەوە و بەسیاسەت و ستراتیژیەکانیادا چوونەوە وسیاسەتی خۆگونجاندنیان لەکوردستان پەیڕەوکرد. دیارە گەلی کورد بەدڵنیایەوە ستایشی ئەو هەڵوێستە سیاسیەی لیکردن و کە بەشێک لە رۆڵەکانی ئێستا وەك حدکا هەڵوێستی نەتەوەیان پەرەپێداوە و چیتر ناکەونەوە ژێر کاریگەری سیاسی و فیکری حیزبە تەقلیدی و سوننەتیەکانی ( حیزبی کۆمۆنیست و توودە) ئێران وبە پێچەوانەی مەیلی دۆستەکانیان پشتیووانی بەدی هاتنی مافی سیاسی کورد دەکەن.



**محەممەد سلێمانی**

**وتاری١٧**

## قاسملوو باوەڕی بەهێز و پشتیووانی خەڵکی کوردستان هەبوو.

دکتۆر قاسملوو لە گەرمەی شەری سارد و بێلوتفی وڵاتانی سۆسیالیستی سەبارەت بە کێشەی سیاسی و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەرکی گرینگی ڕێبەریکردنی شۆڕشی لەسەرشانبووە و هەموو کاتێک پشتی بە هێزی لە بڕاننەهاتووی خەڵک بوستبوو و کیسەی لە سەر هاوکاری و یارمەتی دەرەکی هەڵنەدرووبوو و بەڕاشکاوی ئەوەی دووپاتدەکردەوە و دەیگووت، "ئەگەر خۆت هێزت هەبێ و خەڵکی وڵاتەکەت لایەنگری لە خەباتەکەت بکەن، زلهێزەکانیش لات لێدەکەنەوە و ئامادەن پشتیووانی شۆڕشەکەت لێبکەن و هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانەنت لە گەڵ دەدەن". بەڵام ئەگەر وەك هێزێکی دێمۆکرات و پێشکەوتنخوازی کورد شوێنت بەسەر رووداوە سیاسیەکانی وڵاتدا نەما، هیچ لایەک ئاوڕت لێناداتەوە و پشتیووانی شۆڕشەکەت ناکەن.

لەوسەردەمە سیاسی و مێژوویەدا رووداوەکانی کورستان و ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەی بە شکڵێکی تر خۆی دەرخستبوو. چەپەکانی کوردستان ئەو هێزانەبوون کە "هەناسەیان لە سۆڤیەت " بەهۆی بەستراوەی سیاسی و فیکری وەردەگرت و هەروەها ئەو هێزانە بەهۆی کێشە و ململانەی نێوخۆیان بەمروری زەمان بەرەولاوزی چوون و بێگوومان ئەو نفوزوڕۆڵەیان بۆناگەڕێتەوە کە لە ڕابردوودابەدەستیان هێنابوو. ئەو مەسەلەیەش بێگوومان پەیوەندی بە شێوەی بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسی و تێڕوانینە جیهانیەکانیان دەگەڕێتەوە. چوونکی لە باری فیکرو بیرکردنەوەیان تۆشی پاشەکشەی گەورە هاتوون لە ئێران و کوردستاندا. گەلانی وڵات وەک ڕابردوو بە جێگای باوەڕ و متمانەی خۆیان نابین و پشتیووانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان لێناکەن. گەلی کورد زۆر ڕێبەری بوێرو تێکۆشەری لەداوێنی مێژوویدا لە دایک بوون و پەروەردە بوون و گەشەیان کردوە و پاشان ڕێبەری جوولانەوەیان کردەوە. بەداخەوە هیچ کامیان ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا هەتا بتوانن کورد بە مافی سیاسی و نەتەوایەتی خۆی بگەیەنێت و لە گەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکاندا بگەنە ئەنجامێک کە خێری بۆ کورد بەدواوەبێ. بۆ کورد بەداخەوە بارودۆخی سیاسی و نێونەتەوەی بە ئێستایشەوە بەهۆی دابەشکردنی وڵاتی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی بەهێزی ناوچەکەدا بابەتی ڕزگاری و بەئاکام گەیاندنی جووڵانەوەی نیشتیمانی زۆر ئاستەم و دژوارترکردوە و کێشەی کورد بێگوومان بە هۆی ئەو دابەش بوونەیەوە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە کێشەی نیشتیمانیت لە گەڵ وڵاتێکدا هەبێ .

کورد کە یەک نەتەوەی گەورەو خاوەن مێژووی سەدان ساڵەی خۆیەتی و بەدرێژای ژیانی ئادەمیزاد لەسەر ئەو سنوور وسەراوەردە جوگرافیانەدا ژیاوە و بەردەوام ژیان و گوزەرانی خۆی دابین کردوە و هەردەم بە گیان و ماڵ پارێزگاری ئەو سنوورانەی کردوە کە بە کوردستان و وڵاتی کوردان ناوبراوە لە مێژووی دوور و نیزیکی خۆیدا.

بەدوای روخانی ڕێژیمی عێراق و سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی و هاتنە کایەی شۆڕشی بەهاری عەرەبی هێندێک روخساری سیاسی و نەتەوایەتی ناوچەی گۆڕیوە و ئومێدی نوێی بە گەلانی بندەستی دونیا لەگەڵ خۆییدا هێناوەتە ئاراوە . بەڵام هێشتا زۆری ماوە هەموو لایەک و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردوە بگەنە ئەو ئەنجامەی کوردیش دەبێت مافی سیاسی خۆی وەربگرێت و خۆی بڕیاری سیاسی لە سەر چارەنووس و حوکمڕانی و وڵاتی خۆی بدات.

قۆناخی دوای ڕوخانی حکوومەتی شا و باڵادەستی ئاخوندەکان لە ئێراندا. کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتی بەرەو هەڵدێر و شەڕی خوێناوی برد و گەلان بەگشتی کەوتنە ژێردەستی کۆنەپەرستی و لە هەموو ماف و ئازادیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێبەشکران. هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕووی لە داڕمانکرد و شەڕی لە گەڵ ئێراق و پەرەستاندنی شەڕ لە کوردستان وێڕای سەخت بوونی باری ژیان و گۆزەرانی خەڵک، هەرلەوکاتەیشدا ڕێژەی بێکاری زۆر بەرزببۆوە و دەرسەدێکی زۆر کەم خاوەن کار لە ئێراندا، موچەی مانگانەی وەردەگرت.

ئەو کات حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سیاسی و وشیاری نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا و بەتایبەت لاوان ئەرکی دژواری شۆڕشی لە ئاستی بەرگریکردن و تۆکمەکردنی داخوازە سیاسیەکانی بزووتنەوەکەی بەتەواوی کەوتبوو سەرشان.

ڕەنگە ئێستا زۆر هێزو تاکی کۆمەڵگا بدۆزیەوە دژایەتی خۆیان لەو بارەوە نەشارنەوە و ڕۆڵی حیزب و ڕێبەرەکەی بە هێند وەرنەگرن و زۆرجار مەسەلەکان بەجۆرێک باس دەکرێن کە ئەو کەسانە بەرگریان لە خەڵکی کوردستان کردوە و ئازایانە پارێزگاری مافی گەل بوونە.

لەڕستیدا مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ هێزو کەسێک چۆنی بەقازانجی بێ بیگۆڕێ بێگوومان ناگۆڕدرێ و هێزی پێشڕەو لە داهاتوودا ، کە گەل لە ئێستاوە بە ڕێبەری جووڵانەی دەست نیشانکردۆتەوە و ئەو ئەرکەی خراوەتەوە سەرشان و، خەڵکی کوردستانیش شوێن هەڵویستە کانی دەکەون، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانە.

حیزبی دێمۆکرات بە ڕابردووی سیاسی خۆی لەو سێ دەیەی ڕابرووی شۆڕشدا، ئەوەی سەلماند کە پشتیووانی لە خەڵک و داخوازییەکانیا دەکات و بۆ چرکەساتێکیش بووبێت، هەڵوێستێکی ئەو تۆی نەبووە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بخاتەمەترسیەوە و لە جیاتی خەمخۆری گەلەکەی، بۆ خەڵکی شوێنیکی تر و ناوچەیەکی دووری وڵات بسوتێ و ئامانجی سیاسی گەلی بەلەوە گرینگ نەبووبێت. یان لە خەباتی نەتەوایەتیدا بەرەوناشێلگیری هەنگاوی نابێ و مەسەلەی کورد وەك کێشەیەکی لاوەکی سەیرکردبێ، بەڵکوو بە درێژای تێکۆشانی حیزب مۆکۆربووە لە سەر هەڵوێستە سیاسی و نیشتیمانیەکانی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی لە پێش هەموو شتێکداناوە و وەک بیل بیلەی چاو پاراستوویەتی.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری١٨</u>**

## قاسملوو پێش هەرکەسێکی تر لە قەیرانی سۆڤیەت گەیشتبوو.

قاسملوو بەوەناسرابوو کە لایەنگری بڕیاری سیاسی و نیشتیمانی خەڵکی کوردستانە و بەردەوامیش پشتیووانی لە خەباتی گەلانی بندەستی دونیا کردوە و دۆستایەتی سیاسی حیزبی لەگەڵیاندا پاڕاستبوو و، بەڵام وەك شێوەی خەبات ئەو سیاسەتەی ڕەچاوکردوە کە گەلی کورد خۆی بڕیاری لەبارەوەبدا و هەڵوێستەکانی لەسەر ئەساسی ئەو دۆستایەتیە دانەڕشتووە کە لە بەرژەوەندی نەتەوەیدانەبووبێ و هەرگیز بڕیارێکی ئەوتۆی دەرنەکردوە کە بەهۆیەوە زیان بەدەسکەوتەکانی شۆڕش بگەیەنێت.

لە سێ دەیەی ڕابردوودا هێندێک هێزی سیاسی کورد بەجۆرێک بیریاندەکردەوە و سیاسەتیان دەکرد، کە خێر بەکرێکارانی شوێنێکی گەلێک دووری ئەو جیهانە بگەیەنن و بڕۆن لە کۆباو لهێستان بەرگری لە ستەمکاری حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتانە بکەن کە بە چ شێوەیەکی دڕدانە ڕۆڵە ئازادیخوازەکانیان قەڵاچۆوەکردن. بەدەلیلی ئەوەی داوای ئازادی سیاسی و سەربەخۆی بڕیاردانی نیشتیمانی بوون لە وڵاتەکەیاندا.

دکتۆر قاسملوو خەباتی کومەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕێکخست بۆ ئەوەی بەشێوەی هاوبەش داوای مافی سیاسی لەگەڵ حکوومەتی ئاخوندیدا بێتە گۆڕێ و ژیرانە پشتیووانی لە هەنگاوی گۆڕانکاری سیاسی لە پێناو دابینکردن و ئەستاندنی مافی سیاسی گەلی کورد بکرێت.

دکتۆر قاسملوو لە ڕیگای بیرکردنە و سیاسەتی ورد و ژیرانەی کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دایڕشتبوو توانی زۆر بەخێرای متمانەی خەڵکی کوردستان لە حیزبی پێشڕەویخۆیان بەدەست بێنێ ، بۆ ئەوەی وەک نوێنەریان بڕیاری سیاسی و یەکلاکەرەوە لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی ئاشتی و چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران بدات.

لەو وەختەدا کاری سیاسی و دیپلۆماسی وەک ئێستا زەمینەی بۆ نەڕەخسابوو لە ئاستی دەرەوەدا، لەگەل ئەوەیشدا قاسملووی نەمر زۆر لێبڕاوانە تێکۆشاوە هەتا جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەی و نێوخۆیدا بەشێوەی گشتی گەشە بکات و بناسرێ و بیروڕای هێزو کۆمەڵگا دێمۆکراتیکەکان بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشێ و ئاشنابکرێن بە خەباتی سیاسی کورد.

لە سەردەمی شەڕی سارد دا، "باڵادەستی و نایەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی روخساری گێتی بە شکلێکی تر پێشاندەدا و " هەتا ئەو گەلانەی کە بەهێزی دێموکرات و شۆڕشگێڕی وڵاتەکیان

ناسرابوون و نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلیان دەکرد بۆ ئەوەی کێشە سیاسی و نەتەوایەتیان لە چوار چێوەی وڵاتەکاندا چارەسەربکەن، کەوتبوونە نێو بەرداشی دەسەڵاتە مەرکەزی و بە هێزەکان و مافەکانیان بەتەواوی پێشێلکرابوون و وەك پێویست ئاوڕیان لێنەدەدرایەوە ".
لەو قۆناخە سیاسی و تایبەتیەدا وەك پێویست گرینگی بە جووڵانەوە نیشتیمانیەکان و شۆڕشی گەلانی زۆرلێکراوەی دونیا نەدەدراو و زۆرجار بەئاشکارا جووڵانەوەیەکی نیشتیمانی فیدای قازانجە سیاسی و بەرژەوەندی بازرگانی هاوبەش دەکران و داگیرکەرانی کوردستانیش بەدەر لەو سیاسەتە نەبوون و لە گەڵ زلهێزەکان هەماهەنگیان پێک داهێنا لە سەر پشگوێ خستنی مافی سیاسی کورد و هێشتنەوەی بەژێردەستەی.
مێژووی سیاسی کوردستان پڕیەتی لەو رووداوە ترسەناکانەی کە دوژمن بەسەردا تێپەڕاندووین و زوڵمی زۆر بەر کوردکەوتووە و هەتا زۆر جار لە گەڵ مەترسی لە نێوبردن و قەڵاچۆکردن بەرەورووبۆتەوە.
کورد بەدرێژای مێژوو زیانی مەزنی لەسەر خاکی خۆی بەرکەوتووە و ئەو وڵاتەنەش کە قازانجیان لە گەڵ دژمنانی کوردستاندا هەبووە مەسەلەی کوردیان ئەوەندەی بۆیان کرابێ پەراوێزخستووە.
قەیرانە سیاسی و ئابووری و نیزامیەکانی جیهانی ڕابردوو بەتەواوی لە بیر مرۆڤایەتی نەچۆبوویەوە کە ئەو ناکۆکیەیانە لە ئاستی جهیاندا سەرلەنوێ و لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا پاش خۆدارشتنەوەی ، گەشەیکردوە و جەمسەرەکان دیسان بەدژی یەک هاتوونەتەوە نێو گەمەسیاسیەکانەوە و دونیای ئێستا بەسەر زۆر جەمسەری ناکۆک و دژبەیەک دابەشبووەتەوە.
لە ساڵی ١٩٦٢ کاتێک سۆڤیەت موشەکەکانی لە کوبا جێگرکردن و لولەی ئاگرەکەی ئاڕاستەی ئەمریکا کرد. ژیانی مرۆڤایەتی پێی نایە قۆناخێکی پڕمەترسی و، ئەو سەردەمە بەقەیرانی موشەکی لە مێژوودا ناسراو ئەو بابەتە بیروڕای مرۆڤایەتی بەگشتی و لە ئاستێکی بەرفراوان بەخۆیەوە سەرقاڵکرد.
ئەمریکا و سۆڤیەت بە ڕێککەوتنێکی کەمڕەنگ، خۆیان لە نیگەرانی دروستبوونی شەڕ هەڵگریسان پاراستوو و دونیا ئۆقرەیەی بۆ گەڕایەوە و نیگەرنیەکان بەکۆتاهاتن، بەڵام ناکۆکیەکان هەرمابوون.
لە جیهانی دووجەمسەری و ئاڵۆزی سیاسی و ناڕوونی هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیە کانی ئەو سەردەمەی مێژووی سیاسی مرۆڤایەتیدا ، زۆر دیار نەبوو یان بەواتایەکی تر ناروون بوو پێشبینی بکرێت، کاملایەنی شەری سارد براوەیی ئەو هاوسەنگیە سیاسی وئابووریە دەبێت لە ئاستی دونیادا و دەبێ بە هێزی تاک جەمسەری، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کوردتیش بێ.
ئەوەی ئەو باڵانسەی گۆڕی ژێری بڕیاری سیاسی و دانانی میکانیزمی ستراتیژی درێژخایەن و ئەو جیهان بینیەبوو کە پاشان ئاکامەکەی توانی شکڵی سیاسی دونیا لە بەژەوەندی وڵاتەکەیدا بگۆڕی، ئەو وشیاریە سیاسی و ئابووریەش بێگوومان بەر ئەمریکا کەوت و لایەنی تری ڕەکەبری بوو بە دۆڕاوی ئەو گەمەسیاسیە.

ئەو چەمکەی بەرەی ڕۆژئاوای گەیاندە لوتکەی سەرکەوتن لە مێژووی سیاسی و ئابووریدا لە بەرانبەر یەکیەتی سۆڤیەت دا، سیاسەتی درێژخایان و بەرنامەی پتەوەی ئەمریکایەکانبوو کە پێش وەخت نەخشەیان بۆ دانابوو.
سۆڤیەتەکان هەرگیز بیریان لەوەی نەکردەوە بە شیوەی گشتی و درێژخایەن روبەروی بەرەی ڕۆژئاوا ببنەوە و بەرنامەیەکی ئەوتۆ شیاو و گۆنجاو دابڕیژن کە بتوانێت بەسەر گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیکاندا زاڵیان بکات، بەڵکوو زۆر سەرمەستانە و لەخۆڕازیانە بارودۆخەکەیان لێکدەدایەوە و "بە تێگەیشتن لەوەزحی مەوجود پێشبینی ڕووداوەکانیان بەشێوەی ڕاستەقینە بۆنەکرا کە شەپۆلەکانی نەخشەی سیاسی گۆڕێ و ناوی سۆڤیەت بۆ هەمێشە چۆوە نێو مێژووە " .
بەرەی ڕۆژئاوا کە پایەکانی حوکمڕانی و سیستمی سیاسی وڵاتی لە سەر ئابووری بەهێزو بنەماکانی دێمۆکڕاسی دامەزرابوو، گروەکەی لە سۆڤیەت بردەوە و دوای ساڵی ١٩٩١ وەک تاکە زلهێزی دونیا لەسەر نەخشەی سیاسی دونیا دەرکەوت.
دکتۆر قاسملوو زۆر زوو هەستی بەوڕاستیەکرد کە کۆمۆنیستەکان ناتوانن لە ئاستی چاوەڕوانی گەلانی زۆرلێکراوی دونیادا بە ڕەچاوکردن و بەپەیڕەویکردنی سیاسەتێك کە درێژەی پێدەدەن، توانای هاوکاری و پشتیووانی سیاسی و مرۆڤدۆستانەیانەی گەلانی بندەستیان هەبێ.
دکتۆر قاسملوو توانی بووی زۆر ژێرانە دۆستی ناودارو بەنفوز لە وڵاتانی ئۆروپا و ئەمریکا کە شوێنی گرینگیان لە سەر سیاسەتی وڵاتەکەیان هەبووە، بکات بە دۆست و لایەنگری خەباتی ڕەوایی گەلی کورد لە پێناو گەیشتنی بە مافی سیاسی و نەتەوایەتیدا.



محەممەد سلێمانی

وتاری١٩

# قاسملوو دیپلۆمات کارێکی گرینگ و ناسراوی کوردبوو.

دکتۆر قاسملوو جێگای خۆی لە نێو دڵی زۆر بیریاری نێونەتەوەییداکردبوویەوە و ئەو دۆستانەی خۆیان بەلایگری چارەسەرکردنی پرسی سیاسی کورد دادەنێن، بەشێکیان سەرەتای ئاشنایەتی و دۆستایەتیان لە گەڵ شۆڕشی خەڵکی کوردستاندا، بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێنەوە کە دکتۆر قاسملوویان وەك دیپلۆماسێکی سەرکەوتوو لە نزیکەوە ناسیوە و بەردی بناخەی دۆستایەتی بەهێزیان لەگەڵی داناوە. بەدەلیلی ئەوەی قاسملوو پیڕەوی ڕێبازێکی بەتەواوی دێمۆکڕاتیک و دادپەروەری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی کردوە لە ئاستی دونیادا، قسەی تێدا نیە، دۆستەکانیشی ئەو هێزانە بوون کە ئەو پەیامە سیاسیەیان بەرزکردبۆوە و خۆیان بەلایەنگری زوڵملیکراوان دەزانی.

تێکۆشانی دکتۆر قاسملوو لە نێو ڕێکخراوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەدڵنیایەوە کاریگەری لەسەر خوێندنەوە و تێڕوانی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە دانا و گرینگی و هەستیاری مەسەلەیی کورد وەك کێشەی گەلێکی گەورە، شوێنی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست و زۆر لە حیزبەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانیەدا، هەڵویستیان بەنیسبەت کورد گۆرانی بەسەرداهات.

ئەو زنجیرە کۆبوونەوانەیش کە لە کوردستان پێک هاتوون، بێگومان بەرهەمی خەبات و ماندوبوونی دکتۆرقاسملووی ڕێبەرن پاش سەلماندنی پرسی کورد و، ڕێگای چوونە ناو ئەو ناوەندە جیهانیەی بەروی ڕێبەرانی کوردستاندا کردەوە.

دکتۆر قاسملوو بەر لە پێک هاتنی زەمینەی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابووریەی کە پاشان ڕوخساری ئۆروپا و ئاسیای بەتەواوی گۆڕی و زۆر وڵاتی نوێ بەدوای دارمانی بلوکی سۆسیالیستیدا کەوتنە سەر نەخشەی سیاسی جیهانیەوە و پێشبینی ئەو بارودۆخەی کردبوو و لە کۆرتەباس دا بەوردی تیشکی خستبوویەوە سەر گیروگرفتی ولاتانی سۆسیالیستی.

قاسملوو پێیوابوو بلوکی سۆسیالیستی بەهۆی پەیرەویکردنی لە سیاسەتی نموونەگەرایی و هەناردەکردنی شۆڕسی زۆرەملی بۆ نێو وڵاتانی تری جیهان و دەستگرتن بە هێما تەقلیدی و سوننەتیەکانی خەباتی سیاسی، ئەو ڕێگایە ناتوانێ بکاتەوە کە وڵاتەکەی لە قەیرانی گەورە بپارێزی و پیش بە شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی بگرێ.

دکتۆر قاسملوو دەمێک بوو هەڵسەنگاندن و تووێژینەوەی ئەو بارودۆخە سیاسیەی جیهانی نوێی کوردبوو و بە پێشکەش کردنی "کورتە باسێک" لە سەر سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک ئامـاژەی بە قەیران و گیروگرفتی پیادەکردنی بنەماکانی ئەو بەرنامە کۆمەڵایەتی و ئابووریەدابوو و بەوردی تیشکی خستبۆوە سەر پێوەر و چەمکە فیکریەکانی سۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیک لە ئاستی نێو خۆ و دەرەوەدا.

دکتۆر قاسملوو وێرایی ڕەخنە لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی سۆسیالیستی، ڕێگای ڕزگاربوون لە قەیرانی مەوجودی خستبۆوە بەرچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیەوە و بەجۆرێکی ئەوتۆ شیکردنەوەی لەسەرکردبوو کە هەمووﻻیەک بەسانای لێی تێبگەن و وەك دەسکەوتێکی هاوبەشی دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵایەتی زەمینەی پیادەکردنی بۆ بڕەخسێنن.

هێنانە گۆڕ و بەپێشکەشکردنی باسێک لەسەر کورتەباس و سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک کە بە شێوەی زانستی تووێژینەوەی لەسەر هەلومەرجی گێتی و پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامدابوو و، هەر لەو پەیوەندەیەشدا سیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستانی بەجۆرێکی ئەوتۆ زانستی هەڵسەنگاندبوو کەم کەس هەبوو لە کەش و هەوای سیاسی ئێران و کوردستان تێنگات.

دکتۆر قاسملوو بەرلەوەی هەنگاوی نوێ بەهاوێژێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ﻻیەنە باش و خراپەکانی دەکرد و لە ژێر رووناکای خوێندنەوەی وردیدا مەسەلە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی لە نێو حیزبدا دەهێناگۆڕ و پاش پەسند کردن وەك بڕیار کاریان لە ئۆرگانەحیزبەکاندا پێدەکرا. بۆچی قاسملوو باسێک لەسەر کورتەباسی هێنایە نێو حیزب و ئامانج لە هێنانەگۆڕیدا بیگوومان هۆکاری سیاسی و ڕێکراخوی هەبووە. کورتەباسێک لە سەرسۆسیالیزمی دێمۆکڕاتیک ئەو قازنجەیشی بۆ حیزب هەبوو کە لە رووی فیکریەوە سنووری بە نێوان ئەو کەسانەداکێشرا کە دێمۆکرات نەبوون و باوەریان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و مافی سیاسیەکەی نەهێنابوو و، لە نێو خەڵکدا وەك ئەندامی حیزب خۆیان دەردەخست و زۆر جار بە پێچەوانەی هەڵویستی سیاسی حیزب قسەوباسیان بڵاو دەکردەوە.

بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە زیان بەحیزب و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد بگەیەنن، دیارە لە کۆتایشدا هەرئەوەیانکرد و کەوتنە سەنگری دژی بەرژەوەندی نیشتیمانی و کوردایەتیەوە. ئەو دەستەیە خۆیان بە پەیرەوانی گۆنگرەی ٤ی حیزب لە نێو خەڵکدا پێناسەدەکرد، بەڵام لە روی سیاسی و فیکریەوە بەتەواوی کەوتبوونە ژێرکاریگەری حیزبی توودەی ئێران و ئەو حیزب بەئاشکرا بڕیارەکانی بۆ دەردەکردن هەتا جووڵانەوەی سیاسی کورد لەو ڕێگایەوە ﻻوازبکەن و ناکۆکی بخەنە نێو بزووتنەوەی شۆڕش لە کوردستان.

کۆرتەباسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک بەهۆی هەژاری بیرکردنەوە و نزمی ئاستی وشیاری سیاسی و تەشکیلاتی ئەندامانی حیزب و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا، جنجاڵی زۆری بەداویخۆیدا هێنا و موافق و موخالیفی پەیدابوون و بەداخەوە هەتا ئێستاش وەك پێویست ﻻنی کەم لە نێوحیزبدا هەلومەرجی پیادەکردنی بۆ نەڕەخسا.

یەکێک لە قازانجەکانی پیادەکردنی "کۆرتەباس " لە نێو حیزبدا، لەرووی فیکریەوە توانی تەشکیلاتی سیاسی حدکا لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی موکورتربکا و سنووریکی لە نێوان ئەو کەسانەی حیزبین و بەنابەدڵی خۆیان لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبدا شاردبۆوە و باوەڕی تەوایان بە ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی شۆڕش نە هێنابوو لە ڕیزەکانی حیزب دوورخستەوە و کەوتنە جەمسەری دژایەتی کردنی حیزب.

لە ئاکامدا ئەو گروپەی کە هەرلەسەرەتاوە حەزیان لە بەستراوەی سیاسی دەکرد و چاویان بە شێوەی مودیرییەت و ڕێبەری د.قامسلوو هەڵنەدەهات، دەبوو ڕیزی حیزب بە جێبێڵن و بەرەو ئەو شوێنەبڕۆن کە سەرچاوەی هەناسە وەرگرتنیانبوو لە کوردستان.

لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا، فیکرەکانی دکتۆر قاسملوو لە گەڵ ڕەخنەی زۆر بەرەو روو بۆوە و هەتا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریش کەوتبوونە ژێرکاریگەری ڕەوشی سیاسی و تەشکیلاتی و هەرجارەوبە جۆرێک بیروڕایان لەو پەیوەندیەدا دەردەبڕی.

لەڕاستیدا ئەو مەسەلەیەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی کرچووکاڵی کۆمەڵگای کوردستان بە هێزو لایەنەکانیەوە لە رۆژهەلاتی کوردستاندا هەبوو و زۆر جار هاوڕێیانی حیزبیش لەو بارەوە تۆشی سەر لێشێواوی و دڵەڕاوکی دەهاتن و ئەگەر کەسانێک لە ئاستی ڕێبەریدا پشتیووانی ئەو ڕێبازەیانکردبا، دواجار پەشیمان دەبوونەوە و بەتەواوی بڕیاری خۆیان لەوبارەوە ساغ نەکردبۆوە و زۆر کەس بەهۆی خۆشەویستیان بۆ دکتۆر قاسملوو دەنگیان بەکورتەباس دابوو.

بێگوومان لەو قۆناخەدا توانای شیکردنەوە و تێگەیشتن لە چەمک و فیکری تازە زۆر دژاور بوو لە کوردستاندا و زانستی نوێ کە کۆمەڵگا و ژیانی ڕێکخراوەی لە هەژاری بیرکردنەوە و خوێندنەوە ڕزگار بکات بە سانای قبووڵبکرێت و لە گەڵ گیروگرفت بەرەورونەبێت.



## محەممەد سلێمانی

## وتاری ٢٠

## د.قاسملوو تەشکیلاتی حیزبی لە بەستراوەی سیاسی ڕزگارکرد.

دکتۆر قاسملوو لە قۆناخێکدا ئەو ئەرکە نیشتیمانیەی کەوتبوو سەر شان، کە بەداخەوە ئاستی وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک وەك ئێستا بەرز نەبوو و، زۆر گیروگفت لە سەر ڕێگای پیادەکردنی بەرنامە و گەڵاڵەی نوێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست دەبوون لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا.

سەرەڕای بوونی کەندوکۆسپی زۆر، بە خۆشیەوە خەباتی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حدکا توانی روخساری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بگۆڕێ و، حیزب لەڕێگای بڵاوکردنەوەی وشیاری سیاسی و نەتەوەیدا، توانی پشتیوانی خەڵکی کوردستان بۆ لای شۆڕش ڕابکێشێت.

بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران کە ڕێبەری شەهید ڕۆڵی گرینگی بینیووە لە تەنزیم و نووسینەوەیدا، بە جۆرێکی ئەوتۆ ڕێکخرابوو کە بەشی هەرەزۆری داخوازی خەڵکی کوردستانی لە خۆی گرتووە.

دکتۆر قاسملوو ئامانجە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردی بە شێوەیەکی تۆخ و پڕڕەنگ داڕشتن و، ئەو لە هەموو سەرکردە سیاسیەکانی تری کوردستان زیاتر لە ویستی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان تێگەیشتبوو. قاسملوو بەمانای وشە ڕێبەر بوو و، خاوەنی کەسایەتیەکی زۆر بە هێز و بڕیاری سیاسی شوێندار بوو. ئەو لەزۆر بواری جیاوازدا خزمەتی بە حیزب و جووڵانەوەی کورد گەیاند و لە درێژەی خەباتدا توانی تەشکیلاتی حیزب لە بەستراوەی سیاسی ڕزگاربکات. ئەویش بە هاتنەدەری لە کۆمیسیۆنی "کاك" کە حیزبی توودە سەرپەرستیدەکرد.

لەو ساڵانەی دوایدا چەند کەسێک پەیدابوون کە پێشتر ئەندامی حیزب بوون و بەهێندێک دەلیلی بێبنەما دژایەتی حیزب و بیروباوەڕی قاسملوویان دەست پێکرد و، زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە دێمۆکراسی سیاسی و ڕێکخراوەی حیزب دەگرت و بە دزەکردنی بیرۆکەی حیزبی توودەیان ناودەبر و دێمۆکراسی نێو حیزبیان بە چەمکێکی سواو بێ کەڵک وەسفدەکرد.

کەچی پاش دابڕانێکی کورت خۆیان بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ نێو تەشکیلاتی حیزب دا و کەسیش نەبوو ئەو پرسیارەیان لێبکات ئەی گلەی و ڕەخنەکانتان بە کوێ گەیشتن کە پێشتر ئاوێزانی میدیای کوردی کرابوون.
کۆمیسیۆنی"کاك" پێک هاتەیەکی ڕێکخراوەی و تەشکیلاتی لە نێوان فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پاش بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزب بەدوای تێکچوونی حکوومەتی کوردستان دامەزرا و هەردوولا لەو ڕێگایەوە سەرپەرشتی کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیان بەهاوکاری و ڕێنوێنی حیزبی توودە لە کوردستان و ئازەربایجان دەکرد و بەو جۆرە هەنگاوەکانی چالاک کردنەوەی تەشکیلاتیان دەستپێکردەوە.
بەڵام دکتۆر قاسملوو بەخێرای بڕیاری سەربەخۆی تەشکێلاتی حیزبیدا و بە فەرمی هاتنەدەری لەو کۆمیسیۆنە ڕاگەیاند. هەر ئەوەشبوو هۆی ئەوەی حیزب بە خێرای لە نێو خەڵکدا گەشەبکات وەك هێزێکی بەرین پانتایەکی گەورە لە مێژووی سیاسی ئێران و کوردستان بۆ خۆی بگرێ.
دکتۆر قاسملوو لە تەنگووچەڵەمەی ڕۆژگار نەدەترسا و زۆر ژێرانە ڕێگای درێژەدانی خەباتی کردۆتەوە و ئەو تەنگوچەڵەمەنەیش کە هاتوونەتە سەر ڕێی حیزب ، زۆر ژیرانە بەسەریاندا سەرکەوتووە و حیزبی لەهەموو قۆناخەسەختەکانی تێکۆشانیدا بەسەربەرزی و ڕوسوور ڕێبەری کردوە.
چۆن گەلانی دونیا شانازی بە بیرمەیدانی خۆیان لە قۆناخە مێژوویە جیاوازەکاندا دەکەن، بێگوومان کوردیش قاسملووی هەیە کە وەك ڕێبەرێکی فیکری و فەلسەفی، کە خاوەنی داهێنانی کۆمەڵێک چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە شکۆی بەرز ڕابگیرێ و لە ژیانی پڕبەرهەمی، وانەی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی لێفێربین.
دکتۆر قاسملوو بە هۆی لێکدانەوە و توێژینەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە ڕیگای تێکۆشانی ساناتر کرد و خەڵکی کوردستان بە وشیاری زیاترەوە هەتنەمەیدانی شۆڕش و ئەو پیاوە گەورە و گرینگەی مێژوو هیچی کەمتر نیە لە ناودارنی گێتی و بێگوومان سەرێکە لە نێوسەراندا.
بەدڵنیایەوە" ئە روحی گەورەی شۆڕشی نوێ بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا". پاش دیارنەمانی ئەو ئەستێرە گەشەی خەبات، دەبینین جووڵانە و ژیانی حیزبایەتی بە چ قۆناخێکی نا تەندروست ژیان تێدەپەڕینێ و هێزە لاواز کانیش حیساب بۆ ئەو هێزە گەورەی مێژوو سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حدکا) ناکەن و بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات، بەرنامەی پەراوێزخستنی بۆ دادەنێن.
حیزبی دێمۆکرات لە سایەی بیریاری ڕێبەرانیدا بە شکڵێکی ئەوتۆ بەرچاو گەشەیکردوە، ناکرێ حیزب لە ئەگەری ئاڵۆگۆڕەسیاسیەکانداکە بەسەر ئێراندا بێن ڕۆڵ و نفوزی بە هێند وەرنگیرێ و لە بڕیاری سیاسیدا پشت ئاوبکرێ.
حیزبی دێمۆکرات هەڵقولاوی نێو شەپۆلە سیاسی و شۆڕشگێریەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و پێشتریش ئەو ڕاستیە بۆ هەموو لایەک سەلمێنراوە کاتێک کە خەڵکی کوردستان بە نوێنەری ئیرادەی خۆیان هەڵبژارد و پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی.

کاتێک مرۆڤ شرۆڤەی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەدەکانی نێوەڕاست دەکا و چاو بە مێژووی سەرهەڵدانی قۆناخە فیکریەکاندا دەگێرێت، ئەو کات باشتر بیریاری قاسملوومان وەك ڕێبەری نەتەوەی بۆ دەردەکەوێت. ئەو لە هەموو روویەکەوە "هاوسەنگی سیاسی بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردی لە ئاستی دەرەوەدا بە بەرزی و دێمۆکڕاتیک بوون پاراستبوو". بەکەوتنی دکتۆر قاسملوو و، شەڕەفکەندی کەسنەبوو شۆڕشی کوردستان هەستێنێتەوە سەرپێیخۆی و بە هێز ڕابیگرێ و شەپۆلە فراوانەکانی شۆڕش بەرەوکزی بڕاوات".
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ڕادیکاڵی فیکر و تێڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە، دیتمان بە چ شێوەیەک بۆتە ئامانجی ڕێژیمی تیرۆریستی ئاخوندی ئێران و دەستی ڕەشەکۆژی گەیاندە دیارترین سیمای سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و تیرۆری سیاسی بەدژی ئاشتیخوازترین مرۆڤ ئەنجامدا بۆ ئەوەی پرسی سیاسی کورد پشتگووێ بخات و نیکۆڵی لێبکات و شۆڕش بەرەو لاوازی بەرێ و هیواکان بخینکێنن.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری ٢١</u>**

## دکتۆر قاسملوو دژی هەلپەرستی و خۆبەزلزانین بوو لە نێو حیزبدا.

سیاسەتی ژیرانەی دکتۆر قاسملوو بەدرێژای خەبات ئەوە بوو کە ڕێوشوێنی گونجاو بۆ شۆڕشی خەڵکی کوردستان دابنێ و لە ڕێگای چەمکە فیکریەکانیەوە، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو گۆرانکاری بەرێ. بە دڵنیایەوە ڕۆڵی گەورەی لەوبوارەداگێراو شوێنی قوڵی لە سەر هەستی شۆڕشگێرانەی چین و تووێژە گەلیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بەئاڕاستەی گەشەی سیاسی شۆڕش داهەبووە.

ئەو پیاوە گرینگەی شۆڕش سەرەڕای بیرمەندی و خاوەن هەڵوێستی ڕوونی سەبارەت بەمەسەلەی کورد، دووربینی سیاسی و شەفاف لە هەڵوێست و بڕیاری گرینگدا سەرنجی سیاسیەکانی گێتی بۆ لای کێشەی کوردی ڕاکێشا بوو.

ئەو پیاوێکی ئەوەندە گەورە و گرینگ و دیاربوو، بەخێرای شوێنی لەسەر کەسی بەرانبەری دادەنا و زۆر وشیارانە هەموو لایەکی لەسەر شێوەی بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی سەرسامکردبوو و کەس نەبوو بەسەرنجەوە هەڵوێستەکانی لەسەر وەزحی گشتی ئێران و دونیا لێك نەداتەوە و نەیکات بە بنمای فیکری خۆی.

زۆر مرۆڤی سیاسی و تێکۆشەری نێونەتەوەی لە ڕێگای ئاشنایەتیان لەگەڵ دکتۆر قاسملوودا پشتیوانی و لایەنگری پرسی کوردبوون و لەو ڕێگایەشدا زۆر لێبراو بوون وەک نموونە ئاماژە بە سەرۆک کۆماری فەڕانسە" فڕانسیومیران و هاوسەرکەی و بێرنادکۆشەنەر "شالیاری دەرەوەی پێشوی ئەو وڵاتە بدەین.

دکتۆر قاسملوو وەک سیاسیەکی بەهێزی کورد،زۆر بە ئاسانی لە کاتی دانیشتن و کۆبوونەوەدا شوێنی لەسەر کەسی بەرانبەری دادەناو سەرنج و تێڕاونینە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر مەسەلە گرینگ و کێشە نێونەتەوەیەکان بە هێند وەردەگیرا و زۆر بەسەرنجەوە گوێڕایەڵێ باس و هەڵسەنگاندنە سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دەبوون سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی جیهانی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هەر ئەویش بوو زۆر بەکراوەیی خەباتی سیاسی گەلی کوردی بە پێشکەوتنی زانستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دونیا لێکگرێداو گەشەکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دونیا بە هێند وەردەگرت و وانەبووە، پڕۆسەکی گەورە و مێژووی کە لە

ئاستی گێتیدا ڕووبدا و کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵک هەبێت، بەرچاونەگرێت و خۆی و خەباتەکەی لە جووڵەی نوێی سەردەم دابڕێت و لایەنی پەراوێزخستن هەڵبژێرێت.

ئەو بە پێچەوانەوە بەرەوگۆڕنکاری بنەڕەتی ڕێبەری بزووتنەوەی دەکرد و لایەنگری پەرەئەستاندی تیئۆری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لە کوردستان دەکرد و بنەما فیکریەکانی لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراندبوون.

دکتۆر قاسملوو وەك مرۆڤێکی بیرمەند و سیاسیەکی تێکۆشەری کورد هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی کورد و هەنگاوە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی تەرخانکرد.

ڕاستە ڕۆشنبیران و سیاسیەکان کە بەشداری شۆڕشیانکردبوو هاوسەردەمی دکتۆر قاسملوو بوون لە قۆناخەکانی سیاسی و خەباتدا، "بەلام هەرگیز لە بارەیی ئە قلّ و فیکرییەوە وەك ئەو نەبوون و جیاوازی زەمەنی زۆر لە نێوانیادا هەبووە و مەودای بیرکردنەوەیان کرچوکاڵی پێوەدیاربوو و هەتا حیزبەکانیش لەو ئاستەدا نەبوون کە لە مەیدانی کورد دایەتی و ڕۆشنبیریدا لە گەڵیدا هاوسەنگبن".

ئەو دژی شەخس پەرستی و هەلپەرستیبوو، پێی خۆش نەبوو لە جیاتی حیزب ناوێ ئەو لە شیعارەکاندا ڕەنگبداتەوە و هەتا خۆیشی لە ژیاندا بوو ڕێگای بە هیچ ئۆرگان و کەسێک نەدرا وێنەی لە شوێنی کارەکەیدا هەڵباوەسێ.

دکتۆر قاسملوو کولتوورێکی جوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پاشخۆی بەجێهێشت و ئێستایش ئەندامانی حیزب پابەندی ئەو پرینسیپە سیاسی و ئەخلاقیەن کە سکرتێری گشتی بناخەی بۆ داناوە و لە جیاتی فەردپەرستی، پەرەی بە نیشتیمانپەروەری لە نێو ڕیزەکانی حیزبداوە.

ئەورۆپیەکان قسەیەکی جوانیان هەیە کە دەڵێت: "پیاو ئەگەر خۆی گەورە بێ و کەسایەتی بەهێزی سیاسی و نەتەوەی هەبێت، هەرگیز پێویستی بە کەسایەتی کارتۆنی نابێ کە خەڵکی وڵاتەکەی بۆی دروست بکات".

وەختێک سەیری ڕووداوە مێژوویەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێت دەبینی ڕێژەی جیابوونەوە و ئینشعاب گەیشتۆتە ٦ جۆری لێک ترازان و دوورکەوتنەوە لە ڕیزی تەشکیلاتی حیزب. کاتێک پیاو سەرنجی دەخاتە سەر هۆکاری جیابوونەوە لە حیزبی دێمۆکراتدا، بێگوومان کۆمەڵێک فاکت بەروونی بوونیان خۆیان دەردەخن، کە بۆچی ئەو ئیشعابانە لە قۆناخە جیاجیاکانی شۆڕش لە نێو حیزبدا بەخێرای ڕوویانداوە. دیارە ئەو باسە لێرەدا ناکرێتەوەو تەنیا هێندێک نموونە شیدەکەینەوە.

هیچکام لە دابڕانەکان لەسەر پرسە سیاسی و نەتەوەیەکان ڕوویاننەداوە و بە پێچەوانەی ئەو پروپاگەندانەی لەوبوارەدا بڵاو دەکرێنەوە و ئیدیعای ئەوە دەکرێت کە شیعاری ستراتیژی حیزب بەرەو کاڵبوونە چووە و هیوایەکیان بە پێکەوە سازان و کاری بەکۆمەڵ نیەلە نێو حیزبدا. دیارە ئەوە ناکرێ بەدەلیلی جیابوونەوە دابنرێ.

لە نێو حیزبدا دەستەیەکی تارادەیەک بە هیز هەبوو کە پەرەیان بەناکۆکی سیاسی و تەشکیلاتی لە گەڵ دکتۆر قاسملوو دەست پێکردبوو و، وجودی دکتۆر قاسملوویان لە نێو حیزبدا بۆ هەزمنەدەکرا و بەردەوام بەهانەیان پێدەگرت و بە دەلیلی بێبنەما و پوچ هەوڵی دوورخستنەوەیان لە حیزبەدا. دیارە ئەو کارەشیان ئەنجامدا، بەڵام لە کۆتایدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دوا هەڵبژاردنیان ئەوەبوو کە حیزبی دێمۆکرات بێ وجودی دکتۆر قاسملوو هیچ مانایەکی نابێت و گەش ناکات و نابێت بەو هیزە سیاسیە کە نفوزی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پەلبهاوێژێ.

قاسملوو بەخێرای توانی جێگای پێی بەتەواوی لە نێو حیزبدا قایمبکا و ئەو دەستەیەش کە بۆ دوودەیە دژیایەتیان لە گەڵ کرد، لە کۆتایدا هەرەسیان هێناو هێزی ئەوەیان نەبوو دکتۆر قاسملوو بێزاز بکەن بۆ ئەوەی پشت لە جووڵانەوەی کورد بکا.

دکتۆر قاسملوو هەرگیز بەو جیابوونەوانە دلْخۆشنەبووە و، ئەو لێکترازانانەی بە گەورەترین زیان بۆ سەر جووڵانەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژماردو و بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعا بێ بنەمایانەی کە لەو بارەوە تۆمارکراون.



**محەممەد سلێمانی**

**وتاری٢٢**

## لە هەشتاکاندا بیرۆکەی کۆنگرەیی نەتەوەی هاتەئاراوە!

لە کوردستاندا زۆر جار باسی ئەوە دێتەگۆڕی کە گوایە دکتۆر قاسملوو پەیڕەوی لە شێوە دێمۆکڕاسیەکی کلاسیک کردوە بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی حیزبی دێموکڕات و ئەو دێمۆکڕاسیەی کە بناخەکانی ژیانی ڕێکخراوەی لەسەر بیناکراوە، دیمۆکڕاسیەکی بەتەواوی سواو و ناجێگرە و زۆرتر مافی لایەنی زۆرینە تێدا ڕەچاو دەکرێ و کەمینە دەکا بە کۆیلەی سیاسی و تەشکیلاتی.

دەستەیەکی ترش هەبوون لە نێو حیزبدا بەدرێژای مێژووی سیاسی و تەشکیلاتیان، نەیانتوانیوە جێگای خۆیان لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا بپارێزن و بەردەوام سەرمەستی کورسی و دەسەڵاتخوازی خۆیانبوون و لێرولەوێ بەناڕونی هێرشیان دەکردە سەر ئیدەو فیکرەکانی دکتۆر قاسملوو و دێمۆکراسی نێوخۆی حیزب.

کاتێک چۆنەتە کۆنگرەکانی حیزب و پاش کۆتای و ڕاگەیاندرانی ئەنجامە ڕەسمیەکان، کۆمەڵێک پەیدابوونە و بە هێندێک دەلیلی روکەش ناڕەزایەتیخۆیان لە دەرەنجامی کۆنگرەکان دەربڕیوە و ڕەخنەیان لە سەر شێوەی پەیڕەوەیکردن لە دێمۆکراسی نێو حیزب گرتووە و ئەو کاتەی کە ئەندامانی حیزب متمانەیان وەك پێویست پێنەداونەوە بۆ ئاستی ڕێبەری کە زۆرایەتی کۆمیتەی مەرکەزی بگۆڕن هەڵوێستی دابڕانیان گرتۆتەبەر و جیابوونەتەوە.

بەدوای کۆتای کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ئۆپۆسیۆن لە کۆمیتەی ناوەندی دا بۆ یەکەمجار لە ژیانی سیاسی حیزبدا هاتەکایەوە و بە شکڵێکی ئەرێنی بوونی خۆی سەلماند . بەڵام نەیتوانی ڕۆڵی خۆی وەک کەمینە بگێڕی و پاش ئەوەی ٢ ساڵ وەک کەمینەی ڕێبەری کاریانکرد، لە بڕیارێکدا جیابوونەوەیخۆیان لە حدکا ڕاگەیاند و لە ژێرناوی حدک دەست بەکاربوون و بەوشێوەیە حیزبیان بەرەو جیابوونە برد. ئەوبڕیارەشیان لە کاتێکدا ڕاگەیاند کە بەئاشکرا خۆیان ئەوەیان دووپادەکردەوە "کە ئۆپۆسیۆن هیچ ئومێدی بە گۆڕینی زۆرایەتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نیە و ناکرێ بەو شێوەیە کاربکرێ".

لە نێو ئەو کەسانەدا کەسانێک هەبوون و هەن بە ئاشکرا هێرشیان دەکەردە سەر چەمکە فیکریەکانی دکتۆر قاسملوو ، بەڵام زۆری نە کێشا ئەو توندئاژۆیانە بۆ جارێکی تر خۆیان خزاندەوە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕات و وەك ئەوەی نە بای هاتبێ و نەباران. زۆر لە دڵسۆزان و ڕۆشنبیرانی نێو ڕیزەکانی تەشکیلاتی لەسەر ئەو بڕوایەبوون کە ڕێبەری دەبوو پرسیاری ئەو تۆمەتانە ئاڕاستەی ئەو چەند کەسە بکات کە لە کاتی دابڕاندا بەناڕەوا و بێ بنەما بارانەی ڕەخنە و ڕەدکردنەوەی بیرو باوەڕی ڕێبەری گەورەی نیشتیمانی دکتۆر قاسملوویان لە ڕاگەیاندنەکاندا دەست پێکرد. کاتێک مرۆڤ بە ویژدانەوە سەیری دۆستانی جیابۆوە لە حیزب لە رووی پێک هاتەوە بکات، ئەو وەختی ڕەنگە جەوهەری مەسەلەکەی باشتر بۆ دەربکەوێت. ئەو دەستەیە بەسەر سێ فیکری بەتەواوی ناتەباو دژبەیەکدا، لێک کۆبوونەتەوە و ئەو خاڵەی کە ئەوانی لێک نزیک کردۆتەوە دژایەتی حیزب و لەسەرەوەی هەموویان ڕێبەری سیاسی و نەتەوەی کورد دکتۆر قاسملووی نەمرە.

دکتۆر قاسملوو یەکێک لەو سەرکردە سیاسیانەی کوردبوو کە زۆرباش لە ئەهمییەتی یەکیەتی سیاسی کوردان تێگەیشتبوو و، گرینگی هاوخەباتی و یەکڕیزی گەلی کوردی بەزامنی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسی لە کوردستان دادەنا.

لە هەشتاکاندا بیرۆکەی کۆنگرەیی نەتەوەی کە لە دەرەوەیی بازنەی بڕیاری سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکوردیەکانی بە مووناسب دەزانی و دڵی زۆر بەو کۆدەنگیە نەتەوەیەخۆشبوو کە کورد لەوڕێگایەوە لەدەوری یەك کۆببنەوە و هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسیەکانییان لە پەیوەندی لە گەڵ پرسی کورد دا یەکبخەن.

بەهۆی نالەباری پەیوەندییە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی کوردستان ،ئەو بابەتە بە هێندوەرنەگیراو هەر لە شوێنی خۆی وەك خەونێکی سیاسی کە یەکیەتی سیاسی کوردی دەستەبەردەکرد مایەوە.

ئێستایش بەداخەوە ئەو مەسەلەیە هەر وەک خۆی ماوەتەوە و لەبەر ململانێی سیاسی و پاوانخوازی چەند لایەنێکی کوردی نەتوانراوە کۆنگرەی نەتەوەی کە بیروڕای هەموو بەشەکانی کوردستانی تێدا ڕەنگبداتەوە پێک بێ و دەست بەکاری خۆی بکا.

هەر چەندە لەو ساڵانەی دوایدا زنجیرەیەک دانیشتن و کۆبوونەوە دروست بوون، بەڵام ئەو ئاکامەی لێنەکەوتەوە کە دکتۆر قاسملوو و خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی دەکرد.

سێ دەیە بەر لەئەمڕۆ دکتۆر قاسملوو وەک بە هێزترین کەسایەتی سیاسی و دیپلۆماسی کورد لە ئاستی سیاسی نێوخۆی کوردستان و دەرەوەدا، زۆر هەوڵیدا بۆ ئەوەی دڵسۆزانی بێلایەنی کورد ئەو کۆنگرەیە پێک بێن و حیزبەکان لە پشتی پەردەوە هاوکاری و پشتیووانی ماددی و مەعنەوەی لێبکەن.

بەڵام ئەوکاتیش هێندێک هێزی سیاسی کوردستان پەیدابوون و، نەیاندەتوانی ناوەندێکی گەورەی ئەتۆ قبووڵبکەن کە لە دەرەوەی سنووری بڕیاری سیاسی ئەواندابێ و بڕیاری ئەوانی بەسەردا دیکتە نەکرێت.

دکتۆر قاسملوو ئەو ڕێبەرە گرینگەی کوردە، کە توانی لە ئێراندا ستەمکاری ئاخۆندەکان لە ڕەگ و ڕیشەوە لەق بکات و ئاسۆی بیرو باوەڕێکی نوێ لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا بکاتەوە و گەلانی وڵات هانبدات بە شێوەیەکی سەردەمیانە بەرەو ژیانێکی تازە هەنگاو هەڵبگرن و لە پێناو ئامانجی سیاسیدا ڕیزەکانیان ڕێکبخەن و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی پەرەپێبدەن.

کاربەدەستانی تاران کە شۆڕشی بەهێزی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزب بەتەواوی سەرگەردان و سەخڵەتیکردبوون و نیگەرانی فیکر و باوەڕە سیاسی و دادپەروەریەکانی دکتۆر قاسملوو بوون، کە دەسەڵاتی سیاسیان بخاتەمەترسیەوە بە هۆی ئەو جووڵانەوەیەی کە لە کوردستان بڵێسەی ئەستاندبوو، بیریان لە تیرۆرکردنی کردەوە و بەداخەوە لە پیلانەکەیاندا سەرکەوتن.

بەڵام نەیانتوانی شۆڕشی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئامانجە سیاسیەکانیدا لە نێوبەرن، ئەگەر شۆڕش لە کوردستان بەرەو لاوازیزیش چووبێ، بەڵام کۆتای نەهاتووە و خەباتی گەلی کورد تاوەدی هاتنی هەموو ئامانجە سیاسی و نیشتیمانیەکانی درێژەیدەبێ.



**محەممەد سلێمانی**

**وتاری٢٣**

## د.قاسملوو بەگرینگرین پیاوی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێران ناویکردوە.

گەلی کورد و گەلانی بندەستی تری ئێران دکتۆر قاسملوو بە گرینگترین پیاوی مێژووی هاوچەرخی سیاسی وڵات دادەنێن و ئێستا لە هەر کاتێک زیاتر نەتەوەکانی ئێران لە فیکرو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تێگەیشتوون و لە دەستدانی بە خەسارێکی گەورە بۆ سەر ئازادی و شۆڕشی دێمۆکڕاسیخوازی لە ئێران لەقەڵەمدەدەن.

ئەخلاقی سیاسی و شۆڕشگێڕی بە دیارترین لە کردارە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی دکتۆر قاسملوو دادەنرێ لە نێو حیزبدا و هەروەها لە ماوەی ژیانیدا زۆر بەجیدی لەسەر ئەو مەسەلەی پێداگری دەکرد کە ئەخلاقی شۆڕشگێڕی ئاوێتەی کارو هەڵسوڕانی تێکۆشەرانی حیزب بکرێ.

وەختێک حیزبی دێمۆکرات کارەکەی لە نێوخەلکی کوردستاندایە و بەردەوام لە کوردستان خەریکی چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامین، ئەندامانی حیزب دەبێت نموونەی مرۆڤی داوێنپاک و ڕەوشت بەرزبن و لە نەریتە سواوە کۆمەڵایەتیەکان خۆیان بەدووربگرن و لەکاتی تەنگانەدا بڕیاری دروستی سیاسی و تەشکیلاتی بدەن و هەرگیز لەدەربڕینی بیروڕایخۆیان نیگەران نەبن و بەسەربەرزی ڕەخنە بگرن و پێشنیار بە حیزبە تێکۆشەرەکەیان بۆ درێژەدانی خەبات بدەن. کۆمەلانی هەراوی خەڵکی کوردستان حیزبی دێمۆکرات بە حیزبە تاقانە و بێ ڕەکەبەری خۆیان ناودێرکردوە و بەو شێوەیە مێژوو ڕەساڵەتێکی نوێی سیاسی خستۆتەوە سەر شانی تێکۆشەران و ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی دکتۆر قاسملووی نەمر.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە مەبەستمان حیزبی یەکگرتوویە، ئێستایش ئەو هێزە گەورە و بەنفوزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە پانتایەکی گەورەی سیاسی بۆ خۆی گرتووە و چارەسەرکردنی مەسەلەی سیاسی کورد بەستراوەتەوە بە ڕۆڵی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران) دا.

کاتێک قاسملوو لە مەیدان دا نامێنێت، وەك پێویست لە نێو کۆنگرەی نەتەوەی دا هێز و نفوزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە گوێرەی ڕابردووی سیاسی و مێژووی چاوڕوان ناکرێ لە بەرچاو بگیرێ و پۆستی شیاوی خۆی وەربگرێ. دیارە ئەو مەسەلەیە زۆرتر لایەنی کاتی دەبێ و بیگوومان ئەو بابەتە لە گەورەی حیزب کەمناکاتەوە و ئەگەر ئاڵۆگۆڕێک بەسەر ئێراندا بێت، حیزبی دێمۆکرات ئەو جەریانە بەرچاوە دەبێ کە هەموو پرسە گرینگ و هەستیارەکان لەسەر

دەستی ئەو چارەسەردەکرێن و ئەو کات قۆناخێکی تازە لە پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لە پەیوەندی لە گەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا دەست پێدەکاتەوە.
کاتێک بزووتنەوەیی گەلی کورد کەوتبوو ژێر تەپ و تۆزی بیری چەپ گەرایی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، ئەو مەسەلەیە خەڵکی بەجارێک نائومێدو هەراسانکردبوو، بەلام تێکۆشانی لیبراوانەیی حیزبی دێمۆکرات بەڕێبەری دکتۆر قاسملوو ، توانی شوێنی دیارو بەرچاویان لە سەر گۆڕینی میتۆدی بیرکردنەوەیی چین و توێژەکانی خەڵک هەبێت و تارمەیی نائومێدیان لە سەر بڕەوێنەوە و کارەساتی سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هۆکارەکانی بەگوێرەیی ئیمکان روونبکەنەوە و بۆ جارێکی تر تۆی هیوا و ئومێد بە نێو خەڵکی کوردستاندا بلاو بکەنەوە .
دکتۆر قاسملوو وەک سیاسیەکی گرینگی ولات خەباتی خەڵکی کوردستانی بەبەشەکانی تری ئێران گڕیدا و هەلومەرجی هاوخەباتی سیاسی لە نێوان گەلانی بندەستی ئێران پێک هێنا.
دیارە ئەو بابەتەش بۆ بیرکردنەوەی درێژخایەنی سیاسی دکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد بەتەنیا و بەبێ پشتیوانی گەلانی تری ئێران ناتوانیت نەخشەی سیاسی و ئیداری ولات لە بەرژەوەندی کورددا بگۆڕێ، لەبەر ئەوەی" ئێران ولاتێکی فرە نەتەوەیە" و لە ژیانی سیاسی و پارلمانیدا کورد نیازی بە کۆدەنگی و پشتیووانی لایەنەکانی تری نێو پرۆسەی سیاسی ئێران دەبێ.
دکتۆر قاسملوو لە زۆربواری گرینگی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا خەڵکی کوردستانی بەو تەرکیبە کۆمەلایەتیەیی کە تێیدا دەژیا وشیارکردەوە و توانی لە دووریانی سیاسی دوریان بخاتەوە و بەرەو ئامانجیە شۆڕشگێڕیەکانیان ڕێنیشاندەری و بەرچاورونی بخاتە بەر چاوی هەموو لایەک.
دکتۆر قاسملوو بەو شارەزای لەسەر ژیانی کەلانی پێشکەوتوو بەدەستی هێنابوو بەو ئەنجامەی گەیشتبوو کە لە ڕێگای بە پیادەکردنی ڕیفۆرم لە ڕۆژهەلاتی ولات، دەتوانێت یەکسانی و هاوسەنگی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا ڕێکبخا و کە تێدا شوێنەوارێک لە ناعەدالەتی کۆمەلایەتی نەمێنێ.
دکتۆر قاسملوو بەگرینگیەوە ببەمەبەستی بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی ژیان و گۆزەرانی خەڵکی کوردستان لە داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، بەرنامەی درێژاخایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی داناوە و تێیدا ژیانێکی شیاو سەردەمیانە بۆ کۆمەلانی خەڵک دابین بکرێت و ماف و ئازادیە دێمۆکراتیکەکانی هەموو چین و توویژێکی کۆمەلایەتی لەبەرچاو بگیری بە بێ جیاوازی ئاینی و یتنیکی لە کوردستاندا.
سیاسەتی شەڕانگیزی ئاخونەکانی ئێران ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی ولاتی بەتەواوی بەرەوداڕمان برد و تەنانەت ئەو کات بەرنامەی بەناو ڕیفۆرم و چەکسازیش نەیتوانی دەوری لە ئاوەدانکردنەوە و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری ئێراندا بگێڕێ و ئیمکانی حکوومەتیش بەوجۆرە نەبوو کە چارەسەری گیروگرفتی ژیان و گوزەرانی گەلانی ولاتی پێبکرێت.

ڕێـژەی بێکـاری و بـێ ئیمکانـاتی ژیـان، خەڵکـی هەمـوو بەشـەکانی ئێرانـی بێزارکردبـوو. ئاسەوارەکانی ٨ ساڵەی شەر، ماڵوێرانەیەکی گەورەی لە پاش خۆی بەجێ هێشتبوو و سەرەڕای لە نێوچوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی وڵات و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ژیانی لە خەڵک تاڵکردبوو.

پاش کۆتای هاتنی شەری نێوان دوو وڵاتی دراوسێ، قۆناخێکی تازە لەسیاسەتی حکوومەتی ناوەندی ئێران نەخشەی بۆ کێشرا، ئەوەیش پلانی تیرۆری سیاسی و ڕەشەکۆژی بەدوای مردنی خومێینی بە شێوەی بەرفراوان دەستیپێکرا و دەزگای موخابەراتی ڕێژیمی نیزامی ئێران لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات دەستیکرد بە جێبەجێکردنی زنجیرەیەک پیلانی تیرۆری سیاسی بەدژی موخالیفانی.

ئەوەی بەلای چاوەدێرانی سیاسیەوە جێگای سەرنجە و فیکری ئەوانی بەخۆیەوە خریککردوە مەسەلەی لە نێوبردنی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەلات بە پیلانی جۆربەجۆرەوەیە. هەروەک تائێرە بەدواداچوون لەسەر پرسەمێژوویەکان ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات، کە لە قۆناخە جۆر بەجۆرەکانی خەباتدا ڕێبەری شۆڕشیانکردوە، هیچ کامیان بەمردنی سروشتی خۆیان ئەو دونیایان بەجێنە هێشتووە، بەڵکوو بەردەوام بە پیلانی دوژمن لە نێوبراون و تێرۆرکرواون، نموونەیش سمکۆی شکاك، پێشەواقازی، دکتۆر قاسملوو و شەرەفکەندی دەبینرێن لە مێژوودا.

پاش تیرۆری سکرتێری گشتی حیزب دەرکەوت، ئەوجارەیان مێژووی سیاسی بەسەر کورددا دووبارەنابێتەوە و قوتابیانی ڕێگاو ڕێبازی دکتۆر قاسملوو ڕێگانادەن ئالای شەکاوەی شۆڕش بکەوێتە سەرزەوی و نەیارانی کورد بەئاواتیان بگەن و جووڵانەوەی کورد بۆ هەمیشە دابمرکێنەوە.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری ٢٤</u>**

## تێڕوانینی حیزب لە کۆنگرەی ٨ بەولاوە گۆڕانی بەخۆیەوە بینی.

ئەو مرۆڤانەی بەدرێژای ژیانی سیاسی ڕێژیمی ئاخوندی لە نێوبراوەن، لە ڕێگا و کانالی جۆربەجۆرەوە، هەموویان ئازادیخوازانی ولاتبوونە و ئەو کەسانەبوون کە دوای مافی سیاسی و نیشتیمانی خۆیان لە چوارچێوەی ئێراندا بەرزکردۆتەوە.

کاربەدەستانی تاران لە جیاتی ئەوەی لەخەمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی گەلانی ولاتدابن و هەولبدەن بەرنامەی ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەلایەتی ئەنجامبدەن و بەرنامەی پەرەپێدان و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی ولات دابرێژن و، تارمای ئاسەوارەخراپەکانی شەر بەسەر ئاسمانی ولاتدا ڕامالن، دەستیان بەتیرۆرکردن و ئیعدامی بەکۆمەلی لاوانی گەلانی بندەستی ئێران کرد و بەوشێوەیە پەردەیان لەسەر سیاسەتی کۆمەلکوژیخۆیان لادا.

ئەو سیاسەتەی ڕێژیم هیچی لە پیلانی جینۆساید و لە نێوبردنی قەومی نەتەوەی نیە و بگرە زۆر لەوەیش خراپترە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کاتێک کە شەری ٨ سالەی ئێران و ئێراق کۆتای پێهات ، وەك هێزێکی دیمۆکرات و پێشکەوتنخواز ئەوەندە دیارو بەرچاوبوو کە زۆر لە ولاتانی بەهێز و بەنفوزی دونیا، لە نێویاندا ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەولیاندەدا لە ئاستی بەرزدا بناخەی دۆستایەتی سیاسی و دیپلۆماسی لەگەل حیزب لە ڕێگای کەسایەتی و سیاسەتمەداری ناوداری کورد، دکتۆر قاسملوو لە گەل خەباتی ئازادیخوازانەی کورد دەمەزرێنن.

دیارە هەرلەو پەیوەندیەشدا و بەرلە تیرۆرکردنی سکرتێری گشتی حدکا دکتۆر قاسملوو، جارێک بەهۆی دۆستێکی نیزیکی خۆیەوە لە پاریس توانیبووی سەبارەت بەدۆستایەتی دوولایەنە لەگەل نێردراوی ئەمریکایەکان چاویان پێکدەکەوێت و ئەو زمینەیە دەرەخسیت کە دکتۆر قاسملوو سەردانی ئەمریکا بکات.

بارودۆخی سیاسی کوردستان ئەو کات بە جۆرێکبوو کە پەیوەندی دیپلۆماسی لە گەل ڕۆژئاوادا شتێکی چاوەڕانکراوبوو و زۆر کەس پێشبینی ئەوەنەبوون ڕێبەرانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا مەیلی ئەوەیان هەبێ دۆستایەتی ڕۆژئاوا بکەن.

دکتــۆر قاســملوو بەوە ناســرابوو کە بەردەوام لە ڕێگــای داهێنــانی چەمــکە فیکریەکــانیەوە بــزووتنەوەی نیشــتیمانی بەرەوگەشــەکردنی ڕێــبەری دەکــرد و زۆر جــار لە ڕێگــای ریســکە سیاســیەکانیەوە کە دەیکــردن بە خێــرێ بەســەر حیــزب و شۆڕشــدا دەشــکایەوە و قاســملوو لە کۆنگرەی ٨ی دا پـاش هەڵسـەنگاندنی وردی بـارودۆخی سیاسـی بەئاکـامەی گەیشـت کە حیزبـی دیمۆکرات دەبێ خوێندنەوە و پێداچوونەوەی تازەی سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی نێونەتەوەی هەبێ و هەنگاوە سیاسی و دیپلۆماسیەکان لەسەر ئەو جیهان بینیە نوێە دابڕێــژرین و بەخێرای سنوورەکانی لە پێناو دەسکەوتی گەورەی سیاسی و نەتەوەییدا ببڕی. کاتێک مرۆڤ خوێندنەوەی سیاسەتی حیزبە و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دەکات سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان، بەو جۆرە نە تیجە وەردەگرین کە لە یەك شتدا هاوشێوەی ڕێژیمـی ئێران شیعاری مەرگ بەر ئیپریـالیزمی جیهـانی و بەتـایبەت ئیپریـالیزمی ئەمریکـا لە ئەدەبیـاتی سیاسـی حیزبەکـانی نەیـاری ڕێژیمدا ڕەنگی دابۆوە. بەڵام ورد بینی و دیقەتی سیاسی دکتۆر قاسملوو ئەو بـابەتەی بەشێوەی دروستی خـۆی گـۆڕێ و لەو بڕوایەدابـوو کە نـاکرێ بە هەر دەلیلێـک بـی، خۆمـان بە نەیـاری ئەو بەرەیە بزانین.

دکتۆر قاسملوو پێیوابـوو گەلـی کـورد دەبێت تێڕوانینـی خـۆی سـەبارەت بە دۆسـتەکانی بگـۆڕێ و بێگوومـان سیاسـەتێک دابڕێـژێ و پەیـڕەوی لێبکـات کە وڵامـدەری قۆنـاخی سیاسـی خەبـاتی ئەو سەردەمە تازەیە بێ.

دکتـۆر قاسـملوو زۆر بەقـوڵی و مەسـەلە کـانی تـاوتوێ دەکـردن و هەرلەکاتەشـدا زۆر لێهـاتوانە پێشبینی بۆ ڕووداوەکـان دەکرد. وەختێک شـەری ئێران و ئێراق ڕاگیرا، حیزبـی دیمـۆکرات وێرای دەربڕینـی خۆشـحاڵی سـەبارەت بەکۆتـای هـاتنی شـەڕی مـاڵوێرانکەری ئەو دوو وڵاتە کە لەمـاوەی ئەو شەرەدا هەردووولا زیانی گەورەی سیاسی و گیانی وئابووریان بەرکەوتبوو.

لە هێنـدێک بـارەوە وەزعـی ڕێژیمـی ئێـراق کەمێـک باشـتربوو و زۆر وڵاتـی گەورەو خـاوەن هێـزی سیاسی و ئابووری لە ئاستی نێونەتەوەیدا بەدرێژای ئەو شـەڕە پشتیوانیان لە حکوومەتـی سـەدام حوسێن دەکرد و لە ڕاستـی دا هەمـوو ڕۆژئـاوا بەشداری شـەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئیران و ئێـراق لە ڕێگای نادیارەوە بـوون و ئیمکانـاتی باشیان دەدایە حکوومەتی ئێراق، بەئامـانجی سـەرکەوتنی ئێراق بەسەر ڕێژیمی خومێینی دا.

ئەو کــات دکتــۆر قاســملوو بە ورد بینــی و دیــقەتەوە ئامــاژەی بە مەســـەلەیەکی گرینــگ و هەستیاردابوو کە تێیدا هـاتووە بە کۆتـای هـاتنی شـەڕ لە نێوان دوو وڵاتـی دراوسێی کوردستاندا "وەک ئێران و ئێراق ئاشتی و هێمنی بە بێ ڕەچاوکردن و چارەسـەرکردنی کێشـەی سیاسـی کـورد، ئـارامی یەکجـاری لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاستدا سـەقامگیر و جێگیـر نـابێ، بەڵکـوو کاتێـک ئاشتـی بـاڵ بەسـەر نـاوچەکەدا دەکێشێت کە پرسـی سیاسـی کـورد وەک گەلێکـی ٤٠ میلیـونی بە ڕێگای ئاشتیدا لە چوار چێوەی ئەو ولاتانەی کوردیان بەسەرخۆیان دابەشکردوە چارەسـەربکرێ ".

ئەو لێکـدانەوەیەی کە زیـاتر لە دوودەیە بەسـەریدا تێپەڕدەبێت، هێشـتا بە هەلسـەنگاندنێکی دروسـت کە لە گەڵ هەلـومەرجی ئێسـتایش دەگـونجێ لێـک دەدرێـتەوە و هەڵوێسـتیکی دیـارو بەجێبووە لە باری سیاسی و دیپلۆماسیەوە.

ڕێبەرایەتی حدکا ئەو کات لەڕاستی دا خوێندنەوەیەکی ورد و ژیرانەی کردبوو. لێکدانەوەکەیش ڕۆڵی گەورە پیاوی مێژووی شۆڕشی نوێی خەڵکی کوردستانی" دکتۆر قاسملووی "پێوەدیاربوو و هەتا بۆیەکەمجار لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیدا، مەسەلەی ڕاپرسیکردن لە نیو تەشکیلاتی حیزب و ڕێکخراوەمەدنیەکان و دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نیشتیمانی هاتەگۆڕ و ئەو ڕاپرسیە لە نێوحیزبدا بەکردەوە لە بناری قەندیل و ناوچەسنووریەکانی تر دا بەرێوەچوو کە پەیوەندی بە ڕێککەوتنی ئاگربەسی ئاشتی ئێراق و ئێران هەبوو و لەوکاتەدا هەموو لایەک دەبوو بەوردی بیروراێخۆیان بخنە روو کە حیزب دەبێ چیبکات، ئەگەر ئەو دوو وڵاتە لەسەر هەموو مەسەلە ناکۆکەکان ڕێککەوتن. لە ئاکامی ئەو ڕاپرسیەدا ئەو دەرکەوت کە ئەندامانی حیزب لەسەر ئەوەی یەکدەنگبوون، کە دەبێ خەبات ئیدامەی پێبدرێ.

کۆتای هاتنی شەر لە نێوان دوو وڵاتی ئێراق و ئێران کە بەشێکی گرینگ و ستڕاتیژی خاکی کوردستانیان داگیرکردوە ، تاڕەدەیەك نائومیدی بەدوای خۆیدا هێنا و زۆر لایەن و سیاسی کورد بە نیگەرانیەوە دەیانڕوانیە ڕەوتی ڕووداوە سیاسیەکان.

ئەو وەختە دکتۆر قاسملوو سکرتیری گستی حیزب زۆر بەرچاوروونانە تیشکی خستبۆوە سەر روداوەکان و پاش لێکدانەوە و تاوتوێی ئەو مەسەلەیە بەڕاشکاوی گووتی: ئەو جار شۆڕشی گەلی کورد بە ڕێککەوتنی ئەو وڵاتانەیش، جووڵانەوەی کورد هەرگیز توشی هەرەس هێنان و بڵاوە لێکردن نابێت و لە پێشوو بەهێزتر، بۆ گەئیشتن بەمافەڕەواکانی خەباتی سیاسی خۆی لە هەموو بەشەکانی کوردستان درێژەپێدەدات. دکتۆر قاسملوو ئەو مرۆڤە تێکۆشەری کوردە، کە ئێستا وانە و ڕێنوێنیە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی وەک ئەزموونێکی سیاسی و نیشتیمانی کاری پێدەکرێت و ئەو وشیاریە لە کوردستان دروستبووە کە حیزبەکان خۆیان لە گەڵ هەلومەرجەکاند بگوونجێن.

ئە مرۆ دە بینین کە بە شێکی بە ر چاو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یە کانی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان تێدە کۆشن ریفۆرمی گشتی چ لە پێك هاتەی ڕێبە ری، یان بە رنا مە و دا هاتووی سیاسیاندا، بکە نە میکانیزمی کار و تێکۆشانی ڕۆژانە یان. بۆئەوەی لە کاروانی گە شە کردن و بە رە و پێشچوون پاش نە کە ون و شان بە شانی رە وتی رودا و ئاڵو گۆڕە خێرا یا نە ی کە بە سە ر جیهانی ئە مرۆ دێن بە جێ نە مێنن و فاکترێکی بە هێزبن لە سە ر خستنی پرۆسە ی نە تە وە یدا و ئاسۆی بیرکردنەوەی نوێ بەروویاندا بکەنەوە و بەشێوەیەکی تازە خۆیان ئاویزانی کایەی سیاسی ئێران و کوردستان بکەن.

بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش پێش سێ دەیە لە مەوەبەر خوێندنەوە و تێڕوانینیان لە سەر کێشەی سیاسی و نەتەوایەتی کورد بە جۆرێکی تر و بە پێچەوانەی ئەو گۆتار و هەڵوێستانەی ئەمڕۆیان بوو و زۆرجاران بەئاشکرا و، لەو پەیوەندییدا گلەی و ڕەخنەیان ئاڕاستەی حیزب دەکرد و دروشمی ستراتیژی ئەو حیزبەیان قبوڵنەبوو.

لەبەرئەوەی نەبووە کە ئەوان داوای شتی زیاتر و بەرچاوتر بکەن بۆ گەلی کورد، بەڵکوو ئامانجی سیاسی و نەتەوەی لە هەر شکڵ و فۆڕمێکدابا، ڕەدیاندەکردەوە و لایەنگرییان لێنەدەکرد و بەشتی پوچ و پاشکەوتوویان سەیردەکرد. بەداخەوە چەپەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا هەڵگری ئەو بیرو بۆچوونە سیاسیەبوون لە ئێراندا و لەو ڕێگایەوە زیانی زۆر گەورەیان بە زمانی

یەکگرتووی سیاسی کورد و بەرەوپێشچوونی خەباتەکەیان گەیاند. بەردەوام هێرشی ناڕەوایان دەکردە سەر دکتۆر قاسملوو و بەوەتاوانباریان دەکرد کە ڕێبەری نەتەوەی لە ڕێبازی ئەسڵی مارکس ولینینیزم لایداوەو ئێستا خەباتێکی پاشکەوتوانە لە کوردستاندا ڕێبەری دەکات. بۆیەش ئەو خەباتەیان پێ دواکەوتبوو، چوونکی داوای مافی سیاسی کوردی دەکرد و شۆڕشەکەیش لەسەر ئەو میعوەرە دەسوڕایەوە.

سەیرە ئەو کات ئەوەندە نەیاری مەسەلەی کورد بوون و، بەشەرمەوە مەسەلەی کوردیان لەگەڵ هاوتا کۆمونیستەکانیاندا دەهێناگوۆڕ، ئەوەش لەکاتێکدابوو کە خۆشیان بە کورد دەزانی و لە کوردستان بەولاوە شوێنێکتریان نەبوو لێی بحاوێنەوەو کەس دالّدەیان بدات.

بەڵام پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگار و هەرەس هێنانی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی سۆڤیەت لە ئاستی دونیادا، ئێستا بێ ئەوەی ڕەخنەیان لە ڕابردووی خۆیان گرتبێ ، لە کوردستان تێکۆشانی نەتەوەی دەکەن و هەرواش خۆیان دەناسێنن.

ئەو دەستە و گرۆپانە کە لە مێژووی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە دەلیلی تەرزی بیرکردنەوەیان هەرگیز ئەو پێگەیان بەدەست نە هێنا کە خۆیان شیعاریان لەسەردەدا و ئیدیعایان دەکرد. ئەو ڕێکخراوانە پاش بێ بازاری دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و هەرەس هێنانی وڵاتانی سۆسیالیستی بەناچاری ستراتیژی سیاسی و دونیا بینی خۆیان گۆڕی و خۆشبەختانە ئێستا ئەوانیش ئەو بیروڕا سیاسی و نەتەوەیە لە لای دروستبووە کە پێشتر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لەسەر سەرزەنشت دەکرد و داخوازە نەتەوایەتیەکانی کوردیان پێ شتی پاشکەوتوو و غەیرە مەنتقی بوون.

چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێکی ئەوتۆ هەڵوێستیان سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات دەرگرت کە لەو ڕێگایەوە دڵی هاوڕێ چەپەکان لە خۆیان و ڕێکخراوەکانیان رازی بکەن و کارێکی وانەکن دۆستایەتیان تێک بدەن.



**محەممەد سلێمانی**

**<u>وتاری٢٥</u>**

**سیمای دێموکرات و کادرێکی باشی حیزب لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی قاسملووی!**

دکتۆر قاسملوو بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیکی مۆدێرنی لە کوردستان و ئێراندا ڕێبەری دەکرد و زۆر بە شێوەیەکی ئاسای لە تەنیش هاوڕێ و تێکۆشەرانی حیزبدا لە چیاکانی کوردستان دەژیا و هەرگیز پشتی نەکردە ئامانجە نەتەوایەتیەکانی کورد.

ئەو مرۆڤێکی زۆر پشتکارو بەهەڵوێست و خاوەن لێکدانەوە و پێشبینی وردی ڕووداوە سیاسیەکانی دەکرد و لێک گرێدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی بە دونیا دەرەوە بەخەمی زۆر گەورەی خۆی دەزانی کە بەکردەوەش ئەو کارەی ئەنجامدا.

دکتۆر قاسملوو "زۆرتر کەسێکی کرداری بوو لەوەی قەولوبەڵێنی بێبنەما و بێکرداربدات لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیدا".

بۆ حیزبیش لایەنگری ئەو کەسەی دەکرد و دەچۆوە دەڵیەوە کە بەکردەوە لە مەیدانی تێکۆشاندا بوونی خۆی سەلماندبا و هەروەها لەدەربڕینی بیروڕایخۆی ترسی نەبا و زۆر قاتعانە پارێزگاری لە هەوڵوێست و تێڕوانینی خۆی بکردایە لە نێو تەشکیلاتی حدکا دا.

د ـ قاسملووی چ وە ك سکرتێری گشتی حدکا و ڕێبە رێکی ئازادیخواز و نوێخواز لە زۆر بواری جیاجیا دا دێموکراسی بۆ ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان شی کردۆتەوە و ڕیگا ڕاستەکانی نیشان دەدا و زۆر جار ئەوەی دوپات دەکردەوە کە "خراپترین دێمۆکراسیم پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە". دکتۆر قاسملوو تێدەکۆشا ئەندامانی حیزب ئەوە باشبزانن کە شۆرشی ئێمە، لە ئێستا و لە داهاتووشدا، پەیوەندیەکی لێکدا نەپچڕاوی لە گەڵ سەر هەڵدانی بزووتنە وە یە کی بە رفراوانی سیاسی و پەرە گرتنی ڕەوتی دێموکڕاسی هەیە لە ناوچە ی ڕۆژهە ڵاتی کوردستاندا.

ئەندامانی دێموکڕات دەبێ نموونەی سیمای دێموکڕاتیک و کادرێکی باشی حیزبی بن کە دوو فیکری بە هێزبوون و پایەکانی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی تاکی لە نێو حیزبدا لەسەر دامەزرابوو و و بەوشێوەیە لایەنی کرداری ئەندامانی حیزبی بەرەو چالاکی خێرا لە رەوتی خەبات دەبردەپێشەوە و بەهێزبوونی کرداری شۆڕشگێڕێ وەك بنەمای سیاسی و تەشکیلاتی سەیردەکرا.

کادر و پێشمە رگە کانی حدکا کە ڕۆڵە ی بە جە رگ و کوڕانی ڕۆژانی سە ختی خە بات و تێکۆشانی سیاسین، دە بێ لە هە ر شە را یە تێکی ناسك کە بۆ حیزبە کە یان دێتە پێش، خاوەن بڕیاری سیاسی و تە شکیلاتی خۆیانبن و بڕیارە سیاسی و تە شکیلاتی یە کانیان، بە لە بەر چاو گرتنی یە کییە تی و یە کپار چە ی ڕیزە کانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بدە ن و ئە و مە سە لە گشتی و سیاسی یانە ی کە پێوە ندییان بە خە باتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێرانە وە هە یە، فیدای هێندێك مە سە لە حە تی لاوە کی خۆیان نە کە ن و وە فادار بە ڕێبازی حیزبە کە یان حدکا بمێنەوە و ڕێبازی شەهیدان درێژەبدەن.

دکتۆر قاسملوو باوەڕی بە رێبەرایەتی دەستە جەمعی و لە ئاستی بەڕێوەبردنیشدا مودیریەتی ڕەهاهەبوو، دژی هەلپەرستی و خۆ بە زلزانین بوو لە ناو تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتدا. ئەو دەستە و کە سا نەیش کە پێش ئە وە ی بیر لە بە رژە وە ندی گە ل و دە سکە و تە کانی خە بات بۆ ئازادی بکە نە وە و، "بە دوای مە سلە حە تی شە خسی خۆیان دە کە ون،بە هۆی کۆ مە لێك پاساوی نامە سئولانە وە، مێژووی خە باتی ئێمە ئە وانە لە داوێنی خۆی دا مە حکووم دە کات و درز خستنە ناو ڕیزە کانی تە شکیلاتی حیزب لە لایە ن هە ر کە سێکە وە بێت ڕێگای پێنادرێ و سەرەڕۆی سیاسی و تەشکیلاتی لە کەس قبوڵ ناکرێ و هەموولایەک دەبێ پەیڕەوی یاساگشتیەکانی حیزب بکەن".

دکتۆر قاسملوو بۆ جارێک لە جاران، بە هێزی چەک و فشار هێنان، نەزەر و بۆچوونەکانی خۆی بە سەر ئەندامانی حیزبدا، نەسەپاند و وە ک کە سایە تییە کی دێمۆکڕات و مرۆڤ دۆست ڕێزی لە بیرو باوە ری جیا دە گرت و هە میشە لە کۆڕە و کۆبوونە وە سیاسی و تە شکیلاتی یە کانی حیزب دا، بە لا یە نگری لە دێمۆکڕاسی و قوڵتر کردنە وە ی بنە ماکانی دێمۆکڕاسی لە نێو ڕێزە کانی حیزب دا، تێدە کۆشا و دژی ناعە دالەتی و نابە رانبە ری سیاسی و تە شکیلاتی بوو.

دکتۆر قاسملوو بە هەق لە بوارەکانی سیاسی، دیپڵۆماسی و تەشکیلاتی دا مامۆستایەکی شارەزا و بێ وێنە بوو و لە هەمان کاتدا، هەر پێشنیارێکی سیاسی و تەشکیلاتی هەبوایە، پێشتر تاو و توێی هەموو لایەنە باش و خراپەکانی دەکرد کە تا چ رادەیەک لە خزمەت گەشە کردن و پێشکەوتنی کاری حیزبی دایە. ئەو جا گەڵاڵەی دەکرد و پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسی دەکردو دەخرایە دەنگدان تا بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی بەشدار پەسند بکرێ یان رەت بکرێتەوە٠ کاتێک زۆرایەتی ئەو گەڵاڵەی پەسند دەکرد، وەک بڕیارلە ئۆرگانە حیزبییەکاندا جێ بە جێ دەکرا٠ زۆر جاریش هەبووە هاوڕێیانی حیزبی بە کردەوە دژی نەزەرەکانی د٠قاسملوو راوەستاون و لە ئاکامدا بۆچوونەکانی رەت کراونەتەوە، بە بێ ئەوەی مەسەلەیەکی ئە و تۆ

ڕوبدات کـه زیـان بـه پرستیژی سیاسی حیزب بگـه یـه نـێ. ئـه و وه ك ڕێبـه رێکـی لێوه شـاوه و دیپلۆمـات کـارێکی سـه رکـه وتـوو زۆر بـه سـه رنجـه وه ئـالّو گـۆرو و ڕوداوه سیاسـی یـه کـانی لێکده‌دایه وه و کاریگـه ری هـه ر گۆڕانێکی لـه سـه ر خـه بـاتی گـه لـه کـه ی زۆر بـه ژیریـه وه، ده خوێنده وه و بـه ر نامـه ی شیاوی بۆ داده نا و هـه رگیـز حـدکا ی نـه کرده پاشکۆی روداوه سیاسی یه کان و زۆر به سه ربه رزی و شـانازیه وه ڕێبـه رایـه تـی حیزبـی دێمـۆکڕاتی کوردستـانی ئێرانـی کرد لـه هـه موو قۆناخـه سـه خت و دژواره کانی شۆڕشدا.

شه‌هیدی نه‌مرمان پێی وا بوو لـه نێو حیزب دا، که‌سێک یان که‌سانێک، په‌یڕه‌وی نێوخۆ لـه بـه‌رچاو نـاگرن و پێشـێلی بـکه‌ن، ده‌بـێ بـه جۆرێک بـه‌رخوردی ته‌شکیلاتیان پـێ بکـرێ . کـه‌س بـه هـۆی هـه‌بوونی بیروبـاوه‌ڕی جیـاواز لـه نـاو ته‌شکیلاتی حیزب دا سزای بـۆ دیـاری نـه ده‌کـرا. کاتێک لـه بـه‌رنـامه‌ی حیزبـدا ئـامـاژه بـه‌وه‌دراوه که حیزبـی دێمـۆکراتی کوردستـانی ئێـران لـه بـاری تـه‌رکیبـی کۆمـه‌لاّیـه‌تیـه‌وه لـه هـه‌مـوو چـین و تـوویژێکی کـۆمـه‌لاّیـه‌تی کوردستـان پێک هـاتووه، زۆر ئـاسـاییبوو که خـه‌لّکـی جیـاواز بـه بیروبـاوه‌ڕی جـۆر بـه‌جـۆره‌وه بێنـه نـاو ڕێـزی ته‌شکیلاتی حیـزب. ئـه‌و مـه‌سـه‌لـه‌ی هـه‌موویان لـه ده‌وری یـه‌ک کۆکردبۆوه، بیروباوه‌ڕی سیاسی و نـه‌ته‌وایـه‌تی بوو.

بـه بـاوه‌ڕی دکتـۆر قاسملووی ئـه‌نـدامانی حیزبـی دێمـوکڕات، لـه بـه‌رزترین پلـه‌ی ته‌شکیلاتـی‌یه‌وه بگره تـا نزمترین پله، خاوه‌نی که‌سایه‌تی سیاسی وحقوقی تایبـه‌ت بـه خۆیـانن و ده‌بـێ ڕێـز لـه هـه‌ر ئـه‌ندامێکی حیزبی بگیرێ و سه رنج و تێ بینی یه کانیان لـه پێوه ندی لـه گه لّ مه سه لـه سیاسی و ته شکیلاتی یه کانی حیزب دا بـه هێند وه ر بگیرێت و مافی هیچ کام لـه ئه‌ندامانی حیزب پێشێل بکرێ.

دکتۆر قاسملوو گه‌لێک په‌رتووک و نامیلکه‌ی نایاب و بـه پێزی، لـه پـاش خـۆی بـه جـێ هێشتوون که بیگوومان شوینی بـه‌رچاویان لـه‌سـه‌ر ئـاستی وشیاری سیاسـی و تـه‌شکیلاتی ئـه‌نـدامان و لایـه‌نگرانـی حیزب هـه‌یه و تێیدا، بـه وردی تیشکی خستۆتـه سـه‌ر جوولاّنـه‌وه‌ی ڕزگـاریخوازانـه‌ی گـه‌لی کوردستـان ٠

هـه‌رلـه‌وکاتـه‌یشـدا هـه‌لّسـه‌نگاندنێکی بابـه‌تیانـه‌ی ڕووداو و گـۆڕانکـاری‌یـه سیاسـی‌یه‌کانی دونیـا و ناوچـه‌ی کردووه و چـۆنیـه‌تی خـۆ گونجاندن لـه گـه‌لّ ڕه‌وتـه جیهانی‌یه‌کانی بۆ ئـه‌نـدامانی حیـزب ڕوون کردۆتـه‌وه و ئـه‌و ڕێگـای نیشـانداون که ده‌بـێ چیـبکه‌ن بـۆ ئـه‌وه‌ی لـه مـافی سیاسـی خۆیـان نزیکبکه‌ونه‌وه. زه مینه لـه باره کانی خـه باتی گـه لی کوردی لـه ئـاستی نێو نـه تـه وه یی دا بـه دروسـتی لێکـداوه‌تـه و هـه لّسـه نگانـدنی بابـه تیانـه ی لـه‌بـاره‌وه ئـه‌نجامـداوه و کارئـاسـانی خستۆتـه‌سـه‌رئـه‌و بـاس و تـه‌وه‌رانـه‌ی په‌یوه‌ندیـدار بـه جیهـانی گـۆڕانکاریـه‌کـان. راسـتـه بـه کـرده‌وه ڕێبـه‌ری کورده‌کانی کوردستـانی ڕۆژهـه‌لاّت بوو، بـه‌لاّم هـه‌میشه په‌یوه‌ندی‌یه‌کی گـه‌رم و گوڕی لـه گـه‌لّ شـۆڕشـی پارچـه‌کانی تـری کوردسـتاندا هـه‌بووه و بـه په‌رۆشـی چاره‌سـه‌ری کێشـه‌ی هـه‌ر کـام لـه پارچه‌کانی ئه‌و نیشتیمانه دا بووه ٠

له سەر مەسەلە سیاسییەکان، لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی‌یەکان دا جێگای تایبەتی هەبوو، وەک خەباتگێڕێکی ماندوو نەناسی ڕێگای ئازادی ومافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلە ژێردەستەکەی ناسرابوو٠ ئەو نەمرە وەزنەیەکی قورس بوو لە 'معادلات'ی سیاسی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکاندا٠

بە شێوەیەکی گشتی نەزەر و بۆچوونەکانی لە پەیوەندی لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی دونیا و ناوچەکە و بە تایبەتی لە سەر هەلومەرجی نێوخۆیی کوردستان و ئێران جێگای سەرنجی هەموو لایەک بوو٠ دۆستە خاریجی‌یەکان، د٠قاسملوویان بە شیاوی هەموو جۆرە پشتیوانی لێ کردنێکی سیاسی و دیپڵۆماسی دەزانی و لە هەموو ڕویەکەوە حیسابیان لە سەر کار و خەباتی بە کردەوەی ئەو نەمرە دەکرد و ببۆوە بە سە مبوولی مافخوازی و دێمۆکڕاسیخوازی نە تە وە کە ی لە ناو چە ی ڕۆژهە ڵاتی نێوەراستدا. پەیوەندی توندوتۆڵی لە گەڵ شۆڕشی گەلانی بندەستی دونیادا هەبۆوە و حیزبی دێمۆکراتی بە هاوخەباتی ئەوان زانیووە و بە ئاشکرا پشتیووانی و لایەنگری چارەسەرکردنی پرسەکەیان بە ڕێگای ئاشتیدابووە.

وەک مرۆڤێکی سیاسی و تەشکیلاتی، بە پەرۆشی جێگیر کردنی دسیپلینی ئاگاهانە و شۆڕشگێڕانە بوو لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕاتدا و، هەروەها پرنسیپ و ئوسولە تەشکیلاتی‌یەکانی کرد بە پێداویستییەکی گرینگ لە جەرەیانی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەی کاری حیزبدا٠

دکتۆر قاسملوو ئەزموونێکی زۆرباشی لە بواری سیاسی و تە شکیلاتیدا٠ بەدسەت هێنابوو و کاتێک بوو بە کەسی یەکەم لە حیزبی دێموکڕاتدا، توانی بەرنامەیەکی روونی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزب دابنێ و بەم جۆرە کۆتایی هێنا بە پەرشوبڵاوی کاروتێکۆشانی ڕێکخراوەی.

ئەو لە بارەی سەربەخۆیی بڕیاردانیشەوە، زۆر لێزانانە بنچینەکانی ئەو پەیوەندییە سیاسیەی دیاری کردبوو لە گەڵ دۆستەکانیدا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەو سەردەمە سیاسیەدا "کورد "دۆستەکانی زۆرکەمتربوون لە دوژمنەکانی " و وەک ئەمڕۆ سۆزیان بەلای پرسی کوردیدا نەبوو.

دکتۆر قاسملوو باوەڕێکی قووڵی بە یەکسانی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگا و خێزاندا هەبوو و ئەو مەسەلەیە وەك ماددەیەکی گرینگ لە بەرنامەی حیزبدا ڕەنگیدایەوە. لایەنگری شێلگیری خەباتی ژنان بوو لە پێناو دابین کردنی مافەکانیان دا٠ هەروەها لەو باوەڕە دا بوو کە ژنان دەبێ چالاکانەتر لە ساڵانی پێشوو لە نێو ڕیزی شۆڕشدا بەشداری خەبات بکەن.

ژنانی تێکۆشەری کوردستان وێڕای خەبات بە دژی ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی، تێبکۆشن لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی دا خۆیان نیشان بدەن و جووڵانەوەکەیان لە گەڵ رەوتی ڕووداوەکان بەرەو پێش بەرن و زۆر ژیرانە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا بکەن کە پەیوەندی راستە و خۆیان بە خەبات و چارەنووسی ئەوانیشدا هەیە٠

ئەو مرۆڤە بلیمەتە دڵی بەوە خۆش بوو کە لاوانی کورد، لە کوردستانی ئێران، رۆژ بە رۆژ زیاتر دێنە نێو رێزی شۆڕش و بەم جۆرە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پتەوتر و بە هێزتر دەکەن • ئەو نەزەری وا بوو کە هاتنی لاوان بەم رێژە بەرچاوە، لە هەلو مەرجی سەختی خەبات لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجە بەرز و لە مێژینەکانی گەلی کورد. وێرای بەردەوامی زەبرو زەنگی رێژیمی دیکتاتۆری ئێران بەدژ ی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، نیشانەی هەستی گەل دۆستی و نیشتیمانپەروەری لاوانی کورد دەگەیەنێت، لەم بارودۆخە دا •

د.قاسملوو نەزەری لەسەر لاوان ئەوە بوو کە، لاوان لە باری سیاسی و وشیاری نەتەوایەتیەوە لە جاران باشتر بەرچاویان روونە و پشتیووانی لە ئازادی و دابینکردنی ماسی فی گەلە دەکەن و هەروەها لاوان دەبێ وەک مەشخەڵی نوێی خەباتەکەیان سەیریان بکرێ و لە گشت بارێکەوە ئۆرگانە حیزبەکان هاوکارییان بکەین و ئیمکاناتی ئامووزشی، تەفریحی و وەرزشی شیاویان وەك پێویست بۆ دابین بکرێ. دکتۆر قاسملوو هەمیشە و لە نزێکەوە ئاگای لە کار و هەڵسووڕانی ئۆرگانی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بایخی زۆری بەلاوانی شۆڕشگێردەداو بە هیوای دوارۆژی خەباتی رولەگەشەی گەلی کوردی سەیردەکردن و نێوە بە نێوە لە گەڵیاندا کۆدەبۆوە و وێڕای دەربڕینی هەستی خۆشحاڵی لە دیتنی لاوانی دێمۆکرات، هانیدەدان زۆر زانستیانە بەشداری کاروچالاکیەکانی ڕێکخراوەکەیان بکەن و لە دوارۆژدا بەکردەوە وشیاری خۆیان بەرنەسەر و ئاوێتەی تیکۆشانی سیاسی لە نێو ڕیزی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبیدا بکەن. د.قاسملوو لەوبڕاویەدابوو لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی پەروەردە بکرێن، فێری ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە بکرێن و مێژووی جووڵانەوەی کورد و مێژووی حیزب و بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات و هەروەها گەلاڵە و پەیڕەوی نێو خۆی یەکێتی لاوان دەبێت زۆر بەباشی تێبگەن و شارەزای هەلومەرجی سیاسی و ڕێکخراوەی بکرێن. بەکورتی فێری ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەی بە شێوەیەکی زۆر سەردمیانە بکرێن و هانی ئەوەبدرێن لە ئاستی جووڵانەوەی کورد دا هەست بە ئەرکی گرینگ و بەرپرسایەتی بکەن.

محمد سلێمانی

کۆتایی

08.07.2014

سەرچاوە : پێشمەرگەکان
www.peshmergekan.com